
# وارڤین

گۆڤارێکی ژنانەیە دەزگای( وارڤین ) 15 ڕۆژ جارێک دەری دەکات ژمارە (١) یەکشەممە 19ی Jul



# پەرلەمانی داهاتوو چی بۆ ژنان دەکات

www.netewe.com



www.netewe.com

خاوەن ئیمتیاز
لەنجە عەبدوڵڵا
Lanjaebdulla@yahoo.com

سەرپەرشتیاری رۆژنامەوانی
عەبدولرەحمان عەلی
Ebdulrehmaneli@yahoo.com

سەرنووسەر
تامان شاکر
tamanrozh@Mail.com

جێگری سەرنووسەر
تەنیا کوردی
tanya_kurdy@yahoo.com

بەرێوەبەری نووسین
بەهرە حەمەرەش
behra2009@yahoo.com

راوێژکاری یاسایی
فەوزیە فەقێ رەشید

فایلەکان
کۆمەڵایەتی:تاڤگە عەلی
tavga2004@yahoo.com
یاسایی: نەجمەددین حەمەسەعید
Yasa_file@yahoo.com
کولتوور: نارین محەمەد
وەرزش: گلێنە

نوسینگەکان
کەرکووک: سەماح سەمەد
دهۆک: هەڵز عەلی
IT
نوێکار نەجمەددین

بەرێوەبەری ریکلام و دارایی
ریبار عەبدوڵڵا
07504624506

ناونیشان:
هەولێر
شاری خەونەکان



## سیاسەت
11 پەرلەمانی داهاتوو چی بۆ ژنان دەکات
12 نهێنیی هەموارکردنی مادەی ٦ی دەستووری هەرێمی کوردستان
14 ژنان دوورەپەرێزییان لەسیاسەت بۆ دابـــونەریتی ...

## کۆمەڵایەتی
29 کەوسەر نەو کچەی هیچ لایەنێک نایگرێتە خۆی
31 دایکێـک بۆ نەخۆشـخـانە و کورەکـــەیشی بۆ بەندیخانە...
34 دەوڵەتی تـورک هەوڵی داگیرکـــردنی جەستەی ژنی کورد دەدات

## کار
38 ژنان وەک پیاوان بەرتیل وەرناگرن
40 بازاڕی پیرەژنان بازاڕێک بۆ هـــەموو وەرزەکان

## تەندرووستی
42 نابێ رەگەزی کۆرپە بۆ دایک ئاشکرا بکرێت
44 دایـکـایـەتی تـەنـدروسـت چییە؟
47 سێکس و شار

## یاسایی
49 باری نافرەتان لە نێو دەقەکانی یاسای سزادانی عێراقیدا
50 رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی [سیداو]
51 ٦٨٪ی فەرمانبەرانی نافرەت لەقاهرە ڕووبەڕووی هەوڵی وروژاندنی سێکسی دەبنەوە

## وەرزش
53 لە پاپسکلسواریدا..کچانی کوردستان...
54 پاڵەوانیەتی باسکەی کچانــی یانەکانی کوردستان...
57 لە زاخۆ هەشتاساڵەکان وەرزش دەکەن

## کولتوور
53 دەبێ هونەرمەندی کورد بەرووی جیهاندا بکرێتەوە


www.netewe.com

# سڵاو لە ڕێبوارانی وارڤین



سیروان ڕەحیم

دەرچوونی گۆڤارێك بە هەوڵی ژن و بۆ تیشك خستنە سەر كێشەی ژنی كورد، بێگومان كارێكە پڕ لە مزگێنیە. بەڵام ئەوەی نابێت ئێمە گەشبین و خۆشبین بكات ئەوەیە، كە لەماڵەكەی ئێمەدا كێشەكان یەك و دوو نین. ئێمە كێشەگەلی كەڵەكەبووی سەدانساڵەمان هەیە.

ئێمە ماڵێكمان هەس تژە لە دڕك و داڵ، ماڵێك هیچ كەس لە پای شایستە ڕاگرتن و جوانڕاگرتنی دا خۆی بە خاوەنی نەزانیوە. ماڵێك هەموو بۆ سوودی خۆیان دەیانەوێ و خۆیشیان ئامادەنین ساتێك سوود بەو ماڵە ببەخشن.

مێژووی ئێمە ئەوە دەسەلمێنێت كە مرۆڤی كورد هیچی بۆ ماڵی خۆی، هیچی بۆ نیشتمانی خۆی نەكردووە. من دەزانم لە لای ئێمە چارەی ئەم قسانە تاڵن، من دەزانم لە نێو جڤاكی ئێمەدا ئێسكی ڕەخنە چەند قورسە. ئەمە یەكێكی ترە لە ئاستەنگە ترسناكەكانی پێشكەوتنی ئێمە كە مرۆڤ بۆ ڕەخنە ئامادە ناكەین. مرۆڤی ئێمە تا ئێستا گوێی بە ئاوازێك نامۆیە كە ناوی ڕەخنە بێت. تەنها ستایش و پیاهەڵدان ئاواز و ڕیتمی بەردەوامی ئێمەن، ئەمە نەك هەر لە بواری سیاسیماندا، بەڵكو لە هەموو بوارەكانی دیكەیشماندا وەهایە.

كێ دەتوانێ ڕەخنە لە باوكی خۆی بگرێت؟

چ خاتوونێ، دەتوانێ ڕەخنە لە هاوسەری خۆی بگرێ؟

ئەوە كەماسی پەروەردە و بارهێنانی ناو جڤاكی ئێمەیە، یان ڕاستتر ئەوە سەلمێنەرە كە پەروەردەی ئێمە چەند بێ بەرهەم و چەند زڕە.

جا لە كێڵگەی پڕ دڕك و داڵی ئەم ماڵ و نیشتمانە دا، "وارڤین" دەتوانێ چ بكات؟

پرسیارێكە سەخت و وەڵام دانەوەیشی ئەستەم.

كاركردن، بارهێنان و ڕاستكردنەوەی ئەو هەموو سیما و دیاردانە ئاسان نین، بەڵام ئەوەی مێژوو فێرمان دەكات ئەوەیە:سەرڕاستكردنەوە مەحاڵ نییە، سەختە، مێژوو ئەوەی فێركردووین كە جوانی نادۆڕێت و دەیباتەوە. پیاوی كورد نیشتمانێكی دروست كردووە بێ داهێنان. مێژووی ئێمە، دوێنێی ئێمە و ئەمڕۆمان خاڵییە لە زۆر شتی جوان. پیاوی كورد نیشتمانی كردووە بە تەمبەڵخانە. پیاوی كورد هیچی بۆ خۆی نەكردووە تا بۆ ژنی كوردی بكات. جا تۆی ژنیش بێگومان ئیتر هەڵوێستی خۆت هەیە و پەیامی خۆت هەیە. بەڵام تۆی ژن پەیامت هەبێت، هەڵوێستت هەبێت، یاخی بوون و گۆڕان ڕابگەیەنیت و كاری بۆ بكەیت، دەبێ چاوەڕێی كاردانەوەی زۆر دژواریش بكەیت. ڕووبەڕوو وەستاندنەوەی ئەو ڕەوشە و هەوڵی گۆڕان قارەمانێتییەكی بێ وێنەیە. لە نیشتمانێكدا تا ئێستا بە سانایی ژنی تێدا بكوژرێ و بكوژەكانیش بە ئاسان بۆی دەرچن دەبێ هاواری ناسكی ژن تا كوێ بڕ بكات؟

كوشتن، ئەو بەڵا گەورەیەی لە ژیانی ژن و لە سەرجەم كۆمەڵی ئێمە ئاڵاوە.

كوشتن لە لایەك و باندۆرەكانی هەڕەشەی كوشتن لە لایەكی تر. ژن هەیە ناكوژرێ، بەڵام هەتا مردن لە ژێر تارمایی هەڕەشەی كوشتندا تەمەن ڕادەكێشێ. كۆمەڵی ئێمە، ماڵەكەی ئێمە و نیشتمانی ئێمە تا ئێستا گیرۆدەی ئەم كارەساتە غەمگینانەیە. جا با بزانین لەو نیشتمانەدا پەنجە ناسكەكانی "وارڤین" دەتوانێ گوڵاڵە بچێنێت، كاركردن لەو كێڵگە پڕ دڕك و داڵە دا ئاسان نییە، بەڵام كاری ئاسانیش وەڕسكەرە، مرۆڤی بە هەست عاشقی كاری سەختە. با پەنجەكانمان بكەین بە مۆم و ڕێگای تاریكی دایك، خوشك، كچ و خۆشەویستانمانی پێ ڕووناك بكەینەوە.وارڤین چرایەكە، كە بە هیوام چرایەكی گەش و بەردەوام بێت. لە ئێستەوە سڵاو لە هەڵگرانی ئەو چرایە و سڵاو لە ڕێبواران و خوێنەرانی وارڤین.

## دەمەقاڵێ لەسەر كاری ناوماڵ كچێك بە سووتان دەدات

كچێكی تەمەن ٢٠ ساڵان پاش دەمەقاڵێ لەگەڵ خوشكەكەی لەسەر كاری ماڵەوە ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا.

كچێك بەناوی (م.ل.ش) ڕۆژی چوارشەممە ١-٧-٢٠٠٩ لەكاتژمێر ٩ی بەیانیدا پاش دەمەقاڵێ لەگەڵ خوشكەكەی لەسەر كاری ناوماڵ ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، بنەماڵەكەی بە پەلە بۆ نەخۆشخانەی فریاكەوتنیان گواستەوە. سەرچاوەیەكی پۆلیس لەوبارەیەوە بە وارڤینی ڕاگەیاند كە پاش لێكۆڵینەوە لە ڕووداوەكە بۆیان دەركەوتووە كە (م.ل. ش) دانیشتووی گەڕەكی دارەتووی هەولێرە و هیچ سكاڵایەك لە دۆسیەكەی تۆمار نەكراوە. (م.ل.ش) لە دایكبووی ١٩٨٩ و كچی ماڵەوەیە.

## پیاوێک بە دەمانچە ژنەکەی بریندار دەکات

ڕۆژی یەكشەممە ٦-٧-٢٠٠٩ لە گەڕەكی سەیداوەی هەولێر پیاوێك بەناوی (ە.ف.ح) پاش ئەوەی ئافرەتەكەی داوای جیابوونەوەی لێ دەكات بە هەوڵی كوشتنی ژنەكەی دەدات و چەند گوللەی پێوە دەنێت، لەئەنجامدا ژنەكە بریندار دەبێت و دەستبەجێ ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاكەوتن دەكرێت.

بەپێی زانیارییەكانی پۆلیس، دوای وەرگرتنی گوتەی ئافرەتەكە، دادوەری لێكۆڵینەوە بەپێی ماددەی ٤٣٢ی یاسای سزادان بڕیاری دەستگیركردنی پیاوەكەی دا.

## ڕووخانی دیوار ئافرەتێک بریندار دەکات

سەرچاوەیەك لە پۆلیسی كۆیەوە بە وارڤینی ڕاگەیاند كە ڕۆژی دووشەممە ڕۆژی ٢٢-٦-٢٠٠٩ ئاگادار كراونەتەوە كە ئافرەتێك بریندار بووە. بەپێی زانیارییەكانی ئەو سەرچاوەیە كچێك بەناوی (ئا. ئەسوەد) لەئەنجامی ڕووخانی دیواری ما□لەكەیدا بریندار بووە. (ئا. ئەسوەد) كە كچێكی تەمەن ٣١ ساڵان و كچی ماڵە بە پۆلیسی كۆیەی ڕاگەیاندووە كە لەكاتی ئاوپرژێنی خانووە تازەكەیاندا دیوارەكەی بەسەردا ڕووخاوە.

www.netewe.com

## ئۆتۆمبیلی پۆلیسی فریاکەوتن کچێکی کوشت

رۆژی یەکشەمە بەرواری ٥-٧-٢٠٠٩ لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا ئۆتۆمبیلێکی جۆری (فۆرد) کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوتنە، لە کچێکی تەمەن ٣ساڵان بەناوی (شەهلە یونس عەبدوڵا) داوە و کچەکە ئەنجامدا گیانی لەدەست داوە.
بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس دادوەر بەپێی ماددەی (٢٤)ی هاتووچۆ بڕیاری بەندکردنی شوفێری ئۆتۆمبیلەکەی داوە.

## پاش دەمەقاڵێ لەگەڵ باوکی کەوچکێک ژاری خواردەوە

سەرچاوەیەك لەپۆلیسی تەقتەق ئاشکرای کرد کە رۆژی یەکشەممە ٢١-٧-٢٠٠٩ کچێکی تەمەن ١٩ پاش ئەوەی باوکی لێیداوە بەخواردنی کەوچکێك دەرمانی مێشوولە هەوڵی خۆکوشتنی داوە. پۆلیسی نەخۆشخانەی تەقتەق بە وارڤینی گوت:" کچێك بەناوی(ز.ع) تەمەن ١٩ ساڵ پاش ئەوەی لەگەڵ باوکی تووشی دەمەقاڵێ بووە، بە خواردنی کەوچکێك دەرمانی(مێشولە کوشتن) هەوڵیداوە خۆی بکوژێت. پاش لێکۆڵینەوەی پۆلیس دەرکەوتووە کە کچەکە زڕدایکی هەبووە و پاش ئەوەی لەگەڵ زڕبراکەی بەشەڕ هاتوونە، باوکی بە ماسیحە لێیداوە و کچەکەش لە رەقدا کەوچکێك ژاری خواردووە.
بەپێی سەرچاوەکە هێشتا لێکۆڵینەوە لەو دۆسیەیە بەردەوامە.

## ئۆتۆمبیلێکی فۆرد ژنێک دەکوژێت و سێی دیکەیش بریندار دەکات

پیاوێك بە چەرخ ژنەکەی دەسووتێنێت
هەولێر: رۆژی دووشەممە بەرواری ٧-٧-٢٠٠٩ ئافرەتێك سکاڵای لە دژی مێردەکەی تۆمار کرد کە لێیداوە و بە چەرخیش سووتاندویەتی. بۆیە پاش لێکۆڵینەوە دادوەر، بە پێی ماددەی ٤١٣ لە یاسای سزادان بڕیاری دەستگیرکردنی مێردەکەی دا.

## سوریا سزای تاوانی شەرەف توند دەکات

وارڤین- BBC
لەهەنگاوێکدا بەرەو توندکردنەوەی سزاکان لەسەر تاوانی شەرەف، حکوومەتی سوریا بڕیاریدا ماددەی ٥٤٨ی یاسای سزاکان هەڵبوەشێنێتەوە کە بەپێی یاساکە ئەوانەی بەناوی پاراستنی شەرەفەوە ژنیان دەکوشت سزایەکی سووکیان وەردەگرت. ماددەی ٥٤٨ لانیکەمی سزای بۆ ئەو جۆرە تاوانانە دیاری نەکردبوو، بەڵام بەگوێرەی ئەم مەرسومە نوێیە، لانیکەمی سزا بۆ تاوانباران دووساڵ زیندانە.
پارێزەر لەیلا جابری، لەبارەی ئەو مەرسومەوە بە BBC راگەیاندووە کە ئەوەی گرنگە توندکردنی سزاکە نییە، بەڵکو مامەڵەکردنە لەگەڵ دیاردەی کوشتن بەناوی شەرەف وەك تاوانەکانی دیکەی کوشتن کە پاساو بۆ سووککردنی سزا قبووڵ ناکات.
ساڵی رابردوو، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسوریا، بۆ رێگرتن لەتاوانی کوشتنی ژنان لەسەر شەرەف، کۆنگرەیەکی بەرفراوانیان سازکرد و کۆمەڵێك پێشنیاز و راسپاردەیان لەوبارەوەیەوە پێشکەش کرد کە گرنگترینیان داوای دیاریکردنی سزای ١٥ ساڵ زیندانیکردن بوو بۆ تاوانباران. ئەو جۆرە تاوانە تەنیا لەناوچەکانی باکوورو رۆژهەڵاتی سوریادا بڵاوە کە زۆربەی دانیشتوانەکانی کوردن. بەپێی ئامارە نافەرمییەکان، لە ٢٠٠٧دا ٣٨ حاڵەتی کوشتنی ژنان بەناوی پاراستنی شەرەفەوە لەسوریا تۆمارکراوە.

## هێرۆ برایم ئەحمەد: لە دنیای خوا رقم لە لەچکە

لەکۆنگرەی پتەوکردنی پێگەی ژن لە ناوەندەکانی بڕیار پێشکەشی کرد، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد هاوسەری جەلال تاڵەبانی دەڵێت: یەکێك لە کێشە کانم لەشاخ ئەوە بووە کە پێیاندەگوتم سەرت داپۆشە. خانمی یەکەمی عێراق ئەوە دەخاتە ڕوو کە "لە دنیای خوا رقم لە سەر داپۆشینە لەبەر هیچ نا، بەس وا هەست ئەکەم ئە خنکێم ."

www.netewe.com

## پانتۆڵ و ئاسایشی نەتەوەیی

لوبنیێ ئەحمەد ئەلحسێن، رۆژنامەنووسێکی سودانیە، لەگەڵ چەند ژنێکی تر دەستگیرکراون و چاوەڕێی سزا دەکەن. لوبنی و ١٢ ژنانی هاورێی، هیچ تاوانێکیان ئەنجامنەداوە کە زیان بە کەسێکی دی یان ئاسایشی نەتەوەیی بگەیەنێت، بەڵکو ئەوان بە تاوانی لەبەرکردنی پانتۆل گیراون.

لوبنی بە BBC راگەیاندووە:" چەند ژنی دیکە لەگەڵم دەستگیر کرابوون، بۆیە تاوانەکەیان قبووڵ کرد و ٤٠ داریان لێدرا".

خاتوو لوبنیێ لە سودان رۆژنامە نووسێکی ناسراووە و بۆ مەکتەبی نەتەوە یەکگرتووەکان لە خەرتوومی پایتەخت کار دەکات. یاساکانی سودان بەپێی شەریعەتی ئیسلامە، بەڵام سەرنجراکێش ئەوەیە هەندێك لە دەستگیرکراوان مەسیحین.

## هەواڵگری ئەڵمانیا: تا شەش مانگی دیکە ئێران دەبێتە خاوەنی بۆمبی ناوکی

بە گوێرەی زانیاری بڵاوکراوە لە سایتی (دوێتچەڤێلە) شارەزایانی ئەمنی و هەواڵگری ئەڵمانیا لەو بڕوایەدان، تا شەش مانگی دیکە، ئێران دەبێتە خاوەنی بۆمبی ناوکی. شارەزایانی دامەزراوەی هەواڵگری و ئاسایشی ئەڵمانیا (BND)، بۆ رۆژنامەی (ئەشترن)ی ئەڵمانی، رایانگەیاند کە ئێران بە هەمانشێوەی کۆریای باکوور، لە توانایدا هەیە لە ژێر زەویدا، تاقیکردنەوەی ناوەکی ئەنجام بدات، لە ئێستاشدا یۆرانیۆمی پێویست بۆ درووستکردنی ئەو بۆمبە لەبەردەست دەسەڵاتدارانی ئێراندا هەیە.

## هیلاری کلینتۆن: یارمەتی عێراق دەدەین

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هیلاری کلینتۆن، رایگەیاند کە وڵاتەکەی بە پێی ئەو رێککەوتننامە ستراتیژییەی کە لە نێوان عێراق و ئەمریکادا واژۆکراوە. کاردەکات بۆ گەشەپێدانی پەیوەندیی ئابوری‌و سیاسیی درێژخایەن لەگەڵ عێراقدا،

کلینتۆن لە بەیاننامەیەکدا کە پێنجشەمەی رابردو بالیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق بڵاوی کردووەتەوە و هاتووە "ئێمە کاردەکەین بۆ گەشەپێدانی پەیوەندیی ئابوری‌و سیاسیی درێژخایەن لەگەڵ عێراقدا و ئەم رێککەوتننامەیەش لە داهاتوودا دەبێتە بنەمای هاوکاری نێوانمان لەگەڵ عێراق و گەلەکەیدا."

## خاتوو سارکۆزی ئاهەنگی گێڕا

خێزانی سەرۆکوەزیرانی فەرەنسا کارلا، لەوەتەی شوی بە سارکۆزی کردووە، یەکەم ئاهەنگی خۆی گێڕا و ئەو ئاهەنگەش لە چوارچێوەی تێپەربوونی ٩١ ساڵ بەسەر لە دایکبوونی سەرۆکوەزیرانی ئەفریقای باشوور نیلسون مەندیلا بوو .

خانمی یەکەمی فەرەنسی لە هۆڵی رادیو سیتی، ئەو ئاهەنگەی بە بەشداری ژمارەیەك لە ئەستێرەکانی هۆلیود ساز کرد و لە دیارترینیشیاندا هەریەك لە فورست ویتیکەر، سوزان ساراندۆن و مات دیمونی، ئامادەی بوون.

## بێوەژنی لە عێراق پەرە دەسێنێت

ناوەندی لێکۆلینەوەی عێراقی، سەبارەت بەکارەساتی شەڕو وێرانکاری و ژمارەی قوربانیانی عێراق، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ـەوە، ئامارێکی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا هاتووە کە لە ساڵی ٢٠٠٣ _ تا ساڵی ٢٠٠٨، ژمارەی بێوەژنەکان لە عێراقدا لە ملیۆنێك تێپەری کردووە و

ژمارەی منداڵانی بێ سەرپەرشتیش گەیشتووەتە ٤ ملیۆن مندال.

لە سەرانسەری عێراقدا ٦٧ هەزار حاڵەتی ئایدز تۆمارکراوە،کەچی شەش ساڵ لەمەو بەر ڕێژەی تووشبوان بەو نەخۆشیە تەنیا ١١٤ کەس بوون.

## ئەنفلۆنزا لە عێراقدا

ژمارەی ئەوانەی لە عێراق تووشی نەخۆشی ئەنفلونزای بەراز بوون. بەرەو زیاد بوون دەچێت. وتە بێژێك لە وەزارەتی تەندروستی عێراق، رایگەیاند کە ١٠ حاڵەتی تر تۆمارکراوە، بەو پێیە، ئەوانەی تووشی ئەم نەخۆشیە بوون لە عێراقدا، ژمارەیان گەیشە ٢٠ کەس، بەڵام ڕەوشی ئەم نەخۆشانە، لە حاڵەتێکی باش دایە.

## هەژار و دەوڵەمەندەکانی جیهان گفتوگۆدەکەن

لە بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیویورك، هەفتەی دوورۆژی رابردوو گفتوگۆیەکی تایبەت بە قەیرانی دارای جیهان، ڕێکخراو تێیدا سێرۆژی خایەند و هەژارەکان لەو گفتوگۆیەدا هۆکاری هەژاری دەوڵەتەکەیان بە دەوڵەمەندانی جیهان راگەیاند، کەچی بووەتە هۆی قەیرانی دراییی لە جیهاندا.

لەو کۆنگرەیەدا بریاردرا کە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانی جیهان، زیاتر لەگەڵ un هاوکار بن، تا لەو ڕێگەیەوە هەوڵی باشترکردنی ئەو دەوڵەتە هەژارنشینانە بدەن کە بەو هۆیەوە هاووڵاتیانی دەناڵێنن.

## بەریتانیا: بلێر بۆ سەرۆکی یەکێتی ئەورووپا کاندید دەکات

بەریتانیا، لە هەوڵی ئەوەدایە کە سەرۆکوەزیرانی پێشووی تۆنی بلێر، بۆ پۆستی سەرۆکی یەکێتی ئەوروپا کاندید بکات. ئەو هەواڵەش دوای لێدوانی وەزیری کاروباری ئەورووپا لە حکوومەتی بەریتانیا بارونە کینوك هات کە وتی تۆنی بلێر، خاوەن کەسایەتیەکی بەهێزەو ئەو بۆپۆستی سەرۆکی یەکێتی ئەورووپا کاندید دەکەین. جێگەی ئاماژەیە کە تۆنی بلێر، دوای ئەو هەوڵە دیپلۆماسیانەی کە بۆ ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەورووپا دای، ئێستا لای هاووڵاتییانی بەریتانیا بەکەسێکی دڵسۆزو پێگە بەهێز وەسف دەکرێت.

## له قەندیل ئاژەڵێکی سەیر دۆزرایەوە

لەبناری قەندیل، چەند هاوڵاتییەك لەكاتی كۆكردنەوەی گیا لەو ناوچەیە، ئاژەڵێكی مردارەوەبووی سەیر دەدۆزنەوە شێوەی لەداینـاسۆر دەچێتو گوماندەكرێت چەند مانگێك پێش ئێستا مردار بووبێت. چەند هاوڵاتییەكی گوندەكانی رۆژهەڵاتی كوردستانی، لەكاتی سەردانیكردنیاندا بۆ بناری قەندیل لەو دیوی سنوورەوە كە بۆ كۆكردنەوەو هێنانی گیاو قارچك، هاتبوون ئاژەڵێكی مردارەوەبووی سەیر دەدۆزنەوەو بەمۆبایل وێنەی ڤیدیۆیی دەگرن.

ئاژەڵە مردارەبووەكە شێوەی دەچێتەوە سەر دایناسۆر، گومانیش دەكرێت، چەند مانگێك پێش ئێستا مرداربووە، چونكە تائێستا كەمێك توكو گوشتی پێوە ماوە.

## كاریگەرترین كەسایەتیی هونەر

ئەلێكساندێر پووشكین، گەورەترین شاعیری ڕووسی لە ٢٨ مەیی ساڵی ١٧٩٩دا لە دایكبوو. ئەم شاعیرە، كاریگەرترین هۆنەرمەندێكە كە نەتەنیا لە ئەدەبیاتی ڕووسی بەڵكو لە سەر وێژە و ئەدەبیاتی زمانەكانی دیكەیشدا كاریگەری هەبوو. پووشكین بە هۆنینەوەی شێعری «ئازادی» لەلایەن دەرباری تێزارەوە كەوتە بەر توندی و دووركەوتنەوە لە شار و ماڵوحاڵی خۆی و لە خراپترین شوێنی رووسیادا واتە(قەوقاز) زیندانی كرا. نووسینەوەكانی پووشكین وەرزێكی تازەی بەرەو ڕووی وێژە و ئەدەبیاتی رووسیادا كردەوە.

## ئاشتی هەورامی: ڕۆژانە٤٠هەزار بەرمیل نەوت لە كێڵگەی تاوكێ هەناردە دەكرێت

وەزیری سەرچاوە سروشتیەكانی حكوومەتی هەرێمی كوردستان، دكتۆر ئاشتی هەورامی ڕایگەیاند لە ئێستادا ڕۆژانە (٤٠)هەزار بەرمیل نەوت لە كێڵگەی (تاوكێ)وە هەناردە دەكرێتو لە ماوەی چەند هەفتەیەكی تریشدا ئەو بڕە دەگاتە (٥٠) هەزار بەرمیل.

هەورامی، لەبارەی كێڵگەی تەق تەقیشەوە، گوتی: "ئاستی بەرهەمهێنانی ئەو كێڵگەیە ڕۆژانە لەنێوان (٣٠ بۆ ٤٠) هەزار بەرمیلە، كە بەهاوبەشی لەلایەن هەردوو كۆمپانیای ئەداكس پترۆلیۆم و جینیل ئینرجی توركیەوە، كاری تێدا دەكرێت".

## كەناڵێكی ئەمریكی زنجیرەیەک لەسەر مەلا كرێكار بەرهەم دەهێنێت

كەناڵی NBCی ئەمەریكی زنجیرەیەك ئەكشنی دیكۆمەنتەری بەناوی داواكراو (The Wanted) لەسەر مەلا كرێكار و ئەنسارولئیسلام بەرهەم دەهێنێت.

بابەتی ئەم زنجیرە تەلەفزیۆنییە كە وابڕیارە لە٢٠ی ئەم مانگەدا لەكەناڵی NBCی ئەمەریكییەوە یەكەم ئەڵقەی پەخش بكرێت، دەربارەی گەڕان بەشوێن مەلا كرێكارو دەستگیركردنیدا دەدوێت.

چارلی ئیبرسۆل، یەكێكە لەو كەسانەی لەپشت بەرهەمهێنانی ئەم زنجیرە ئەكشنەوەیە، بە ئاژانسی AP ڕاگەیاندووە «زنجیرە ئەكشنەكە هەوڵدانێكە بۆ دۆزینەوەی ئەو تیرۆریستانەی خۆیان حەشارداوەو تا ئێستا دەستگیر نەكراون».

## پۆستی حكوومی لە پاڵێوراوانی لیستەكان وەرناگیرێتەوە

سكرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی حكوومەتی هەرێم، ڕایگەیاند، كە هیچ بڕیارو ڕێنماییەك بۆ لێسەندنەوەی پۆستی حكوومی لەو كەسانەی بوونەتە پاڵێوراوی لیستە بەشداربوەكانی هەڵبژاردن، لەئارادا نییە . محەمەد قەرەداغی گوتی: "هەر كەسێك كە پۆستێكی حكوومی هەیەو بووە بە پەرلەمانتار، ئەوا بەشێوەیەكی ئاسایی دەبێت لە پۆستە حكومییەكەی بكشێتەوە، بەڵام لە ئێستادا هیچ بڕیارێكی لەو شێوەیە لە ئارادا نییە".

www.netewe.com

## قوتابیان ناڕازین

دوای دەرچوونی ئەنجامی تاقیکردنەوەی قۆناخی ئامادەیی بە لقەکانی زانستی و وێژەیی، نزمترین ڕێژەی دەرچوون لە سۆران و مێرگەسۆر و چۆمان تۆمارکراون و قوتابیانیش ناڕازین و داوای پێداچوونەوە بە تێنووسەکانیان دەکەن.
م.سەعید شێخ ڕەقیب بەرپرسی ئەزموونەکانی پەروەردەی سۆران، رایگەیاند: "ڕێژەی دەرچوون لە سۆران لە لقی زانستی ١٢٪ بووە، واتە لە ٦٦٨ قوتابی کە بەشداری تاقیکردنەوەیان کردووە ٨٠ قوتابی لە خولی یەکەم دەرچووە، لە بەشی وێژەیش ڕێژەی دەرچوون ١٣٪ بووە، ئەم ڕێژەیەش یەکجار کەمە".

## نابێت دەسەڵات دان بە ئافرەت لەسەر بنەمای خزمایەتی بێت

لە کۆنگرە ی بە رە و پتە وکردنی پێگە ی ژن لە دە سە ڵاتدا، کە لە سلێمانی هەفتەی رابردوو گرێدرا، سە رۆکی حکومە تی هە رێمی کوردستا ن رایگە یاند، نابێ دە سە ڵاتدان بە ئافرە ت لە سە ر بنە مای خزمایە تی و نزیکی بێت. نێچیرڤان بارزانی، روونیکردەوە کە گە لێک توانای شاراوە لە نێو ئافرە تانی کوردستاندا هە یە و بە هۆ ی باری کۆمە ڵایە تیە وە نە یانتوانیووە بێنە پێشە وە.

## ئافرەتێکی تەمەن ١٠٢ ساڵە خانەنشینکردنی ڕەت دەکاتەوە

ئافرەتێکی پیر بە نیازە چەند رۆژێکی تر، یادی ١٠٢ ساڵەی تەمەنی بکاتەووە کە تاوەکوو ئێستاش هەر خۆی بژێوی ژیانی خۆی دەستەبەر دەکات و رقیشی لە خانەنشینییە.
رۆژنامەی (SAN)ی بەریتانیا وێنەی ئافرەتێکی بڵاوکردووەتەوە، کە ناوی (کونی براون) و مانگی ئابی داهاتوو یادی ١٠٢ ساڵەی تەمەنی دەکاتەوە. براون هەرچەندە تەمەنی زۆرە، کەچی ئێستاش هەر لە کارکردنی لە خواردنگەیەکی تایبەت بە ژەمە خواردەمەنیەکانی ماسی و پەتاتەی سورکراو کار دەکات، بەبێ ئەوەی بیر لە خانەنشینکردنی خۆی بکاتەوە.

## نابێت دەسەڵات دان بە ئافرەت لەسەر بنەمای خزمایەتی بێت

لە کۆنگرە ی بە رە و پتە وکردنی پێگە ی ژن لە دە سە ڵاتدا، کە لە سلێمانی هەفتەی رابردوو گرێدرا، سە رۆکی حکومە تی هە رێمی کوردستا ن رایگە یاند، نابێ دە سە ڵاتدان بە ئافرە ت لە سە ر بنە مای خزمایە تی و نزیکی بێت. نێچیرڤان بارزانی، روونیکردەوە کە گە لێک توانای شاراوە لە نێو ئافرە تانی کوردستاندا هە یە و بە هۆ ی باری کۆمە ڵایە تیە وە نە یانتوانیووە بێنە پێشە وە.

## بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پیاوان دەستەی هاوسەرۆکایەتی ژن پێکدێت

هاوسەرۆکی رێکخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیك لە ئەستەنبوڵ رایگەیاند کە ژنانی پارتەکەی بۆ شکاندنی بەربەستی بەشدارکردنی ژن لە سیاسەتدا لە هەموو شارەکانی باکووری کوردستان و تورکیا دەستەی سەرۆکایەتی دادەمەزرێنێت.
چیکدەم ئۆجار دەستنیشانی کرد کە ژنان پرسی هاوسەرۆکی بە گرنگ دەزانن و وەك مافێك نییە کە جارێك پێیاندرابێت و دواتر لێی پاشگەزببنەوە، بۆیە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پیاوان لەهەموو شارەکان دەستەی هاوسەرۆکی پێکدێنن.
لە ٢٠ نوێنەری پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیك لە پەرلەمانی تورکیا٨.ی ژنە و هەروەها ئەو پارتە ١٣ شارەوانی هەیە.

www.netewe.com



Photo Undp

www.netewe.com

# پەرلەمانی داهاتوو چی بۆ ژنان دەکات

تائێستایش بە دڕندەترین شێوە و بەناوی ناموسەوە ژن دەکوژرێت، خەڵك هەیە ئافرەتی کوشتووەو ئێستایش لەشەقامەکان بێمنەت دەخولێتەوە، پەرلەمانتارانی ژن لە پەرلەماندا زۆر چالاك نەبوون، پێویست بوو زۆر شتی زیاتر بکەن کە نەیان کرد". پاڵێوراوێکی لیستی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەو شێوەیە رەخنە لە ئەدای پەرلەمانتارانی پێشووی ژن لە پەرلەمانی کوردستان دەگرێت، لەبەرانبەردا گوتەبێژی لیستی کوردستانی ئەو بانگەشانە رەت دەکاتەوە و دەڵێت:" ئەوانەی پێیانوایە کە پەرلەمانتارانی ژن هیچیان نەکردووە، ئەی خۆیان بۆ هیچیان نەکرد، بۆ هیچ پڕۆژەیەکیان نەبوو.

## پەرلەمانتارانی ژن چالاك نەبوون

پەرلەمانی کوردستان رێژەی ٣٠٪ بۆ بەشدارکردنی ژنان لە پەرلەماندا دیاری کردووەو ئەم رێژەیەش بە بەراورد لەگەڵ پەرلەمانی وڵاتانی جیهان، هەرێمی کوردستان دەخاتە نێو ریزبەندی پەرلەمانە پێشەنگەکانی جیهان کە توانیویەتی لەماوەی ١٨ ساڵی رابردوو بەرێژەیەکی بەرچاو ئەرك و مافی ژنان لە تێکەڵبوونیان بە ژیانی سیاسی زیادبکات. پەرلەمانتار پەخشان زەنگەنە، دانانی رێژەی٣٠٪ بە دەستکەوتێك بۆ ژنان وەسف دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو کە تا ئەمڕۆ لە جیهاندا٨١ دەوڵەت کار بە سیستەمی کۆتا دەکات، و دووپاتیدەکاتەوە کە مەرج نییە هەموویان لە ٣٠٪ بن، هەیە لە٤٠٪ و یان زیاترە. بەقسەی پەخشان نەك لە کوردستان بەڵکو لە ئەورووپایش کار بەو سیستەمە دەکرێت.

زەنگەنە، بۆ روونکردنەوەی ئەو پرسە میسرمان بۆ بە نموونە دێنێتەوەو دەڵێ:" لە میسر کە سیستەمی کۆتایان هەڵگرت، دوای دووساڵ رێژەی چوونی ژن بۆ پەرلەمان زۆر دابەزی، سیستەمی کۆتا پرۆسەیەکی نێودەوڵەتییەو لەلای نەتەوەیەکگرتووەکانیش، وەك جیاکاریەکی ئەرێنییە بۆ ژن تا لەو رێگایەوە بگاتە پێگەی بڕیار. دەتوانم بڵێم کە رێوشوێنێکی کاتیە، چاوەڕێی ئەوەش نین تا هەتایە لەرێگای کۆتاوە لە ناوەندی بڕیار نزیك ببینەوە".

لەگەڵ زیادکردنی رێژەی ئافرەتان لە نێو پەرلەمانی کوردستاندا، ئافرەتە پاڵێوراوەکانی لیستەکانی ئەم خولەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، گلەییان لە ئەدای ژنانی پەرلەمانتار هەیە. هاژە شێخ سلێمان، پاڵێوراوی حیزبی شیوعی کوردستان، کە هاوکات تەنیا ژنێکە کە سەرۆکی لیستەکەی بێت رەخنە لە ئەدای کاری پەرلەمانتارانی ژنانی پێشوو دەگرێت و دەڵێت:" پەرلەمانتارانی ژن لە پەرلەماندا زۆر چالاك نەبوون، پێویست بوو زۆر شتی زیاتر بکەن کە نەیانکرد، تائێستایش بە دڕندەترین شێوەو بەناوی ناموسەوە ژن دەکوژرێت، دەبوایە پەرلەمان سنووری بۆ ئەو توندوتیژییە دانابایە، خەڵك هەیە ئافرەتی کوشتووەو ئێستایش لە شەقامەکان بێمنەت دەسوڕێتەوە".

لەلایەکی دیکەوە لەبەرانبەر ئەو رەخنانەی کە لە ئەدای ژنانی پێشووی ئەندامی پەرلەمان دەگیردرێت، گوتەبێژی لیستی کوردستانی سۆزان شەهاب، بە وارڤین-ی راگەیاند:" ئێمە بەکردەوە کارمان کردووەو چەندین پڕۆژەی باشمان بۆ ئافرەتان کردووەو پرۆتۆکۆلەکانی پەرلەمان ئەوە دەسەلمێنن، بەڵام من لەو کەسانە دەپرسم لەکاتێکدا دەسەڵاتیان هەبوو زۆر شت بکەن، بۆ پرۆژەیان نەبوو".

## پارتەکانیان ئەمریان پێکردوون

هاوراز شێخ ئەحمەد، پاڵێوراوی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی، لەگەڵ ئەوەیدا دانیپێدا دەنێت کە پەرلەمانتارانی پێشووی ژن کۆمەڵێك یاساو پرۆژەی چاکیان داهێناوە، رەخنەیش لەوە دەگرێت کە ئەو پرۆژانە بەدواداچوون و جێبەجێکردنیان بۆ نەکراوە، یان ئەگەریش کرابێت زۆر لاواز بووە.

هاژە هەروەها لە سۆنگەیەکی دیکەوە رەخنە لە ئەدای پەرلەمانتارانی پێشوو دەگرێت و دەڵێت:" هەندێك لەژنان لەژێر کاریگەری پارتەکانیاندا بوون دەنگیان بۆ یاسای فرەژنی نەدا، چونکە ئەمریان پێکرا بوو".

## ئەوەی کار نەکات هەڵە ناکات


پاڵێوراوێکی دیکەی لیستی کوردستانی ئەڤین عومەر لەگەڵ ئەوەدا کە رەخنە لە هەندێك لە بانگەشەکانی هەڵبژاردن دەگرێت پێیوایە:" یەکێتی و پارتی ئێستا خاوەن تەجروبەن و بۆ خولی داهاتوی پەرلەمانیش باشتر دەبن، ئەوەی کار نەکات بێگومان هەڵە ناکات".

بەپێی هەندێك لە چاودێران ژنانی پێشووی پەرلەمانی کوردستان لەژێر کاریگەری پارتەکانیاندا بوون و نەیانتوانیوە وەك پێویست کار بۆ هاوڕەگەزەکانیان بکەن لەوبارەیەوە پەخشان زەنگەنە گوتی:" وەك ئەوەی هەموو پەرلەمانتارە پیاوەکان نەیانتوانی خۆیان بسەلمێنن، پەرلەمانتارە ژنەکانیش نەیانتوانی".

هەر لەوبارەیەوە پاڵێوراوی لیستی گۆڕان ئاشتی عەزیز ساڵح، کە لیستەکەیان ٢١ پاڵێوراوی پەرلەمانتاری ژنی تێدایە رایگەیاند: " لەپێشتردا کار نەکراوە بۆ ئەوەی ژن بچێتە قۆناغی بڕیاردانی ڕاستەقینەوە، ئەوەی هەبووە پاشکۆی پارتێکی سیاسیی بووە.



سۆزان شەهاب



هاژە شێخ سلێمان،

www.netewe.com



## نهێنیی هەمووارکردنی ماددەی ٦ـی دەستووری هەرێمی کوردستان

# د.هادی مەحموود: لـەبـەرگـ

**هەولێر**

ماددەی ٦.ی دەستووری هەرێمی کوردستان، بووەتە جێگەی تێڕوانینی پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان و بەپێی شرۆڤەکاران، ماددەکە لەلایەك ئایینی ئیسلامی کردووەتە سەرچاوەی سەرەکی دەستوور و لە هەمانکاتیشدا تێیدا دەڵێت کە نابێ هیچ یاسایەك دابنرێت کە لەبەردەم دیموکراسیدا ڕێگر بێت. ئەوەش وای لە ژنان و کریستییانەکان و پێکهاتە ئاین جیاوازەکان کردووە کە ئەو ماددەیە بە ناشەفاف لەقەڵەم بدەن. هەروەها ئێزدییەکان بەبڕیارێکی سیاسی دادەنێن و پارتە چەپڕۆکانیش بە کۆپیکراوی ماددەی ٢ـی دەستووری عێراقی فیدراڵی دەزانن.

### هەمووارکردنێکی کتوپڕی

ماددەی ٦ـی دەستووری هەرێمی کوردستان بنەمای شەرعیەتی ئاینی ئیسلام بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ دارشتنی یاساکان دادەنێت و هەموارکردنەکەشی بە تەوافوقی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان تێپەرێندرا. ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان د.هادی مەحموود بە وارڤینی ڕاگەیاند کە هەموارکردنی ماددەکە بەخێرای خراوەتە بەردەم پەرلەمان و تەنانەت هەندێ لە لیژنەکانیش ئاگاداری نەبوون کە گۆڕانکاری تێدا کراوە.

د. هادی مەحمود لەگەڵ ئەوەی کە ٣بڕگەی ماددەکە



پەخشان زەنگەنە

بە کۆپی ماددەی ٢ـی دەستووری عێراق دەزانێت، ئەوە دەخاتە ڕوو کە لەماددەی ٢ دەستووری عێراقدا هاتووە:" نابێت هیچ یاسایەك هەبێت، لەگەڵ ئەحکامە نەگۆڕەکانی ئیسلام و پرەنسپیەکانی دیموکرسیدا نەگونجێت". هاوکات زەنگی ئەوەش لێدەدات کە ئەو ماددەیە مەترسی بۆ سەر داهاتووی هەرێمی کوردستان دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو پرسە زۆر هەستیارە و بەتایبەت لەلایەن ئیسلامییەکانەوە بۆپڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بەکاردەبرێت.

ئەو وەها درێژەی بەقسەکانی دا: "ڕەوتی ئیسلامی دەیانەوێت بڵێن ئێمە شتێکمان بەدەست هێناوە، بەڵام چاودێرانی نێودەوڵەتی بواری دەستور پێیانوایە کە بڕگەکانی ماددەی ٦ پێچەوانەو یەکتری ڕەت دەکەنەوە.

زۆرترین مەترسی لای ژنانو چاودێرانی بواری دەستوور، لەوەدایە کە نەدەبوو ئاین وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانان بوایە. پەرلەمانتاری کوردی ئێزدی ئایین مریەم حەسەن، هەمان بۆچوونی هادی مەحموودی هەیەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر ئاین سەرچاوەی سەرەکی دەستووری هەرێم بێت ئەوا یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەبار دەبات. هاوکات پەرلەمانتار و سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ژنان پەخشان زەنگە وای نابینێت کە ئاینی ئیسلام تاکە سەرچاوەی داڕشتنی یاساکانی دەستوور بێت و دەڵێت:"یەکێك لەسەرچاوەکانە".

هاوکات کوردە ئایین ئێزدییەکانیش تێبینیان لەسەر ماددەکە هەیە. نوێنەری کوردە ئێزدیەکان و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی سەوز مریەم حەسەن وەك ژنێك نیگەرانی خۆی لەبارەی ئەو ماددەیەوە دەربڕی و گوتی:" ئەگەر ئیسلام تاکە سەرچاوەی یاسادانان بێت، لەوانەیە سبەی بڕیارێك دەربچێت دژی ئازادی ژن و یەکسانی پیاو و ژن بێت، چونکە لە ماددەی٣باسی



www.netewe.com



خوێندنەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستاندا

# ـۆڕان سازش بۆ ئیسلامییەکان کرا

یەکسانی ژن وپیاو دەکرێت و ماددەی٢یش ناکۆکە لەگەڵ ئەو ماددەیە، ئەوەش کارەساتە، چەند ساڵە کار بۆ بەدیهێنانی مافەکانی ژن و دادپەروەری دەکەین لەکاتێکدا ماددەکە زەمینە بۆ لەبارچوونی یەکسانی نێوان ژن و پیاو خۆشدەکات".

پەخشان زەنگەنە، لەگەڵ ئەوەدا دڵی بەدەستوور خۆشە، مەترسی خۆی لەمەڕ خوێندنەوەکان بۆ ماددەی٦ ناشارێتەوە و دەڵێ:" لەبەر ئەوەی لەئیسلامدا دەرگای لێکدانەوە جیاوازەکان(ئیجتیهاد) دانەخراوە، هیچ گرەنتییەك نییە كە لە داهاتوودا حیزبێك شیكردنەوەی جیاواز بۆ ئەو ماددەیە نەكات و بەپێی بەرژەوەندی خۆی تەفسیری بكات".



د. هادی مەحموود

## حیزبە چەپەکان هەڵوێست دەگرن

ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە حیزبە چەپەکانی نێو پەرلەمانی کوردستان لەبارەی ئەو ماددەیە هەڵوێست وەربگرن و ڕەت کردنەوەی ماددەکەش ئاراستیەکی جەماوەری وەربگرێت، هادی مەحموودیش دەڵێت:" وەك حیزبە چەپەکان لەبارەی ئەو ماددەیەوە هەڵوێست وەردەگرین و دەبێت جارێکی دیکە هەموار بکرێتەوە".

## "لەبەر گۆڕان سازش بۆ ئیسلامیەکان کرا"

بە گوتەی (هادی مەحموود) تەوافوقی سیاسی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ئیسلامییەکان لەبارەی دەنگدان بۆ هەموارکردنی ماددەی٦ لەبەر ئەوەبوو کە لیستی گۆڕان بانگەشەی ڕەت کردنەوەی دەستوور دەکات و تەوافوقی پارتی و یەکێتییش لەگەڵ ئیسلامیەکان بۆ ئەوە بوو کە بتوانرێت دەستوور لە کاتی ئەنجامدانی راپرسی زۆرترین دەنگ بەدەستبهێنێت. هاوکات کوردە ئێزدییەکان تێپەڕاندنی ئەو ماددەیە لە دەنگدانی پەرلەمانی کوردستاندا بە بڕیارێکی سیاسی دەزانن.



مریەم حەسەن

بەقسەی مریەم حەسەن:" لەوماددەیەدا مافی ئێزدییەکان لە بەرچاو نەگیراوە و وەك تاکەکەس قەت من لەگەڵ ئەو ماددەیە نیم، بەڵام بەداخەوە بڕیارێکی سیاسی بوو".



بەهرە حەمەڕەش

www.netewe.com

# ژنان دووره‌په‌رێزییان له‌سیاسه‌ت بۆ داب



**كه‌ركووك**

"كۆمه‌ڵگه‌ ئافره‌تی ته‌نیا وه‌ك كاڵایه‌كی بازرگانی ده‌وێت، یان ماده‌یه‌كی سه‌رنجڕاكێش بۆ ریكلام و راگه‌یاندن، هه‌مووانیش وا ته‌ماشای ده‌كه‌ن كه‌ ره‌گه‌زێكی بێده‌سه‌ڵاته‌، بۆیه‌ پێیانوایه‌ رۆڵی سه‌ركردایه‌تیكردن ته‌نیا له‌پیاوان ده‌وه‌شێته‌وه‌". ئه‌مه‌ گوته‌ی سۆزان محه‌ممه‌دی ته‌مه‌ن ٢٦ ساڵان بوو كه‌ وه‌ك توێژه‌رێكی كۆمه‌ڵایه‌تی له‌باره‌ی دووره‌په‌رێزی ئافره‌ت له‌ سیاسه‌تدا بۆچوونی خۆی خسته‌ ڕوو.

زینه‌ ئه‌حمه‌د، ته‌مه‌ن ٢٢ ساڵ، جانتایه‌كی ره‌شی له‌بنده‌ست گرتووه‌و به‌خێرایی به‌ره‌و كۆلێژه‌كه‌ی ده‌ڕوا كه‌ له‌ماڵی خۆیانه‌وه‌ زۆر دوور نییه‌. زینه‌ قوتابی دواقۆناغی كۆلێژی په‌روه‌رده‌ی كه‌ركووكه‌، له‌قۆناغه‌كانی ناوه‌ندی و دواناوه‌ندی هه‌میشه‌ زیره‌كترین قوتابی پۆله‌كه‌ی بووه‌، به‌رووخسارییه‌وه‌ زه‌رده‌خه‌نه‌یه‌كی تێكه‌ڵ به‌هه‌ندێ په‌ژاره‌ ئاشكرا دیاره‌، كاتێك پرسیاری نهێنیی ئه‌و ئاوێته‌بوونی شادی و په‌ژاره‌یه‌ی لێده‌كه‌ی، چیرۆكی ئه‌و رۆژگاره‌ ده‌گێڕێته‌وه‌ كه‌ ئه‌م پێداگریی كردووه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی بچێته‌ كۆلێژی زانسته‌ سیاسییه‌كان له‌موسڵ چونكه‌ خه‌ونی له‌مێژینه‌ی بووه‌، كه‌چی باوكی و خێزانه‌كه‌ی رێگه‌ی به‌دیهێنانی ئه‌و خه‌ونه‌یان نه‌داوه‌.

زینه‌ له‌باره‌ی هۆكاره‌كانی ئه‌و رێگرییه‌ ده‌ڵێت "ئێمه‌ له‌بنه‌ماڵه‌یه‌كی پارێزكارین كه‌ توند ده‌ستیان به‌دابونه‌ریتی كۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه‌ گرتووه‌و رێگه‌ ناده‌ن كچه‌كانیان زۆر له‌ماڵ دووربكه‌ونه‌وه‌، باوكم به‌وهۆیه‌وه‌ ده‌كه‌وته‌ به‌ر ره‌خنه‌و لۆمه‌ی كه‌سوكار چونكه‌ ئه‌وه‌ پێچه‌وانه‌ی دابونه‌ریتی عه‌شیره‌ته‌".

زینه‌ ده‌ڵێت: "به‌هیچ شێوه‌یه‌ك حه‌زی له‌كۆلێژی په‌روه‌رده‌ نه‌بووه‌، به‌ڵام باوكی ناچاری كردووه‌ چونكه‌ "زانسته‌ سیاسییه‌كان بۆ ئافره‌ت ده‌ست نادات، ئه‌و بواره‌ ته‌نیا بۆ پیاوان باشه‌، بۆ ئافره‌ت كۆلێژی په‌روه‌رده‌ باشترین شوێنه‌و دوای ته‌واوكردنی ده‌توانێ له‌قوتابخانه‌یه‌كی كچاندا وانه‌ بڵێته‌وه‌".

زینه‌ نموونه‌یه‌كی ئه‌و ئافره‌تانه‌یه‌ كه‌ له‌عێراقدا به‌شێوه‌یه‌كی گشتی بوونه‌ته‌ قوربانیی دابونه‌ریتی له‌مێژینه‌ی بنه‌ماڵه‌و عه‌شیره‌ت. له‌سایه‌ی ئه‌و بارودۆخه‌دا ناچاربووه‌ به‌رۆڵێكی په‌راوێزی رازی بێت و هیچ له‌دنیای سیاسه‌ت تێنه‌گات. هه‌ربۆیه‌شه‌ به‌ده‌گمه‌ن ئافره‌تێك ده‌بینی له‌گۆڕه‌پانی سیاسه‌تدا پێگه‌یه‌كی ئه‌وتۆی هه‌بێت. رۆڵی ئه‌و ته‌نیا به‌بوارێكی وه‌ك په‌روه‌رده‌و فێركردنه‌وه‌ گیرساوه‌ته‌وه‌و بواره‌كانی سه‌ركردایه‌تیكردنی بۆ پیاو چۆڵ كردووه‌.

سلڤانا بۆیا ناسر، ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی پارێزگای كه‌ركووك له‌وباره‌وه‌ بۆ (وارڤین) ده‌دوێ و ده‌ڵێت "ژنان ئه‌و هۆشیارییه‌یان نه‌بووه‌ كه‌ شاره‌زای مافه‌كانی خۆیان بن و وه‌كو پیاوان بچنه‌ هه‌موو بواره‌كانه‌وه‌، به‌تایبه‌تیش بواری سیاسه‌ت".

ئه‌و له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی پێیوایه‌ ژنیش وه‌ك پیاو توانای ئه‌وه‌ی هه‌یه‌ له‌هه‌موو بواره‌كاندا شوێنده‌ستی دیاربێت، به‌ڵام ده‌ڵێت "ژنان ئه‌و بواره‌یان نه‌دراوه‌و ئه‌و ئازادییه‌یان نه‌بووه‌ كه‌ كاربكه‌ن و بگه‌نه‌ پۆسته‌ باڵاكانی سه‌ركردایه‌تیكردن".

هه‌روه‌ها ده‌ڵێت "به‌داخه‌وه‌ ئافره‌تان خۆیشیان ئه‌و جورئه‌ته‌یان نه‌بووه‌ كه‌ پڕكێشی بكه‌ن و خۆیان بكوتنه‌ ناو دنیای سیاسه‌ته‌وه‌، هه‌میشه‌ بۆ كارو فه‌رمانێكی ساكارو ئاسان

# ـــونەریتی کۆمەڵایەتـــی دەگێڕنەوە




"ژنان ئەو هۆشیارییەیان نەبووە کە شارەزای مافەکانی خۆیان بن و وەکو پیاوان بچنە هەموو بوارەکانەوە، بەتایبەتیش بواری سیاسەت"

گەڕاون کە ڕۆژانە وەك شتێکی ڕۆتینی بەڕێوەی ببەن".


سلڤانا پێیوایە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ئافرەتان بڕۆنە نێو گۆڕەپانی سیاسییەوەو مومارەسەی مافەکانی خۆیان بکەن، چونکە دەڵێت "ژنان نیوەی کۆمەڵن و هیچ کۆمەڵگەیەك سەرکەوتوو نابێت ئەگەر تەنیا نیوەی پێکهاتەکەی لەکاردابێت".

دالیا عومەر، تەمەن ٣٤ ساڵ، چالاکوانی بواری مافەکانی ئافرەت، حیزبە سیاسییەکان بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەستیان بەسەر هەموو پۆستە باڵاکانی حیزب و حکوومەتدا گرتووەو دەشڵێت "هیچ ژنێك لەو پۆستانەدا نابینی، ژنان هەر بەدەگمەن ئینتیما بۆ حیزبە سیاسییەکان دەکەن و زۆربەی هەرەزۆریان سەربەخۆن، یان فەرمانبەری ئاسایین یانیش ژنیماڵەوەن، ئەوەشی سەربەخۆبێت مەحاڵە بگاتە پۆستی باڵا".

بەبڕوای سۆزان محەممەد، تەمەن ٢٦ ساڵ کە توێژەری کۆمەڵایەتییە، دوورەپەرێزیی ئافرەت لەگۆڕەپانی سیاسی بۆ ئەو تێڕوانینە باوەی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە کە هەمیشە پێیوایە ئافرەت بوونەوەرێکی لاوازەو کاری ئەو بەڕێوەبردنی ماڵ و خزمەتکردنی مێردە.

ئەو پێشیوایە "کۆمەڵگە ئافرەتی تەنیا وەك کاڵایەکی بازرگانی دەوێت، یان مادەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ ریکلام و ڕاگەیاندن، هەمووانیش وا تەماشای دەکەن کە ڕەگەزێکی بێدەسەڵاتە، بۆیە پێیانوایە ڕۆڵی سەرکردایەتیکردن تەنیا لەپیاوان دەوەشێتەوە".

لەنێوان دوو بەرداشی تێڕوانینی کۆمەڵگەو دابونەریتی کۆندا، زینە دواساڵی ژیانی ناچاریی زانکۆ بەڕێدەکات، ئەو لەجیاتی خواست و ئارەزووی خۆی ئارەزووی باوکی بەجێدێنێ و ئەو خەونەی بەیەکجاری لەخۆیدا کوشت کە لەڕێی خوێندنەوە ببێتە سیاسەتوانێکی شارەزا.



سەماح سەمەد

www.netewe.com

## بەرپرسانی یەکێتی ژنان و ئافرەتانی زاخۆ:

# پەرلەمانتارانی ژن نەیانتوانی پەیامەکانمان بگەیەنن



ئەندامی پەرلەمان کوردستان شیرین دینۆ

**شیرین دینۆ دان بەوەدا دەنێت کە ئەوان کەمتەرخەم بوون بەرانبەر بەیەکیەتی ژنان و جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە پێویست بوو ئەوان سەردانیان کردبان چونکە دەرکەی نووسینگەکەیان بۆ هەمووان کراوە بووە**

زاخۆ

بەرپرسانی یەکێتی ژنان و ئافرەتان لەزاخۆ رەخنەیان لەپەرلەمانتارانی ژنی خولی پێشووی پەرلەمان گرت و رایانگەیاند کە ئەوان نەیانتوانی پەیامی ژنان بگەیەننە پەرلەمان، هاوکات هیواخوازن کە پەرلەمانتارانی خولی داهاتوو بتوانن بەشێوەیەکی جیددی لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی ژناندا کار بکەن.

فەوزیە کەریم بەرپرسی یەکیەتی ژنان و سەنا یوسف بەرپرسی کومەلایەتی لەئەنجوومەنی یەکێتی ئافرەتان لەهەڤپەیڤینێك لەگەڵ وارڤیندا باسیان لە کێشەو داواکارییەکانی ژنانی زاخۆ کرد.

بەرپرسی یەکێتی ژنان، فەوزیە کریم گوتی کە تائێستا پارکێك لەزاخۆ نییە کە خێزان بتوانێت تێیدا بحەسێتەوە، فەوزییە هەروەها باس لە پێویستی کردنەوەی سەنتەرێکی تایبەت بۆ ژنان دەکات بەشێوەیەك کە ژنانی زاخۆ بتوانن چالاکی وەرزشی، هونەری، فێربوون و...تێدا ئەنجامبدەن.

لەلایەکی دیکەوە سەنا یوسف داوای کردنەوەی سەنتەری دالدەدانی ژنان دەکات و دەڵێت:" چەندینجار ئەو ژنانەی کە مەترسی لەسەر ژیانیان هەبووە، پەنایان بۆمان هێناوە، بەڵام تا دهۆکمان ئاگادار کردووەتەوە بەرەورووی مەترسی گەورەتر بوونەتەوە، بۆیە ئەگەر ئەو سەنتەرە هەبوایە زۆر باش دەبوو و ژیانی ئەو ژنانەش دەپارێزرا".

سەنا یوسف هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە تا ئێستا لەزاخۆ داینگەیەك بۆ حەواندنەوەی منداڵی ژنانی فەرمانبەر نییە، بەقسەی سەنا یوسف پێشتر داینگە لە زاخۆ هەبووە، بەڵام ئێستا لەبەر ئەوەی کەس نییە هاریکاری ماددییان بکات کارەکانیان راگرتووە.

لەگەڵ ئەوەدا کە٣ لە ٤ ئەندام پەرلەمانەکەی زاخۆ ژن بوون، بەڵام ئەو دوو بەرپرسەی ژنان بەتوندی رەخنەیان لێگرتن. فەوزیە گوتی:" لەپەرلەماندا ژنانی شارەکانی دیکە باسیان لەکێشەکانیان دەکرد، بەڵام بۆ جارێکیش نەمانبینی پەرلەمانتارانی زاخۆ دەستهەڵبڕن و باس لەکێشەکانمان بکەن".

هەرلەو پەیوەندییەدا بەرپرسی نووسینگەی پەرلەمانتارانی کوردستان لەزاخۆ شیرین عەبدولڕەحمان دینۆ، رەتی کردەوە کە پەرلەمانتاران نەیانتوانیبێت پەیامی ژنان بگەیەنن و گوتی:" لە یاسای باری کەسێتی و لەپرسی فرەژنیدا، ئێمە رۆڵی خۆمان هەبوو و بەپێی پێویستیش لەگەڵ لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەت هاریکاریمان هەبووەو چەندینجاریش دەستمان بۆ چارەسەری کێشەی ژنان هەڵبڕیوە".

بەپێی قسەکانی شیرین عەبدولڕەحمان ئەوان تەنیا بۆ ئافرەتان کار ناکەن، بەڵکو بەگشتی نوێنەری هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش هی شارەکەی خۆیانن. شیرین دەستنیشانی کرد:" بەبۆچوونی من نابیت بلێین پیاو نوێنەری پیاوانەو ژنیش نوینەری ژنانە، باشتر وایە هەر دوو بەبێ جیاوازی کار بکەن".

لەبەرانبەر ئەو رەخنانەی کە یەکێتی ژنان و ئافرەتان لە پەرلەمانتارانی ژنی زاخۆیان گرت، شیرینیش رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان بە کەمتەرخەم لەقەڵەم دەدات و دەڵێت:" رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان وەك پێویست نەیانتوانیوە خەڵکی ئاگادار بکەنەوە و لەناو گەلدا هۆشیاری دروست بکەن".




**پاڵێوراوی ئەندامی پەرلەمان لە لیستیی کوردستانی شیلان سندی**

**ئەو یاسایانەی کە لەپەرلەمانەوە لەدژی توندوتیژی دەرچوون هەنگاوێکی باش بوون، بەڵام بەداخەوە وەک پێویست کاریان پێنەکراوە و ئەو کەسانەی کە توندوتیژییان لەدژی ژن کردووە لەماوەیەکی کورتدا ئازاد کراون و وەک پێویست بەرەوڕووی سزادان نەبوونەتەوە**

بەپێی زانیارییەکانی وارڤین پەرلەمانتارانی ژنی زاخۆ تەنیا بۆ یەکجاریش سەردانی یەکێتی ژنانیان نەکردووەو قسەکانی فەوزیە ئەو زانیارییانەی پشتراست کردەوە:" نوێنەرانی ژن قەت نەهاتنە بارەگاکەمان، دەبوایە ئەوان خۆیان وەك نوێنەری زاخۆ نیشان بدایە".

شیرین دینۆ لەوبارەیەوە دان بەوەدا دەنێت کە ئەوان کەمتەرخەم بوون بەرانبەر بەیەکیەتی ژنان و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە ئەوان سەردانیان کردبان چونکە دەرکەی نووسینگەکەیان بۆ هەمووان کراوە بووە".

لەخولی ئێستای پەرلەماندا (٣١) ئەندام پەرلەمانی ژن هەیە و هەروەها لە دانیشتنێکی ئاسایی پەرلەماندا بڕیاردرا کە ڕێژەی بەشداریکردنی ژنان لە٢٥٪ وە بۆ ٣٠٪ بەرز بکرێتەوە، بەو پێیەیش پێدەچێت لەخولی داهاتووی پەرلەماندا ئەم ژمارەیە بەرز ببێتەوە.

لەسەرجەم ٣٩ پارت و لایەنەکان٥٠٧ پاڵێوراو هەیە کە١٦٩ کەس لەوانە ژنن و ناوی پاڵێوراوە ژنەکانی زاخۆیش لەکۆتایی لیستەکاندان، بۆیە پێشبینی دەکرێت ڕێژەی پەرلەمانتارانی ژنی خولی نوێی پەرلەمان لە زاخۆ لەخولی پێشووی کەمتر بێت.

بەپێی چاودێرانی سیاسی خولی نوێی پەرلەمانی کوردستان بەهۆی ململانێی پارت و لایەنە جۆراوجۆرەکان لەخولی پێشووی گەرموگوڕتر دەبێت.

شیلان سندی پاڵێوراوی لیستی کوردستانی لەزاخۆ دەڵێت کە لەگەڵ ژنان دانیشتووە و هەموو ئەو خاڵانەی کۆکردووەتەوە کە جێی گلەیی ژنانی زاخۆن، ئەو گوتی:" من لەکاری خۆمدا جیدیم و ئەگەر بچمە پەرلەمان بەتۆکمەیی کار لەسەر کێشەو گرفتی ژنان دەکەم".

بەپێی چاودێرانی پرسی ژن، توندوتیژی لەدژی ژنان یەکێك لەکێشە سەرەکییەکانی کابینەی پێنجەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو و حکوومەتیش هەندێك هەنگاوی ئەرێنی لەو بوارەدا هەڵگرت، بەڵام ئەو هەنگاوانە بەگوێرەی پێویست نەبوون و پێویستە حکوومەتی نوێیش تەواوکەری ئەو هەنگاوانە بێت. وەك چاودێرانی مافەکانی مرۆڤ ئاماژەیان پێداوە کوشتنی ژن لەسەر شەرەف یەکێك لەو خاڵانە بووە کە سیمای حکوومەت و هەرێمی کوردستانی لەناو وڵاتانی بیانیدا ناشیرین کردووە.

شیلان سندی کە١٧ساڵ لەئەوروپا و لەوڵاتی نەرویج ژیاوەو لەریکخراوەکانی ئافرەتان کاری کردووە لەوبارەیەوە گوتی کە ئەو یاسایانەی کە لەپەرلەمانەوە لەدژی توندوتیژی دەرچوون هەنگاوێکی باش بوون، بەڵام بەداخەوە وەك پێویست کاریان پێنەکراوە و ئەو کەسانەی کە توندوتیژییان لەدژی ژن کردووە لەماوەیەکی کورتدا ئازاد کراون و وەك پێویست بەرەوڕووی سزادان نەبوونەتەوە.



بەرەڤان ئەحمەد

# یەکگرتنی ژنان



سیما مستەفا

کاتێك باسی کاری ژنان، یاخود گرفتێکیان دەکرێت هەمیشە پیاو دەڵێت:( ژن ناتوانن پێکەوە کار بکەن و ناگونجێن)، شەڕ و تێکهەڵچوونی منداڵانی کوڕ و پیاوانیش وەها لێکدراوەتەوە کە( کێشەیەك هەیە و دەبێ چارەسەر بکرێت).

ئێمە وەها گەورەبووین و پەیوەندییەکانیشمان گۆڕان، باسی شەڕ و کێشەش گۆڕا، بەڵام ئەو واتایەی کە بۆ کێشەی نێوان ژنان پێناسە کرابوو، قەت نەگۆڕان و دیسان گوتیان( ئەوانە ژنن و ژنیش ناتوانن پێکەوە هاوڕابن)، ئەوەش بووەتە پێناسەی ئێمەی ژن، بەپێچەوانەی ئەوەش کێشەی نێوان پیاوان وەك پرسێك پێناسە کرا، لە بە دوای چارەسەری گەڕان.

هەرچەندە بیری لێ دەکەمەوە، ناتوانم لەوە تێ بگەم، بۆچی ئێمەی ژن لە هەموو بوارەکاندا لە( کەتەگۆرییەکدا) جێ دەکەنەوە، بەڵام کاتێك باسی مافی ژنان بکەین، پێماندەگوترێت:" ئێوە بەس دەتوانن کێشەی خۆتان چارەسەر بکەن و چۆن دەزانن کێشەی ژنەکانی دیکە چییەو خۆتان دەکەنە بەرپرسیاریان و لەجێی ئەوان قسە دەکەن" کاتێك بیانەوێت ئێمە بناسێنن، هەموومان دەخەنە ناو (کەتەگۆرییەکەوە) کە لەمێژە پێناسە کراوە، لەکاتێکیشدا ئەگەر ئێمە بێدەنگ نەبین، لەدژی ئەو پێناسە کۆنە شەڕ بکەین، ئەوکاتیش پێماندەڵێن( ئەو ژنە لە پیاو دەچێت).

ڕاستییەکەی لەوەدایە کە ئەوان ئەو هەموو شتە لە شەوێکدا ناڵێن، بەڵکو لە منداڵییەوە هێدی هێدی هەموو ئەو شتانە بە گوێماندا دەدەن، تا ئەوەی کە ئێمەش بۆ خۆمان ڕازی دەبین و بە خۆمان دەڵێین( ئێمە ژنین و کارکردن و هاودەنگی و یەکگرتنمان کارێکی ئەستەمە)، هەرکام لە ئێمە بەشێوەیەك لە شێوەکان، لەگەڵ هەموو دەرد و ئێشەکاندا ئەو ڕستەیە بۆ خۆمان دووپات دەکەینەوە، لەبەر ئەوەی کە ڕێگە چارەیەك بۆ خۆمان نادۆزینەوە.

بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ڕاستەقینە، پێویستە هەموو ژنان پێکەوە دابنیشن و باس لە یەکگرتن و هاودەنگی بکەن.

لەڕاستیدا یەکگرتنی ژنان چییە و بۆچی وابیر دەکەینەوە، کە یەکگرتنمان شتێکی زەحمەتە؟ ژنی (باش) کە بتوانیت لەگەڵی کار بکەیت و هیچ کێشەیەکیشت بۆ دروست نەبێت کێیە؟ تایبەتمەندییەکانی چین؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری پەیوەست بەوانەوە، ئەو بیرۆکەیە ئاشکرا دەکات کە ئایا ئێمەی ژن خۆشمان بەو پێناسەیە کە کۆمەڵگە بەوە ئێمەی ناساندووە، سەیری یەکتر ناکەین وەها یەکتر نابینین؟

وەرن با ئێمە باسەکەی خۆمان بە پێناسەیەك لە ژن دەست پێ بکەین و لە خۆمان بپرسین، چۆن ژن دەناسین؟ ئایا پێناسەی (ژنی باش و پاك و عاقڵ) کە کۆمەڵگە ناساندوویەتی، لەمێشکی ئێمەوە هاتووەتە دەرەوە یان ئێمە پێناسەیەکی دیکەمان بۆ ژن دۆزیوەتەوە؟ لەو بڕوایەدام کە وەڵامی ئەو پرسیارانە نەرێیە و ئەو نموونانەی لامانن لەناو ژناندا هەن، ئەوە دەردەخەن کە هێشتا ئێمە خۆمان لەو پێناسە کۆنەی بەسەر ئێمەدا سەپێنراوە ڕزگار نەکردووە، بۆ نموونە یەکێك لەو تۆمەتانەی کە لەلایەن خودی ژنانەوە، دەخرێتە پاڵ ژنانی پسپۆڕ و چالاك لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ئەوەیە کە دەڵێن(هەندێك ژن بەس لە دوای خۆدەرخستنن و لەدووی بەرژەوەندی ماددی و پۆست دەگەڕێن و...)

ئێمە دەتوانین بیر لەو بکەینەوە، کە ئەگەر ئەو تایبەتمەندییانە بۆ ژنان باش نەبن، ئەوکات کام ژنانە باشن؟ ئەی ئەو ژنانەی کە بە هەموو شتێك ڕازی دەبن، بێبەش دەمێننەوەو سەری خۆیان دادەخەن و بەبێ هیچ داخوازێکی ماددی و مەعنەوی کار دەکەن بەدرێژایی تەمەنیان" گرێدایی" یان "کۆیلە" دەمێننەوە، باشن؟ ئەگەر کێشەکە ئەوەیە با سەرمان دابخەین و بێ هیچ ویستێك کار بکەین، دوای ماددیاتی ژیان نەگەڕێین و ڕازی بین بەو شوێنەی کە هەمانە، بەو شێوەیەی کە هەمیشە "پەیوەست" بمێنینەوە، ئیدی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکان چ پێویستییەکی هەبوو؟

دایکانمان هەموویان بەمشێوەیە ژیاون، سەریان دانەواندووەو بێ هیچ داخوازییەك گەورەیان کردووین، هیچ شتێکیان لەماڵی دونیا نەویستووەو لە لەدایکبوونی خۆیان ڕازی بوونەو بە باوك و مێرد و برایانەوە پەیوەست بوون، پرسیارێك کە دێتە ئاراوە ئەوەیە، چ وەڵام یان چارەسەرێکمان هەیە تا لەشوێنی ئەو پێناسەیەی دابنێین کە کۆمەڵگە هەزاران ساڵە، بۆ ئێمەی ژنی نووسیوەو بەجێیهێشتووە.

لەلایەکی دیکەوە زێدەخوازی بۆ پیاوان وەك

www.netewe.com

تایبەتمەندییەکی باش پێناسە دەکرێت، و ئێمەش ئەو تایبەتمەندییە بۆ ژنان بەباش نازانین، ئەگەر وەها نییە بۆچی ئێمەی ژن خۆمان لە دوای ئەو پیاوانە دەگەڕێین کە پێشکەوتوون و قۆناغگەلی بەهێزی و ماددییان بڕیوە، پیاوێك کە پێشنەکەوتبێ و تایبەتمەندی زێدەخوازیی کەم بێت پێیدەڵێن (بێ لیاقەت) و ئێمەی ژنیش خۆمان حیسابی بۆ ناکەین، بەڵام بۆ ئێمەی ژن پێشکەوتن گوناهە، لەبەر ئەوەی خۆمان ئەو ژنانەمان خۆش دەوێت و بەزەییمان پێیاندا دێتەوە کە (بێهێز و بێچارەن)، لەلایەن باوك و برا و پیاوەکانیانەوە لێیاندەدرێت، هێشتا لە پێناسەکەماندا، سەبارەت بە ژنی باش (ژنی بێهێز و بێچارە) بیرمان دێنێتەوە، دەبێ ژن تۆزێك هار نەبێت تا بتوانین هاوسۆزی بکەین، بەڵام بیر لەوە ناکەینەوە کە باشی ژنی بێچارە و بێدەنگ چییە؟

تەواوی ئەو شتانە لەسەر یەکگرتنی ژنان و یەکدەنگییان و پێکەوە کارکردنیان کاریگەری هەبووە، هەرکام لە ئێمە لەو کارە گرووپی و کۆمەڵایەتییەدا کە ئەنجامانداوە، زۆرجاران بێ ئەوەی لەخۆمان بپرسین بۆچی کارە گرووپییەکانمان نەبێتە هۆی پێشکەوتنی هەندێك ژنان، لەکاتێکدا کە ئەگەر کاری گرووپی وردە وردە هەبووایە دەبووە هۆی پێشکەوتنی چەندین ژن و نەدەگەیشتینە ئەمڕۆژە.

یەکێك لەو کێشانەی کە زیان بە یەکگرتنی ژنان دەگەیەنێت، ئەوەیە کە ئێمە بەخێرایی دەمانەوێت بگەینە ئەنجامەکەی، ئێمە بۆ ڕێوڕەسمێکی سانا ڕۆژان و هەفتانە کار دەکەین، بێئەوەی هیچ بەرژەوەندییەکمان پێ بگەیەنێت، بەڵام بۆ کاری گرووپی و بەکۆمەڵ، ماوەیەکی کەم تەرخان دەکەین و دەشمانەوێت کە لە ماوەیەکی کورتدا بگەینە ئەنجام.

جگە لەوەش کێشەیەکی دیکە ئەوەیە، هەمیشە وەك مامەڵەی تاك سەیری کاری بەکۆمەڵ دەکەین، کاری گرووپی و یەکگرتنی گرووپی لە ئەنجامی بەرژەوەندی گشتی و چین و توێژێکی تایبەتدا جێبەجێ دەکرێت، هیچ پەیوەندییەکی بە تایبەتمەندیە ئەخلاقییەکانی ئەندامانی گرووپ و چین و توێژێکی دەستنیشانکراو نییە.

بەڵام دیسان کێشەی ئێمەی ژن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هێشتا کاری گرووپ و یەکگرتنی کۆمەڵایەتیمان لەگەڵ مامەڵەیەکی دۆستانەدا جیا نەکردووەتەوە.

لەبەر ئەوەش جارناجار ئەو ڕەخنە هزری و تیۆرییانەی کە لەیەکتری دەگرین، دەبێتە هۆکاری دوژمنایەتی تاکی و هەندێکجاریش، ڕەخنەنەگرتن دەبێتە هۆی دۆستایەتی، تەواوی ئەو شتانە دیسان بۆ نەبوونی پێناسەی ئێمە یان هەڵەی ئێمە لە بەرژەوەندی هاوبەش دەگەڕێتەوە.

ئەوەی کە ئەمڕۆ کارە گرووپییەکانمان و یەکگرتنمان دەخاتە ئاستەنگ، خاوەن رابردوویەکی کۆنەو بۆ تافی منداڵیمان دەگەڕێتەوە.

پیاوان لەمنداڵیدا بەشێوەیەکی سروشتی، لە کۆڵان و شەقامەکاندا فێر دەبن کە پێکەوە یاری، شەڕ بکەن و کێشەکانیشیان چارەسەر بکەن و، لێکدانیش بشارنەوە و بە هەر شێوەیەك بێت لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیان بگونجێن.

بەڵام منداڵی کچ پێچەوانەی منداڵی کوڕە، منداڵانی کچ فێر دەبن کە تایبەت بە خۆیان بن و هەر لە منداڵییەوە پێیان دەگوترێت، کە نابێ وەك کچی فلانی بێت، تۆ لەگەڵ ئەو جیاوازی و بەو شێوەیەش ڕێگای تایبەت بەخۆبوون و بەتەنیا مانەوە فێر دەبن، کاتێکیش گەورە دەبن پێویستە فێربن، کە چۆن خۆیان لە کچانی دی جیا بکەنەوە و ڕێگای گەورەبوون بە تەنیا تێپەڕێنن، لەبەر ئەوەی چاوەڕوان دەکات کە کەسانێکی دی ئەو هەڵبژێرن و بۆ ئەوەی لەو کێبڕکێیەدا سەربکەوێت دەبێ لەناوخۆیدا بێت و لەکەسانی دی هیچ فێرنەبێت و لەهیچ کچێکی تر نەچێت، ئا لەوێدایە کە کچ پەنا بۆ بەرهەمی فراوانی کەلوپەلی ماکیاژ و بەهەزاران کەرەستەی دیکە دەبات.

لەکاتی پێگەیینەوە ئێمە فێر دەبین، کە کچانی دیکە رکابەری بەختەوەریمانن، بۆیە بەڕاستی هیچ کەس بەو شێوەیە نابێتە کەسێکی گرنگ، لەبەر ئەوەی ئەو گەورەبوونەی کە کۆمەڵگە لە ئێمەی دەوێت و بەپێوەری کۆن پەروەردەمان دەکات، نابێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە لەگەڵ کەسێکی دیکە دا جیاواز بین.

تەواوی ئەو جیاوازیخوازییانەی کە بە پێوەرەی کۆمەڵگە هاتوونەتە گۆڕێ، دەبنە هۆکاری لەناوچوونی توانای ئێمەو لەئەنجامدا متمانەو بڕوای خۆمان لەدەست دەدەین و لەبەر ئەوەش ناتوانین کاری گرووپی ئەنجام بدەین، بۆیە کاتێك کاری گرووپی نەبێت، یەکگرتنی ژنان و یەکدەنگییان دروست نابێت، باوەڕبەخۆبون، یەکێك لە پێویستییە هەرە گرنگەکانی کاری گرووپییە.

یەکێک لەو کێشانەی کە زیان بە یەکگرتنی ژنان دەگەیەنێت، ئەوەیە کە ئێمە بەخێرایی دەمانەوێت بگەینە ئەنجامەکەی، ئێمە بۆ ڕێوڕەسمێکی سانا ڕۆژان و هەفتانە کار دەکەین، بێئەوەی هیچ بەرژەوەندییەکمان پێ بگەیەنێت، بەڵام بۆ کاری گرووپی و بەکۆمەڵ، ماوەیەکی کەم تەرخان دەکەین و دەشمانەوێت کە لە ماوەیەکی کورتدا بگەینە ئەنجام.

## چالاكڤانێكی بواری ژنان:

# ژنه پەرلەمانتارەكان لە خەڵك دوور بوون و گلەییەكانیان نەدەبیست

دهۆك

**وارڤین:** لە دەڤەری دهۆك رۆڵی ژن لەگۆڕەپانی سیاسیدا تا چ رادەیەكە؟

**زەكیه ساڵح:** بۆ ئەوەی باشتر ئاگادار بین لەرۆڵی ژن پێویستە بۆ قۆناغەكانی بەر لەراپەڕین بگەڕێینەوە. ژنی كورد لەسەردەمی شۆڕشەوە تائێستا بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوەو بەپێی هەلومەرجی سەردەم لەگۆڕەپاندا ئامادەبووە. یەكەم، سەردەمی شۆڕش: ژن لەبواری سیاسیدا كاری دەكرد و لەو كاتەدا لیژنەیەك بەناوی ئافرەتان هەبوو كە لەلایەن كۆمەڵێك لەژنانەوە دروستكرا بووەو و بۆ دەستەبەركردنی مافەكانی ژن و ئازادكردنی نەتەوەو وڵاتدا خەباتیان دەكرد.

دووهەم، قوناغی راپەڕین: لەم قۆناغەدا ژنانێك هەبوون كە لەبواری سیاسیدا كاریان دەكرد و هەم هاریكاری پێشمەرگەیان دەكرد. لەلایەكەوە منداڵانیان پەروەردە دەكرد و پێشكەشی شۆڕشیان دەكرد و لەلایەكی دیكەیشەوە گەورەترین هاریكار بوون. بەڕای من پەروەردەكردنی منداڵان بۆ شۆڕش گەورەترین خزمەتێك بووە كە ژنی كورد كردوویەتی. ژنی كورد وەك هاوتا پیاوەكەی لەتەعریب و گواستنەوە و كیمیاباران بێبەش نەبووەو لەگەڵ ئەوەشدا لە پرۆسەی ئەنفالدا رێژەیەكی زۆری ژنان كەوتنە بەر شاڵاوەكەو بارگرانییەكی زۆریان كەوتووە سەرشان و ئێستایش ناچارن هەم ئەركی دایكی بەجێبێنن و هەمیشە بۆ منداڵەكانیان باوك بن.

قۆناغی سێهەم: پاش راپەڕین، ژن رۆڵێكی بەرچاوی هەبووە لەرێكخراوەكان و دامودەزگا حكومییەكاندا و هەروەها لە سیستەمی پەرلەمانیشدا ژنان بەشدار بوون و بەپێی هەلومەرجی سیاسی و كۆمەڵایەتیش لە دەیان رێكخرا و دەزگا ناحكومییەكاندا بەشدارن و هەوڵ بۆ ئاوەدانی كوردستان و دەستەبەركردنی مافەكانی ژنان دەدەن. بۆ نموونە ئەگەر سەیری پارێزگای دهۆك بكەین دەبینین كە ئێستا رێژەیەكی زۆر كارمەندی ژن لەناو دامودەزگاكانی حكوومەتدا كار دەكەن. هەروەها ئەگەر سەیری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەكانی پارێزگا وشارەوانییەكانی ساڵی ٢٠٠٠ بكەین بۆمان دەردەكەوێت كە رێژەیەكی بەرچاوی ژن بەشداربوونە و ئەركیان پێ سپێردراوە. دیسان ئەگەر وردبینەوە بۆمان دەردەكەوێت كە پارێزگای دهۆك لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان و عێراق وەزیر و پەرلەمانتاری هەیە.

**وارڤین:** ئایا ژنە پەرلەمانتارەكان وەك پێویست چالاك بوونەو لە زەمینەی بڕیارداندا بەشدارییەكی ئەكتیڤیان هەبووە. تاچ رادەیەك هاتوونەتە ناو خەڵك؟

زەكیه ساڵح: ئەگەر سەیری پەرلەمان بكەین خول بۆ خول گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ نموونە لەخولی یەكەمدا رێژەی ژنان كەم بوو، لەخولی دووهەمدا گەیشتە٢٥٪ و لەخولی ئێستایشدا بووەتە٣٠٪. ئەگەر سەیری رەوتی گۆڕانەكان بكەین ناتوانین بڵێین كە هەموو ژنان چالاك بوون، یان هەموویان لاواز بوونە، وەك ئەوەی ناتوانین بێژین كە پیاوانیش هەموو لاواز، یان چالاك بوون. بۆیە لەناو ژنانیشدا وەك پیاوان كەسی چالاك هەبووەو كەسی لاوازیش هەبووەو ئەوەش رێژەییە. راستییەكی حاشاهەڵنەگرە كە كوردستان كۆمەڵگەیەكی پیاوسالارە و هەمیشە ژنان دەخرێتە ژێر میكرۆسكوپی چاودێری و دەگوترێت چالاك نین، بەڵام بەبڕوای من ژنانی پەرلەمان كاریان كردووەو بەرهەمەكەشیان دیارە. یاسای باری كەسێتی و چەندین یاسای دیكە ئەوەمان بۆ دەردەخات. بەڵام لەلایەكی دیكەوە ڕەخنەی من لەئەندامە ژنەكانی پەرلەمان ئەوەیە كە ئەوان لە خەڵك دوور بوون و گوێیان لەگلەیەكانی خەڵك نەدەگرت. لەگەڵ رێزمدا بۆیان من تەنیا ئەندام پەرلەمانەكانی دهۆك بە نموونە دەهێنمەوە، ئەگەر بچیتە ناو خەڵك و راپرسییەك بكەی زۆرینەی خەڵك ناوی ئەو ئەندام پەرلەمانانە نازانن كە بۆماوەی ٤ ساڵە وەك نوێنەری ئەوان كار دەكەن.

**وارڤین:** ئایا ژنان حەز بەسیاسەت دەكەن یان زیاتر حەزیان لەبوارەكانی دیكەیە، بۆ نموونە بواری كۆمەڵایەتی و تەندروستی. تاچ رادەیەك رێكخراوەكان یان پارتەكانی كوردستان توانیویانە ژن بۆ گۆڕەپانی سیاسی ئامادە بكەن؟

**زەكیه ساڵح:** ئەگەر سەیری كولتوری وڵاتانی



**پرۆفایل**

*زەكیه ساڵح لەساڵی ١٩٦٧ لەدایكبووە.

* بەشی زمانی كوردی لەپەیمانگەی مامۆستایان تەواو كردووە.

* دەرچووی كولێژی یاسایە لەزانكۆی سەلاحەدین.

* بەرپرسی یەكێتی ئافرەتان بووە لەدهۆك.

* ئەندامی نووسینگەی سكرتاریەتی ئافرەتان و بەرپرسی بەشی رێكخستن و راگەیاندن بووە.

* ١٩٩٨، بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی دهۆك.

* ٢٠٠٤، بووەتە كارگێری لقی یەكی پارتی دیموكراتی كوردستان و لەبەشی نووسینگەی دارایی كار دەكات.

www.netewe.com



دیمەنێك لە چالاکی کچان - هەولێر

ڕۆژهەڵاتی ناڤین بکەین کە کوردستانیش دەگرێتەوە، دەگوترێت سیاسەت کارێکی پیاوانەیە، یان دەگوترێت درۆیەو کەسانێکی درۆزنی دەوێت. بەڕای من سیاسەت جگە لە پراکتیك، زانستێکەو هەموو کەسێك ناتوانێت لێی تێبگات، یان هەموو کەس حەزی لێ ناکات. حەز کردن ڕێژەییە، کەس هەیە ڕەنگە حەزی لەبواری کۆمەڵایەتی بێت و کەسیش هەیە حەزی لە سیاسیە. لەگەڵ ئەوانەیشدا بەڕای من ڕێکخراوەکان لە کوردستان تا ڕادەیەکی باش توانیویانە ئەو دەرفەتە بۆژنان بڕەخسێنن تا خۆیان لە بواری سیاسیشدا تاقی بکەنەوە. بۆیە پێویستە ژنان بەو ڕوانگە کلاسیکەوە نەڕواننە سیاسەت، بەڵکو لەڕێگای زانستەوە ڕووداوەکان شرۆڤە بکات و ببێتە خاوەن ڕوانگەیەکی تایبەت. لەکوردستان لەناو پارتە سیاسییەکاندا ژنان گەیشتوونەتە پلەی سەرکردایەتی و هەروەها لەحکومەتیشدا بوونەتە وەزیر، لەحاڵێکدا لە هەندێك لە وڵاتانی دەوروبەری ئێمەدا تازە ڕێگە بەوە دەدرێت کە بێنە پەرلەمان یان مافی دەنگدانیان پێدەدرێت.

**وارڤین:** بەڕای ئێوە بۆچی ژنانی کوردستان لەناوەندەکانی بڕیار دوورن؟

**زەکیە ساڵح:** یەکێك لەهۆکارەکانی بەشدارنەبوون و دووربوونی ژنان لەناوەندەکان بڕیار جگە لەهۆکارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و کولتوری پیاوسالار، ئەوەیە ژنانی دەرچووی زانکۆکانی کوردستان تەنیا بیر لەوە دەکەنەوە کە زانکۆیان تەواو کرد لەشوێنێك دامەزرێن و سەرچاوەیەکی بژێوی بۆ خۆیان پەیدا بکەن. کە لەڕاستیدا نابێت تەنیا بیر لەوە بکەنەوە، بەڵکو دەبێت بوارەکانی دیکەیش تاقی بکاتەوە یان لە پارت یان لە ڕێکخراوێکدا کار بکەن و لەو ڕێگایەشەوە خۆیان لەناوەندەکانی بڕیار نزیك بکەنەوە.

**وارڤین:** بەڕای تۆ دانانی ڕێژە بۆ بەشداربوونی ژنان لەپەرلەمانی کوردستاندا پێویستە یان نە؟

**زەکیە ساڵح:** کاتێك دەگوترێت ڕێژەی لە٢٥٪ یان ٣٠٪ مەبەست ئەوەیە کە نابێت ڕێژەی بەشداربوونی ژنان لەوە کەمتر بێت، واتە دەکرێت ئەو ڕێژەیە لەوە زیاتر بێت، بەڵام نابێت کەمتر بێت. دانانی ڕێژە بۆ ئەوە بووە کە لەکۆمەڵگەی پیاوسالاری ئێمەدا ژن بۆ خۆی نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەیە کە بڕوا بەوە بکات کە هیچ جیاوازییەك لەنێوان تواناکانی پیاو و ژندا نییە، بۆیە بەڕای من هەبوونی ئەو ڕێژەیە بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا باشە، بەڵام بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیك لە قۆناغەکانی داهاتوودا لادەچێت.



هەڵز عەلی

www.netewe.com

# لـ
# داهـــــات



**هێلینا ئیسمیت**

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە جیهانی عەرەبدا، بەشداریکردنی ژنان لە چالاکییە بازرگانی و ئابوورییەکاندا ڕوو لە زیادبوون دەکات، ماوەیەك لەمەوپێش، لە بینای تایبەتی شارەوانی لەندەن میواندارییەکی جیاواز بەڕێوەچوو کە لە جۆری خۆیدا زۆر جیاواز بوو، شێخە لبنی ئەلقاسمی یەکەمین ژنە وەزیری ئابووری جیهانی عەرەب، لەگەڵ ٣٠٠ ژنە عەرەبی دیکەدا میوانی ئێوارەخوانی شارەداری لەندەن بوون، سەرەڕای ئەوەی بانگهێشتی ئەوان بۆ ئەم ڕێوڕەسمە لە چوارچێوەی پتەوکردنی پەیوەندیی ئابووری و بازرگانیی لەگەڵ بەرپرسە سەرەکییەکانی بارزگانی بەریتانیا دا ڕێکخرا بوو، بەڵام پەیامێکی گرنگتریشی هەبوو.

پەیامەکەیش ئەوە بوو کە ئەو ژنە بازرگانانە لە مەغریبەوە بگرە تا عەممان خەریکی بەدەستەوە گرتنی سەرەداوەکانی ئابووری وڵاتەکانیانن، ئەلقاسمی کە بەرزترین پۆستی کابینەی وەزاری ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بەدەستەوە بووە، دەڵێت:" ئەگەر ئاوڕێك لەمێژووی ئیسلام بدەیتەوە، بۆت دەردەکەوێت کە پێغەمبەری ئێمە لەگەڵ ژنێکی بازرگان بەناوی خەدیجەدا پەیوەندی هاوسەرێتی بەستووە، ئەو پێغەمبەری دامەزراند تا لەگەڵی کار بکات". ئەلقاسمی لەکاتی هێنانە زمانی ئەم قسەیەدا پێدەکەنێت.

پاشان لەحاڵێکدا کە دەست لە سەرپۆشەکەی دەدات، وەها دەدوێت:" ڕۆژئاوا هەمیشە وەك هێمایەك بۆ سووکایەتی کردن بە ژنان دەڕوانێتە سەرپۆش، بەڕای من ئەمە کێشەیەکی بنەڕەتییە، ئەوان وەها بیر دەکەنەوە کە ئەگەر ژنێك خۆی داپۆشێت، لە گێڕانی ڕۆڵی سەرەکی لەکۆمەڵگەدا دوادەکەوێت، لە حاڵێکدا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دروست نییە، لە ئیمارات پێشکەوتنی ژنان بەرچاوە، ئەوان بەخێرایی دەست بە سەر کارە بازرگانی و ئابوورییەکاندا دەگرن.

ئەلقاسمی کە لە زانکۆی کالیفۆرنیای ئەمەریکا خوێندوویەتی، نموونەیەکی تەواوی ژنێکە کە زۆربەی گومان و خەیاڵەکان سەبارەت بە ژنی موسوڵمان لە هزری ڕۆژئاواییی دەسڕێتەوە، ئەو کە لە ساڵی ٢٠٠٤دا پۆستی وەزارەتی بەدەست هێناوە، ئابووری ئیمارات ڕووی لە گەشە کردووە، ئێستا دوبەی وەك "مانهاتان"ی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ناوبانگی دەرکردووە و بووەتە یەکێك لە گرنگترین ناوەندە بازرگانی و گەشتیارییەکانی جیهان.


لەم ڕوانگەیەوە ئەلقاسمی بە تەنیا نییە، بەراووردکارییەکان ئەوە دەردەخەن کە لە عەرەبستان، سەرەڕای ئەو سنوورانەی کە لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتیدا بۆ ژنان هەیە٤٠٪ سامانی نەتەوەیی بە دەستی ژنانەوەیە، لە مانگی دێسێمبەری ساڵی ٢٠٠٦دا ژنێك بۆ پۆستی ژووری بازرگانی عەرەبستان هەڵبژێردرا، شتێك کە ٥ ساڵ لەمەوبەر وێناکردنیشی ئەستەم بوو.

ئیلهام حەسەن کە ئەندامی پلەبەرزی کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتییە، دەڵێت:"

www.netewe.com

# ـه عـێراقەوە بۆ عەممان:

# ـوو هــی ژنانــه



لە رۆژئاوا هەندێك روانگەی كۆن لەبارەی ژنانەوە هەیە، بەڵام ئەگەر بێیتە وڵاتەكەی من كە( بەحرەین)ە گۆڕانكاری لە هەموو لقەكانی بازرگانیدا دەبینیت، ئەم گۆڕانە لە وڵاتە جۆراوجۆرەكاندا بەرێوەیە، بەڵام خێرایی گۆڕانەكە جیاوازە و پەیوەندییەكی زۆری بە پێشكەوتنی پەروەدەوە هەیە".

هەرێمی رۆژهەڵاتی ناڤین و جیهانی عەرەب، یەكێك لە پڕ كێشەترین هەرێمەكانی جیهانی ئێستامانە، پەرەسەندنی ئابووری وەك گەورەترین رێگر لە بەرانبەر ئاشتی و ئاسایشی ئەم هەرێمە ئاڵۆزە هەژمار دەكرێت، پێشبینی دەكرێت كە بۆ قەرەبووكردنەوەی رێژەی بەرزی بێكاری بەهۆی زیادبوونی رێژەی دانیشتووانەوە، تا ساڵی ٢٠٢٠ دامەزراندنی ٨٠ ملیۆن پیشەی نوێ پێویست بێت، بۆ دروستكردنی ئەم پیشە نوێیانە گەشەی ئابووری ساڵانە بە رێژەی ٧٪ پێویستە، ئەنجامی ئەم راستییە و هەروەها سەپاندنی بەجیهانیبوون لەوەی گەیاندوون كە گۆشەگیركردنی نیوەی وزەی كار، چیدی ناتوانێت ئەلتەرناتیڤێكی باش بێت، (لە عێراق، دوابەدوای چەندین ساڵ شەڕ و پێكدادان رێژەی ژنان لە ٦٠٪ی كۆی دانیشتوان پێكدێنێت).

رۆژهەڵاتی ناڤین و جیهانی عەرەب لەوە گەیشتووە كە ژنان سەرچاوەگەلێكی ئامادەو دەستلێنەدراون كە دەتوانن لە وەگەڕختنی ئابووری و گۆڕانی كۆمەڵایەتیدا كەڵكیان لێ وەربگرن. لە ئوردن، كە ژمارەی كچانی خوێندوار و هەڵگری بڕوانامەی بەرز رووی لە زیادبوون كردووە، هەوڵدانێك لە ئارادایە تا كو پۆستگەلی بەڕێوەبەرایەتی و خولقاندنی كار بە ژنان بسپێردرێت.

هەر لەوبارەیەوە( سلێمان ئەلتەحلان) سەرنووسەری رۆژنامەیەكی لۆكاڵی لە عەرەبستان دەڵێت:" خەڵكی لە سیاسەتمەدارانی پیاو بێزار بوونە، ئەوان دەبینن كە هیچ هەوڵێكی راستەقینە بۆ چارەسەری كێشەكان و هیچ پەرەسەندنێكی جیددی لە هەرێمەكەدا روو نادات، هەر ئەمەیش بووەتە هۆی ئەوەی كە خەڵكی متمانەیەكی زیاتریان بە ژنان هەبێت".

لەلایەكی دیكەوە، بەشی نەوتیش یارمەتیدەری گۆڕینی رەوشەكە بەقازانجی ژن بووە. ماوەیەك لەمەوپێش كۆمپانیای نەوتی رۆیاڵ دۆچ شێل لە لەندەن رایگەیاند كە بەنیازە لە نێوان كارمەندە ژنەكانیدا ژمارەیەكی زیاتر لە ژنانی رۆژهەڵاتی ناڤین دابمەزرێنێت، هۆكاری ئەم بڕیارەیش لەلایەكەوە كەمبوونەوەی سەرچاوە نەوتییەكان و سەختتر بوونەوەی دەرهێنانی نەوت و هەروەها كەمبوونەوەی ژمارەی ئەندازیاران بوو. ( رۆكسانا دۆك) یەكێك لە بەڕێوەبەرانی كۆمپانیای دۆچ شێل دەڵێت:" ئێمە لە پیشەسازی نەوتدا هێزی پێشكەوتووی كەممان هەیە، بۆیە لە دۆزینەوەیاندا تووشی كێشە هاتووین و ئێستایش دەمانەوێت لەناو دانیشتوانی رۆژهەڵاتی ناڤین و ئاسیا دا بە تایبەت ژنان، درێژە بەگەڕان بدەین".

(رجا خەزاع) ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی حكوومەتی كاتی عێراق كە لە نووسینەوەی دەستووری هەمیشەییدا رۆڵی هەبووە، دەڵێت:" جیلی نوێی ژنانی عێراق دەیانەوێت لە كاروباری وڵاتەكەیاندا بەشداری بكەن، بەڵام پێویستییان بەپاڵپشتی و پەروەردە هەیە، من ٣ ساڵە نامە بۆ كۆمپانیای دۆچ شێل دەنووسم كە ئەو كارە بكەن كە ئێستا دەیانەوێت بیكەن".

هەندێك لە حكوومەتە عەرەبییەكان لە هەوڵی ئەوەدان كە پەیوەستبوونی خۆیان بەداهاتە نەوتییەكانەوە كەم بكەنەوە. عەرەبستانی سعوودی گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی جیهان دەویەوێت لەماوەی ١٠ساڵی داهاتوودا ٦٢٤ ملیارد دۆلار لە بەشی هەڵكەندی كانزاكان، دامەزراندنی كارخانەی كیمیاوی، دروستكردنی بەرهەمە نەوتییەكان، بوژانەوەی دامەزراوە ژێربیناییەكان و گەشتیارییدا سەرمایە دابنێت.

خەڵكی رۆژهەڵاتی ناڤین چاویان بڕیوەتە ئەوەی كە چاكسازییە ئابوورییەكان، چاكسازی سیاسی و لە پانتاییەكی فراوانتر دا كاریگەری جیئۆپلۆتیك لەگەڵ خۆیدا بێنێت، ژنانیش وەك بەشەكەی دیكەی كۆمەڵگە لە پێشخستنی هەرێمەكەدا رۆڵێكی گرنگیان دەبێت. پرۆفیسۆر( ئاسیە عەلایی) باڵیۆزی مەغریب لەمبارەیەوە دەڵێت:" ئەگەر ژنان ببنە جێی سەرنج، ئەم كارە كاریگەرییەكی بەرچاوی دەبێت هەموومان دەزانین كە پێویستمان بە چاكسازییە، بەڵام چاكسازی راستەقینە تەنیا كاتێك روودەدات كە زەینی ئێمەو كۆمەڵگە لە پانتاییەكی بەرفراوانتر دا چاك ببێت، ناتوانرێت چاكسازی بە خەڵكی بفرۆشرێت".

www.netewe.com

# ژنان لە ئەمەریکا چۆن روو لە گۆڕەپانی



ڕاڵف دانهایسەر- واشنتۆن: ڕاڵف دانهایسەر- واشنتۆن: لە هەڵبژاردنی پێشووی سەرۆککۆماری ئەمەریکادا پێنج ژن بۆ پۆستە فیدراڵی و ویلایەتییەکان هەڵبژێردران، لە کۆبوونەوەیەکدا بۆ هاوڕەگەزەکانیان، لەبەرێوەبەرایەتی دۆکیۆمێنتە نەتەوەییەکاندا باسیان لەچۆنیەتی سەرکەوتن و ئەزموونی خۆیان کرد، ئەوان گلەییان لەوە کرد کە گۆڕەپانی سیاسی ئەمەریکا هێشتا گۆڕەپانێکی پیاوانەیە و هەبوونی ژنان تێیدا ڕێژەییە.

ئەندامانی بەشدار لەکۆبوونەوەکەدا، بریتی بوون لە: مادلین کانین، قایمقامی پێشووی ویلایەتی ورمونت. جانت برادلی، جێگری قایمقامی ویلایەتی ئۆهایۆ و هەروەها نوێنەرانی ئەنجوومەنی ویلایەتەیەکگرتووەکان، گریس ناپۆلیتانۆ (دیموکرات لە کالیفۆرنیا)، مارشا بلکبورن (کۆماری لە تنسی) و مازیۆ هیرۆنۆ (دیموکرات لە هاوایی).

لە کۆبوونەوەکەدا هەموویان لەسەر ئەوە کۆك بوون، کە ئەوان بە بەراوورد لەگەڵ هاوتا پیاوەکانیان لەبەدەستهێنانی پۆستە سیاسییەکاندا، کەمتر پشتیان بە میتۆدە کلاسیکەکان بەستووە، زۆربەیان کارەکەیان لەپیشە خۆبەخشەکان و لە ئاستێکی لۆکاڵەوە دەستپێکردووە، چەندکەس لەوان بەپێچەوانەوەی پیاوانەوە دەیانگوت: "ژنان دەبێ لەسەر پێداگری کەسانی دیکە چالاکی بکەن و ڕاوێژ و ڕێنوێنی لەگەڵ ژنانی وەك خۆیان، کاریگەرییەکی باشی بەسەریانەوە دەبێت".

هەروەها هەندێکیان پێیانوابوو، ئەو ژنانەی دێنە گۆڕەپانی سیاسی وەك هاوتا پیاوەکانیان حەزیان لە بەدەستهێنانی دەسەڵات نییە، بەڵکو زیاتر حەزیان لە خزمەتکردنی کۆمەڵگەیە.

## لە چارەسەر کردنی پرسەکانیان دەگەڕێن

کانین کە سێ خول پۆستی قایمقامی پێ سپێردراوە، دەگێڕێتەوە کە ئەو وەك "دایکێکی نیگەران" هاتووەتە نێو گۆڕەپانی سیاسیەوە، کانین لەوە نیگەران بووە کە منداڵەکانی لەرێگای قوتابخانە، دەبێت بە هێڵی شەمەندەفەردا بپەڕنەوە، بۆیە خەباتێکی بۆ دانانی گڵۆپی ئاگادارکەرەوە دەست پێکرد، کانین دەڵێت:" من لەو بڕوایەدام، زۆرێك لەژنان بەهۆی کێشەیەکی لۆکاڵ یان بنەماڵەیی ڕوو لەگۆڕەپانی سیاسی دەکەن، تێدەفکرم کە دەبێت لە پرسێك، تووڕە یان نیگەران بن، ئێوە دەبێت ڕوانگەتان هەبێت تا بتوانن شتێك لەوەی کە ئێستا هەیە، جیاوازتر ببینن، خۆشبین بن و بڕواتان هەبێت ئەو کارەی کە دەیکەن بایەخدارە و بێمەبەست سەری خۆتان نایەشێنن".

کانین، لە منداڵییەوە لەگەڵ دایکی لەسویسرا هاتوونەتە ئەمەریکا، گوتی: " گەورەبوون



ندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا گریس ناپولیتانۆ (دیموکرات لە کالیفۆرنیا)




لەگەڵ خەونی ئەمەریکی و لەگەڵ دایکم کە دەیگوت لێرە هەموو شتێك دەکرێت، منی بەرانبەر بەم وڵاتە و تواناکانم گەشبین کرد".

## بیر لە خزمەتکردن دەکەنەوە

هیرۆنۆیش کە لەژاپۆن لەدایك بووە، باس لەکاریگەربوونی هەوڵەکانی دایکی دەکات. ئەو گوتی:" دایکم بەهێنانی من بۆ ئەم وڵاتە و دابینکردنی هەلی پەروەردە بۆم، ژیانمی گۆڕی، من وەك ڕێگایەك بۆ خزمەت بە وڵاتەکەم سیاسەتم هەڵبژاردووە". ئەو دەمەی ناپۆلیتانۆ بۆ یەکەمجار هاندرا بۆ رکابەری لەسەر بەدەستهێنانی کورسیەك لە ئەنجوومەنی شارەوانی نورواکی کالیفۆرنیا، دایکی ٥منداڵ بوو و کاریشی دەکرد، ناحەزان پێیاندەگوت کە تۆ وەك ئەمەریکییەکی ڕەچەڵەك مەکسیکی، ژن و دیموکرات سێ هۆکاری نەرێنیت لەدژی خۆت هەڵگرتووە". بەڵام ئەو بە بەدەستهێنانی ٢٨ دەنگ سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

برادلی، گوتی، بۆ بەدەستهێنانی پۆستی حکوومی، پێویستی بە پێداگری و هاندان بوو، سەرەڕای ئەوەی کە لە کۆمەڵگەکەیدا ژنێکی چالاك بوو، جاری یەکەم داخوازییەکانی بۆ بەدەستهێنانی پۆستێك لەئەنجوومەنی شارەوانی کلمبۆسی ئۆهایۆ رەت کردەوە. دواتر تێگەیشت ئەوە خاڵێکی وەرچەرخان دەبێت، دەرفەتێکی باش دەبێت بۆ ئەمەریکییەکی رەچەڵك ئەفریقی، بۆیە پەیامێکی تایبەت لە نوێنەرێکی کۆنگرەوە بڕیارەکەی یەکلاکردەوە.

دواتر بلەکبورن، باسی لەخەباتی سەرکەوتووی خۆی لەدژی سەپاندنی باج لەسەر داهاتێکی ویلایەتەکەی کرد کە لەیەکەمین خولی خزمەتیدا وەك سیناتۆری ویلایەتی تنیسی هەڵبژێردرا بوو، بە ژنانی گوت:" هەمووتان و یەك بە یەکتان توانای بەکارهێنانی جۆرێك لەرێبەریتان تێدایە و منیش لەو بوارەدا هانتان دەدەم". ئەلنور کلیفت، یاریدەدەری گۆڤاری نیوزویك لەوبارەیەوە گوتی:" رابردووی جۆراوجۆری ئەندامانی ئەم کۆبوونەوەیە دەریدەخات کە بۆ بەدەستهێنانی پۆستی حکوومی تەنیا یەك ڕێگای تایبەت و راستەوخۆ نییە، و ڕێگای ژنان زۆر جیاوازترە لەڕێگای پیاوان". هەروەها ئاماژەی بەوەکرد ژمارەی کەمی ژنان لە پۆستەکاندا ئەوەمان پیشان دەدات، کە هێشتا هەلبژێردران بۆ پۆستێکی حکوومی بۆ ژنان زەحمەتە.

## لە پۆستە حکوومییەکانی ئەمەریکا دا کەمینەن

کارۆل هاردی فانتا، بەڕێوەبەری ناوەندی ژنان لەسیاسەت و سیاسەتە گشتییەکانی زانکۆی ماساچوسێت دەڵێت: "سەرەڕای ئەوەی ژنان زیاتر لەنیوەی دانیشتوانی ئەمەریکا پێکدێنن، تەنها١٧٪ی کورسییەکانی کۆنگرەیان لەبەردەستەو لە قایمقامی ٥٠ ویلایەتیش تەنیا ٧یان بەرکەوتووە و بە پێچەوانەی فرەیەك لە وڵاتانی دیموکراتیك لەئەمەریکادا هێشتا ژنێك نەبووەتە سەرۆککۆمار".

هیرۆنۆ، کە لەشانۆی سیاسیدا بەردەوام بەرەوڕووی ناکۆکییە ڕەگەزییەکان دەبێتەوە، جەخت لە گرنگی رۆڵ و هاوکاریکردنی ئافرەت لە هەڵبژاردنی هاوڕەگەزەکانیان بۆ پۆستە حکوومییەکان دەکات و لەوبارەیەوە ئەوە دەخاتەڕوو:" بۆ رکابەریی هەڵبژاردنەکان پارە پێویستەو کۆکردنەوەی پارەش زۆر دژوارە، ژنان دەبێتە چیکەکانیان بکەنەوەو بەقەد ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ کڕینی جووتێك پێلاو خەرجی دەکەن، یارمەتی هاوڕەگەزەکانیان بدەن".

بلەکبورن، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕێبەری کوالیتییەکەو توانای گواستنەوەی هەیە، ژنان دەتوانن چۆنیەتی ڕێبەرایەتی لە گۆڕەپانێکدا فێر ببن و لە گۆڕەپانێکی دیکەدا بەکاری بێنن".

کانین، لەکۆتاییدا گوتی:" ئێمەی ژن دەبێت بۆ ئامانجە بەرزەکان خەبات بکەن، خەڵکی پێماندەڵێت کە ئێوە مرۆڤێکی ساناو بێتاوانن، ئەم وەسفانەیش دیمەنێکی جوانمان لێ پیشان دەدات".

سەرچاوە: America.gov



مادلین کانین، قایمقامی پێشووی ویلایەتی ورمونت

www.netewe.com

## كوردستان پیرداود:

# شەوی مارەبڕین ڤیزەم بۆ هاتەوە

زاخۆ

كوردستان پیرداوود لە زمانی خۆیەوە:

"ساڵی ١٩٦٤ لە هەولێر لەدایکبوومە، ١٩٧٢ بووەمەتە پێشمەرگەو لە ١٩٧٤ ئاوارەی ئێران بوومە. باوکم بە وەستا پیرەی فیتەر بەناوبانگ بوو. کارگەی ئاسنگەریمان هەبوو، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە هەولێر تەواو کردووە و لە ئێران فەرهەنگ و ئەدەبی فارسیم خوێندووە، دوای گەڕانەوەم بۆ هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٠ کۆلێژی پەروەردە بەشی کوردیم خوێندووە. چەندین بەرپرسیارێتیم لە ڕێکخراوەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەبووە. لە ٢٠٠٥، خولی چوارەمی پەرلەمان، لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان چوومە پەرلەمان. بنەماڵەکەمان پارتین و باوکیشم لە١٩٧٢ لە زیندانی قسری نیهایە لە بەغدا شەهید کراوە".

*بە گەنجی کچێکی چۆن بوویت و ژیانی ئەوساتان چۆن بووە؟

لە حەفتاکان، دەرکەوتن بۆ کچێك ئاسان نەبوو، بەڵام من کچێکی گوێڕایەڵ نەبووم. گوێم بەقسەی خەڵك نەدەدا، لەبەر ئەوەی خێزانەکەم لە پشتم بوون. زۆر متمانەم بەخۆم هەبوو و ئەوەش وایکرد بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ بم، خێزانەکەم ڕۆشنبیر بوون، ڕێگایان لێ نەدەگرتم. هەرچەندە دایکم لەبنەماڵەیەکی تورکمانی هەولێری بوو، بەڵام قەت ڕێی کوردایەتی لێ نەدەگرتین.

* پێش مێردکردن، دڵداریت کردووە یان کەسێك هەبووە خۆشت ویستبێت؟

بە داخەوە خۆشەویستیم نەکردووە، ئێستا دەبیستم فلان عاشقی فلانە و خۆشیدەوێت، زۆر پێمخۆشەو هەستی پێدەکەم. خۆزگە لەژیانمدا عەشق هەبووایە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئاوارە بووین، بەردەوام خەریکی حیزبایەتی و کوردایەتی بووین، مێردەکەشم تا نەهاتە خوازبێنیم نەمبینیبوو.

* ساڵی چەند مێردت کرد. چۆن یەکترتان ناسی؟

ئەویش ئاوارە و کادیری حیزب بوو و ساڵی ١٩٨٥ هاتە خوازبێنیم. ئەو خەڵکی دهۆکە و پێشتر یەکمان نەدیبوو و لەڕێگای برادەرەکانیەوە وەسفی منی بیستبوو. ئەو ساڵە من لەگەڵ یەك دوو برادەرم چاوەڕێی زەماله بووین کە بچین لە چیکوسلۆڤاکیا بخوێنین، بۆیە پێمگوت ئەگەر نەچوومە دەرەوە مێردت پێ دەکەم. دووساڵ چاوەڕێ بووم، کەچی ئەو شەوەی مارەبڕام ڤیزەم بۆ هاتەوە، بڕیارێکی زەحمەت بوو نەمدەزانی چیبکەم، ئەگەر مێردم دەکرد خوێندنم دەچوو، بەهەرحاڵ دوایی بڕیارمدا و مێردم پێ کرد.

٢٢ ساڵە مێردم پێ کردووە، خۆشی و ناخۆشی زۆرمان پێکەوە بینی، هەرچەندە خودا منداڵی نەدامێ، بەڵام لەو هاوسەرگیریە پەشیمان نیيم ( بە ساردیەوە)، مێردکردن تەنیا بۆ خۆشگوزەرانی نییە.

* دەڵێن ژنی دووەمت بەسەر هاتووە، ئەوە ڕاستە؟

ڕاستە، من خۆم ڕێگامدا مێردەکەم ژن بهێنێت، چوونکە منداڵمان نەبوو، سەردانی زۆربەی وڵاتانی جیهانمان کرد بۆ چارەسەر، بەڵام خودا نەیدا. چوار مانگ دوای مێردکردنم سکم پڕبوو نەمزانیبوو، بەڵام بۆ کاری تەنزیماتی حزبی لەڕێگەی نێوان دوو شاری باکووری ئێراندا منداڵەکەم لەبارچوو و ئاگایشم لێ نەبوو.

*تۆ ژنێکی ڕۆشنبیری، دەسەڵاتیشت هەبوو. چۆن

**پارتی چی بڵێت من وا دەکەم، بڵێ خۆت فڕێدە ناو ئاگر خۆم فڕێدەدەم، ئەگەر هیچ ئەرکێکم پێنەسپێردرێت مامۆستایەتیەکەم دەکەم.**




كوردستان پیرداود

www.netewe.com



کوردستان پیرداود لە سەردەمی شاخدا

## لەکۆنگرەی چوارەمی یەکێتی ئافرەتان کە ناوی کۆنگرەی شەهید( لەیلا قاسم) بوو، من یەکەم دەنگم هێنا، بەڵام حیزب( شیرین ئامێدی) دانا



تارای بووکێنی کوردستان پیرداود

رازیبوویت مێردەکەت ژنی دووهەم بهێنێت؟

٥ ساڵ پێش ئەوەی بێمە پەرلەمان داوام لێکرد، ژن بهێنێت، بنەماڵەی پیاوەکەم عەشایەر بوون، هەمیشە دەیانگوت بۆ منداڵتان نابێت، بەمێردەکەمیان دەگوت بۆ ژن ناهێنی. ئەوەندە گوتیان، تا وایلێهات خۆم پێمگوت برۆ ژن بهێنە، کە ژنی هێنا پێمگوت، لەمەودوا بەچاوی مێرد تەماشات ناکەم،ماڵیشمان جیایە، ئێستا لەگەڵ مێردەکەم وەك دوو هاوڕێین.

* لەگەڵ هەوێکەت نێوانت چۆنە؟

نێوانمان خۆشە، زۆر ڕێزی یەکتر دەگرین، ژنێکی باشە، ئێستا کچ و کوڕێکمان هەیە، زۆرم خۆشدەوێن و خۆم ناوم لێناون، کچەکە ناوی (نیناز)ە و کوڕەکەیش ناوی (دڵدار)ە، چونکە مایەی دڵخۆشی و دڵدانەوەی منە.

* تۆ لەکۆنگرەی چوارەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ سکرتێری یەکێتی ئافرەتان پاڵێوراو بوون، ئایا دەرنەچوون؟

لەکۆنگرەی چوارەمی یەکێتی ئافرەتان کە ناوی کۆنگرەی شەهید( لەیلا قاسم) بوو، من یەکەم دەنگم هێنا، بەڵام حیزب( شیرین ئامێدی) دانا.

* بۆچی ئەویان دانا. تۆ چۆن رازی بووی؟

ئەو کاتە من بەرپرسیارێتی ترم هەبوو، لە یەکێتی قوتابیان و حیزب، نەمدەتوانی ئەو هەموو ئیشە پێکەوە بکەم. پێویستە ئەوەش بڵێم لە١٩٩١دا من (شیرین ئامێدی)م تەنزیم کردووە، ئەوەش بۆ من جێگەی شانازییە.

*بۆچی بۆ پەرلەمانی ئەمجارە خۆت نەپاڵاوتەوە؟

ئەوە بڕیاری پارتییە، پارتی چی بڵێت من وا دەکەم، بڵێ خۆت فڕێدە ناو ئاگر خۆم فڕێدەدەم، ئەگەر هیچ ئەرکێکم پێنەسپێردرێت، مامۆستایەتیەکەم دەکەم.



www.netewe.com



www.renetewe.com

# کەوسەر ئەو کچەی هیچ لایەنێک نایگرێتە خۆی

## "هیچ جێگایەکمان نییە ئەو ئافرەتەی لێ دابنێین"

## د.زریان عوسمان : ماوەی ٢ هەفتەیە پێویستی بە چارەسەر نەماوە

لەسەر قەروێڵەیەکی نەخۆشخانە پاڵکەوتبوو، سەرتاپای جەستەی سووتابوو، کراسێکی سورو بیجامەیەکی سپی لەبەردابوو، کاتێك لێی نزیك دەبیتەوە، هەست بە تێکەڵ بوونێك دەکەیت لەنێوان جەستەی منداڵێکی ١٢ ساڵ کە لە فۆرمی دەم و چاوی ئافرەتێکی ٣٠ ساڵدا خۆی دەنوێنێت.

یەکراست هەستایەوەو دەستی بەقاقای پێکەنین کرد "حەزم لەگۆرانی حەسەن زیرەکە، بۆ گۆرانیەکم بۆ نالێین".

ئەوە تاکە داواکاری کەوسەر حەسەن تەمەن ٣٥ ساڵ بوو، کە دانیشتووی گوندی کانی مێوەی سەر بە شاری سلێمانیە و لە سەرەتای مانگی ٤ لەلایەن ئۆتۆمبیلێکی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی شاری موسڵ، بۆ نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی شاری هەولێر بەمەبەستی چارەسەرکردنی سووتانەکەی دەگوازرێتەوە.

سەرچاوەیەك لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی شاری هەولێر، بە وارڤینی راگەیاند: ئەو ئافرەتە کاتێك رادەستی نەخۆشخانە کراوە هیچ زانیاریەکیان دەربارەی هۆکاری سووتانەکەی و ژیانی نەزانیوە .

کەوسەر، دوای ئەوەی مانگ و نیوێك لە نەخۆشخانە بۆ چارەسەرکردنی سووتانەکەی دەمێنێتەوە، بەهۆی ئەو زەبرە دەروونییەی کە دووچاری بووەتەوە یەکراست لەلایەن بەڕێوبەرایەتی نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی، یەکەی دەروونی نەخۆشخانەی کۆماری ئاگاداردەکاتەوە بەمەبەستی گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی ناوبراو .

هەر لەو بارەیەوە د.سامان هەڵەبجەیی، بەرپرسی یەکەی ئاسوودە بۆ نەخۆشییە دەروونییە درێژخایەنەکان لە نەخۆشخانەی کۆماری، سەبارەت بەباری دەروونی ئەو ئافرەتە بۆ وارڤین دواو گوتی " ئێمە لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٥/١٢ ئەو ئافرەتەمان بۆ نەخۆشخانەی کۆماری گواستەوە، کەوسەر، لەرووی زیرەکییەوە رێژەیەکی کەمی بیرکۆڵی هەیە، بەهۆی ئەو فشارە زۆرەی کە لە ئەنجامی ترسەوە تووشی بووە، دڵ توندی لەگەڵدایە ".

دواتر وەك د. سامان ئاماژەی پێکرد، ئێستا کەوسەر باری دەروونی ئارامبووەتەوە، بەڵام هیچ جێگایەك نیە کە بۆی بچێت.



د. سامان هەڵەبجەیی: ئێستا کەوسەر باری دەروونی ئارامبووەتەوە، بەڵام هیچ جێگایەك نیە کە بۆی بچێت

لەگەڵ ئەوەی لە کوردستاندا رێژەیەکی زۆر لە رێکخراوی ئافرەتان هەیە کە تایبەتن بەچارەسەرکردنی پرس و کێشەکانی ئافرەت، بەڵام تاکو ئێستا هیچ لایەنێك لەم رێکخراوانە نەیانتوانیوە ئەم ئافرەتە داڵدە بدەن .

جوان حەسەن، بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەبارەت بەو کێشەیە رایگەیاند کە ئەوان لە رێگای ئەنجوومەنی شاری سلێمانی رێکخراوەکەیان، توانیویانە کەس و کاری ئەو ئافرەتە بدۆزنەوەو لەو بارەیەوە جوان گوتی "ئەو خێزانە خانویەکیان بە میرات بۆ ماوەتەوەو دواتر فرۆشتویانە، کە برا گەورەکەی کەوسەر بەشی ئەوی بۆخۆی هەڵگرتووە بەرامبەر ئەوەی کە بەخێوی بکات، بەڵام دواتر لەماڵ دەریان کردووەو ئێستاش کەسیان نایگرنە خۆیان ".

لەکاتێکدا کێشەی کەوسەر، گەیشتوتە ئەو رادەیەی کە چەند بەرپرسێکی حکوومەت لێی ئاگادارکراونەتەوە، کە یەکێکیان د. زریان عوسمان وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

د.زریان لەو بارەیەوە گوتی "کەوسەر، ماوەی ٢ هەفتەیە پێویستی بە چارەسەر نەماوە ئێمە لەسەر حسابی نەخۆشخانە ٢ ئافرەتمان بۆ دابین کردووە، تاوەکو خزمەتی بکەن، بەڵام بەهۆی نەبوونی جێگا ناتوانین رەوانەی هیچ لایەکی بکەین، تەنانەت وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتیمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە ئاگادارکردوەتەوە ".

هەر لەو بارەیەوە جوان حەسەن گوتی "ئێمە وەکو رێکخراوی ئافرەتان هیچ جێگایەکمان نییە ئەو ئافرەتەی لێ دابنێین، تەنانەت پەیوەندیمان بە بنکەی دەروونی سلێمانی کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ کەسێکی نییە ئەوانیش نایگرنە خۆیان .

لەکاتێکدا کێشەی کەوسەر، پەیوەندی بەسنووری شاری سلێمانیەوە هەیە، بەڵام بەڕێوبەرایەتی بەدواداچوون و توندوتیژی ئافرەتان لە هەولێر، سەرقاڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەن و لەو بارەیەوە نەقیبی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر مەعروف بەڕێوەبەری بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی هەولێر رایگەیاند" ئێمە سکاڵامان بۆ دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر بەرزکردووەتەوەو دادوەر بڕیاری دا کە وێنەی ئەو کچە لە ٢ رۆژنامەی فەرمی بڵاوبکرێتەوە، چونکە تا ئێستا هیچ زانیارییەك نازانین".

www.netewe.com

# دایکێـک بۆ نەخۆشـخانە و کوڕەک

مەخموور:

لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە کەوتبوو، قاچی لای ڕاستی پلاتینی لێ نرابوو و ئازارێکی زۆری هەبوو، جارجارە فرمێسک بەڕوویدا دەهاتە خوارێ و لەبەرخۆیەوە دەیگوت:" ئای ڕۆڵە بۆ وات کرد".

ئەمە دیمەنی (ص-ح)ی تەمەن ٥٦ ساڵ بوو، دوای ئەوەی لەلایەن کوڕەکەیەوە بریندار دەکرێت و فیشەکێك بەر قاچی ڕاستی دەکەوێت.

(ص-ح) کە٧ کچ و ٣ کوڕی هەیە، یەکێك لە کوڕەکانی بەناوی(س) بەهۆی دەمەقاڵێی لەگەڵ ماڵەوەدا دەست دەداتە کلاشینکۆفەکەی باوکی و لەئەنجامدا دایکی بریندار دەبێت.

ئەو ژنە بریندارە گوتی کە کوڕەکەی باری ئابووری خراپ بوو و لەلایەکی حەوشەکە خانوویەکی بچوکی دروست کردبوو، دایکی (س) بووکەکەی خۆشدەویست و لەسەری بەجواب دەهات، وەك خۆی دەڵێت: "ماوەی ٥ مانگ ژنەکەی دەتۆرێ و دایك وباوکی (س) بە پاڕانەوە دەیدەنەوە (س)، دوای ئەوەی بڕی ٥ دەفتەر بە (س)واژۆ دەکەن، تا چیتر کچەکەیان ئازار نەدات"، بەڵام (س) ئەوەی ڕەت کردەوە کە لەگەڵ ژنەکەی خراپ بووبێت و نکۆڵی لەوەیش نەکرد کە ماڵی باوکی هاوسەرەکەی واژۆیان پێکردووە و بەومەرجە هاوسەرەکەیان داوەتەوە.

دایکی ئەو کوڕە نەیشاردەوە کە کوڕەکەی شەوێك پێشتر ویستوویەتی دایك و باوکی بکوژێت، لەبەر ئەوەی پشتگیری هاوسەرەکەیان دەکرد، لەکاتێکدا ئەو کوڕە قسەی دایکی ڕەت کردەوە کە نیازی کوشتنی دایك و باوکی نەبووە و بەپێچەوانەوە دایکی زۆر خۆشویستووە.

کوڕەکە، باوکی بە پیاوێکی توورە وەسف کردوو گوتی: "باوکم منداڵەکانی خۆشنەدەویست، لەگەڵمان خراپ بوو و بەردەوام بۆڵە بۆڵی بوو".

دایکی (س) لە تاو ئازاری قاچی حاشای لە کوڕەکەی دەکرد و گوتی:"هەر کاتێك لە بەندیخانە دەرچوو نابێت لەو ماڵە بمێنێتەوە، چونکە ویستوویەتی بمکوژێت".

لەگەڵ ئەوەی مێردەکەی هەڕەشەی لێکردووە، هەر کاتێ لە کوڕەکەی خۆش بێت تەڵاقی دەدات".

دایکی (س) داوای بۆ لایەنی بەرپرس ئەوەبوو کە کوڕەکەی بەرنەدەن، چونکە دەترسا کوڕەکەی جارێکی دیکە هێرشیان بکاتە سەرو و بیان کوژێت.

لەلایەکی دیکەوە وەك سۆزی دایکێك لەبەر خۆیەوە دەیگوت:" ئاخر چۆن دەبێت هەتا هەتایە لە بەندیخانە بمێنێتەوە".

(ص-ح) ڕایگەیاند، کە کوڕەکەی پێشتریش خراپ بووە و چەند جارێك دووکانیان بۆ داناوە، پارەکەی بە قومار دۆڕاندوە و زەرەری دەکرد و ئێستایش جگە لە کارەکەی خۆی کە لە شارەوانی بووە کاری دیکەی نەدەکرد.

"باوکم لێم بەبیانوو بوو موبەریدەکەی لێ شکاندم، منیش بەرچاوم تاریك بوو کلاشیکۆفەکەی باوکم هێنا بۆ ئەوەی بیانترسێنم"، ئەمە قسەی ئەو کوڕەیە کە لە حاڵەتی تووڕەبوون بە کلاشینکۆفەکەی باوکی، دەستڕێژ لە دیواری چێشتخانەکە دەکات و لەئەنجامدا گوللەیەك بەر قاچی دایکی دەکەوێت.

بە پێی قسەی (س) دایکی زۆر خۆشویستووە هیچ کاتێك بیری لەوە نەکردووەتەوە ئازاری بدات، ئەو لەکاتی قسەکردن بەچاوی بەفرمێسکەوە دەیگوت منداڵەکانم بە قوربانی دایکم دەکەم، ئەگەر دایکم نەبێت ئەو ماڵە وێرانە.

(س) ئەوەی خستەڕوو کە باوکی منداڵەکانی خۆشنەدەویست و بەرامبەریان بێ ڕەحم بووە، ئەو هەندێ پارە قەرزار بووە و چەند جارێك بە باوکی ڕاگەیاندووە کە خانووەکەی لێ بکڕێتەوە، تا قەرزەکانی بداتەوە. نەشی زانیووە کە گوللە بەر دایکی کەوتووە، ئەو ئێستا لە بەندیخانەی ناوەندی گیراوە وەك خۆی دەڵێت "شەو ڕۆژ دوعا بۆ دایکم دەکەم چاك بێتەوە، چونکە لەبەرامبەریدا هەست بە تاوان دەکەم".



**بەڵام (س) ئەوەی ڕەت کردەوە کە لەگەڵ ژنەکەی خراپ بووبێت و نکۆڵی لەوەیش نەکرد کە ماڵی باوکی هاوسەرەکەی واژۆیان پێکردووە و بەومەرجە هاوسەرەکەیان داوەتەوە**

www.netewe.com

# ـــەیشی بۆ بەندیخانە ڕەوانە دەکات

**کورەکەی پێشتریش خراپ بووە و چەند جارێک دووکانیان بۆ داناوە، پارەکەی بە قومار دۆڕاندوە و زەرەری دەکرد و ئیستایش جگە لە کارەکەی خۆی کە لە شارەوانی بووە کاری دیکەی نەدەکرد**




مەخموور

(س) باسی ئەوەشی کرد کە کاتی رژێم لەسەر قاچاغ گیراوە و ئازار دراوە، لەو کاتەیشەوە تووشی ئەو حاڵەتە بووە.

لەمبارەیەوە نەقیب ئەحمەدعەلی، لە بنکەی پۆلیسی مەخمور باسی لەوەکرد کە (س) گوتویەتی گوایە باوکی لێیداوە، بەڵام بەهێنانی چەند شاهێد حاڵێك باوکیان ئازاد کردووە و دواتریش (س) بەپێی ماددەی ٤٠٥ کەوتووەتە بەندیخانەی ناوەندی. نەقیب ئەحمەد، ئەوەشی خستەڕوو کە دایکی ڕایگەیاندوە گوللەکە بەدەستی (س) بەریکەوتووە و لەئەنجامی ئەو دەمەقاڵێیەی لە نێوانیان روویدابوو، تا ئێستایش لێکۆڵینەوە لەبارەی مەسەلەکە بەردەوامە.



# لاوین: کچە کوردێک لە ئەستەنبوڵ

ئەستەنبوڵ:

ناوی (لاوین)ە. تەمەن ٢٣ ساڵە و خەڵکی ئامەدە(دیاربەکر). ئەو یەکساڵە بووە کە گوندەکەیان وێران کراوە. بنەماڵەکەی لە دەستپێکدا چوونەتە شارۆچکەکان و دواتر روویان لە ناوەندی شار کردووە. دوا وێستگەیان ئەستەنبوڵ بووە. ئەگەر زۆر چانسی هەبێت وەك بەردەستێك کار دەکات. ئەو ئێستا بێکارە.

" سوپا گوندەکەی تێکداین. ئێمە کۆچمان بۆ شارۆچکەکان کرد. هەموو پیاوانی بنەماڵەکەمان لە میانەی پێکدادانەکاندا دەستگیر کران. باوکم یەکەم کەس بوو کە ئازاد کرا. پاشان روومان لە ئامەد کرد و دواتر چووینە ئەستەنبوڵ. باوکم هەرگیز نەیتوانی بەسەر ترس و دڵەراوکێیدا سەرکەوێت".

لاوین لە تەمەنی ٩ ساڵانەوە لەگەڵ نەنك، باوك، دایك و سێ خوشکیدا لە ئەستەنبوڵ ژیاوە. برا گەورەی لە ئەڵمانیا پەنابەرە. ئەو بە ئەستەنبوڵ نامۆیە. " یەکەمین رۆژەکانم لەم شارەدا زۆر زەحمەت بوو. تورکیم نەدەزانی. نەمدەتوانی بچمە دەرەوە بۆ سەر شەقامەکان پیاسەیەك بکەم. کوردی لە قوتابخانەکاندا قەدەغە بوو و بۆیەش نەمدەتوانی هاورێیەکی کوردیشم هەبێت. ئەو کاتانە بە بێدەنگییەکی قووڵ دەرباز دەبوون. هێشتا من شەوانە خەونی بێدەنگ دەبینم".

## باوک و دایکی بێکار: کاری منداڵان بۆ بەدەستهێنانی داهات

باوکی لاوین دواتر لە ئەستەنبوڵ کارێکی دۆزییەوە، بەڵام لاوین دەڵێت:" ئێمە نەماندەتوانی تەنیا بەو پارەیە بژین کە براکەم بۆی دەناردینەوە". دایکی ناتوانێت هیچ کارێکی دەستناکەوێت هەتا ئەگەر بشیەوێت. وەك ژنانی کوردی دیکە، دایکی لاوین وەك نەنکی نەخوێندەوارە و نازانێت بە زمانی تورکی قسە بکات.

" دایکم لە شارەوە هاتووە، ئەو دەتوانێ چی لە شار بکات؟ لەو پیاوانە دەترسێت کە کۆنترۆڵی هاوسەر و کچەکانیان لەدەست داوە. ئەوانە ژنەکانیان لەناو ماڵدا بەستووەتەوە. هاوکات ژنان لە ماڵدا دەستیان بە دوورینەوە و پینەکردن دەکەن. بەڵام کاتێك کە دایك و باوك کاریان نەبێت بەرپرسیارێتی بەدەستهێنانی پارە بۆ بژێوی دەکەوێتە ئەستۆی منداڵەکانیان. ئەوان لە سەر شەقامەکان و هەروەها لە شوێنگەلێکدا کار دەکەن کە هیچ ئاسایشێکی نییە. ئەوان ناتوانن بچنە قوتابخانە". ئامارە نافەرمییەکان ئەوە دەردەخەن کە زیاتر لە ٣٥٠٠ گوند لە میانەی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای لە ساڵانی١٩٨٤ تا١٩٩٩ وێران کراون و دانیشتوانی ناچار کراون، تا کۆچ بکەن. وەزیری ناوخۆ دەڵێت کە ئەم ژمارەیە ٣٥٨٣٣٥ کەسە، لەکاتێکدا رێکخراوە ناحکومییەکان دەڵێن ئەو ژمارەیە خۆی لە قەرەی ١ تا٤ ملیۆن دەدات. ئەم خەڵکانە هیچ یارمەتییەکی ماددی تایبەت بۆ کردنەوەی خانووبەرە، خۆراك، پەروەردە، تەندروستی، بێکاری و.. وەرناگرن. بۆیە زۆربەیان روویان لە گۆشەو کەناری شارە گەورەکان کردووە.

## شەڕ لە ئامەد و جیاکاری لە ئەستەنبوڵ

لاوین، هەروەها ئاماژە بە کێشەیەکی دیکە دەکات کە لە ئەستەنبوڵ بەرەوڕووی دەبێتەوە. "شەڕ بەردەوامە و جیاکاری لە مافەکانی ئەویشدا دەکرێت. ئەگەر کەسێك کورد بێت وەك مرۆڤی گوندی، نەزان، خائین و هەروەها کەسێك کە چەندین منداڵی هەیە، پێناسە دەکرێت. دەگوترێت کوردەکان نانی تورکەکان دەخۆن. ئەگەر تۆ ژنێکی کورد بیت تەنیا ئازادیت کە روو لە چیاکان بکەی، ئەگەر نەچیت ئەرکی سەرەتاییت ئەوەیە کە لە ماڵەوە دابنیشیت و منداڵەکانت بەخێو بکەیت".

## "ژنی کوردی راستەقینە کێیە؟"

"لە١٩٨٠دا دایکێکی بەگلەیی بوو، لە١٩٩٠دا چووە ریزی گەریلاکانەوە لە چیا، ئەو رێپیشاندەر و رێبەر بوو لە خۆپیشاندانی شەقامەکاندا. وەك نەریتێك لە ماڵەوە ناموسی پیاوەکەیەتی، ئەو قوربانی توندوتیژی پیاوانەیە. لە کۆتایی نەوەدەکاندا ئەو وەك چالاکێك لە رێکخراوە

**لاوین هەروەها ئاماژە بە کێشەیەکی دیکە دەکات کە لە ئەستەنبوڵ بەرەوڕووی دەبێتەوە. "شەڕ بەردەوامە و جیاکاری لە مافەکانی ئەویشدا دەکرێت. ئەگەر کەسێک کورد بێت، وەک مرۆڤی گوندی، نەزان، خائین و هەروەها کەسێک کە چەندین منداڵی هەیە پێناسە دەکرێت.**



ناحکوومییەکان و پارتە سیاسییەکاندا کاری کردووە. ئەو هەروەها وەك بابەتێکی سیاسی ناچارە هەر کاتێك پێویست بکات بەرەوڕووی پیاوەکان بوەستێتەوە. ئێستا ٨ کەس لە ٢٠ پەرلەمانتارانی کورد لە پەرلەمانی تورکیا ژنن".

لاوین پێیوایە لەگەڵ دابەزینی پێکدادانەکان لە١٩٩٨دا رۆڵ و چاوەڕوانییەکان لە ژنان گۆڕدراوە. ژنان کە پێشتر وەك بەشێك لە بزووتنەوەی کوردی چووبوونە سەر شەقامەکان ناچارن بەرەو ماڵ بگەڕێنەوە. بۆیە ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەنگ هەڵدەبڕن. لەگەڵ ئەمانەیشدا لاوین بزووتنەوەی ئێستای کورد وەك بزووتنەوەیەك پێناسە دەکات کە پیاوەکان بەسەریدا زاڵن. " پەیوەندییە عەشایەرییەکان، پەیوەستبوونە بە بنەماڵەییەکان و رێبەرایەتی چەمکگەلێکی گرنگن. ژن لە بەرانبەر توندوتیژی خێزانی دا دەستەوەستانە و زەحمەتە بتوانێت خۆی لێ رزگار بکات".

### ژنان بۆ خۆیان کار دەکەن

ژنانی کورد ١١ ساڵ لەمەوپێش سەنتەری( کا-میر) یان لە ئامەد دامەزراندووە کە کار بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو توندوتیژییانە دەکات کە بەرەوڕووی ژن دەبنەوە. ئێستا (کا —میر) لەدژی کوشتن لەسەر نامووس، فرەژنی، هاوسەرگیریی زۆرەملە، هاوسەرگیریی زوو، لە٢٣ شاری کوردنشینی تورکیا کار دەکات. لە کۆی ئەو ٢٥٢٧ کەسەی کە داوای یارمەتی خێرایان لە سەنتەری(کا-میر) کردووە، زۆربەیان قوربانی توندوتیژی دەروونی بوونەتەوە. هەروەها تووشی توندوتیژی زارەکی، ئابووری، جەستەیی و سێکسی هاتوونە. هاوکات نیوەی ئەو ژنانە بە ناچاری هاوسەرگیرییان کردووە و هەروەها هەندێکیشیان ناچار کراون لەکاتێکدا کە مێردەکەیان مردووە لەگەڵ برای مێردەکەیاندا هاوسەرگیری بکەن. هەروەها فرەژنی بەردەوامە. زۆربەی هاوسەرگیریەکان لە تەمەنی ١٤تا٢٠ساڵیدا ئەنجامدەدرێن و ٨٥٪ لەو ژنانەی کە ئەم سەنتەرەیان بەسەر کردووەتەوە کارێکی ئەوتۆیان نییە تا داهاتێکی باشیان هەبێت. بەپێی قسەکانی لاوین ژنان بۆ خۆیان کار دەکەن و پێویستە دەرفەتی ئەوەیان پێبدرێت کە بتوانن لەدەرەوە کار بکەن.

**بورچین بەلگە**

# دەوڵەتی تـورک هەوڵی داگیرکـ



ئامەد

ناوەندی راگەیاندنی سەر بە بزووتنەوەی ژنانی ئازادی ئامەد، ئاشکرای کرد کە لەرۆژی ٢١ی حوەزیراندا، چوار پۆلیسی مەدەنی کە دووانیان جلی ژنانەیان لەبەردا بووە، هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی ژنە چالاکڤانێکی کورد و پاش پشکنینی ماڵەکەی، لەگەڵ بێڕێزی و هەڕەشەدا دەستدرێژییان کردووەتە سەری.

بزووتنەوەی ژنانی ئازادی ئامەد و ئەستەنبوڵ، بەخۆپیشاندانێك رووداوەکەیان سەرکۆنە کرد و داوایان لە حکوومەتی تورکیا کرد کە پۆلیسەکان سزا بدات.

## چوار پۆلیسی تورک دەستدرێژی دەکەنە سەری

بەپێی زانیارییەکانی وارڤین تاقیکردنەوە پزیشکییەکان ئەوەیان دەرخستووە دەستدرێژییەکە کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر ئەو ژنە چالاکە کوردە داناوە، ئێستا لە نەخۆشخانەیەکی تایبەتی شاری ئامەد لەباری دەروونی و سایکۆلۆژییەوە چارەسەری بۆ دەکرێت. لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی ناوی ئەو ژنە چالاکە ئاشکرا نەکراوە.

هەر لەو پەیوەندییەدا وەزارەتی ناوخۆی تورکیا، لەلێدوانێکی نووسراو رایگەیاند کە لێپرسینەوە لەسەر ئەو رووداوە دەستی پێکردووە و پاش لێکۆڵینەوە زانیاری وردتر بە رای گشتی دەدرێت.

لە بەیاننامەیەکدا کە لەلایەن بزووتنەوەی ژنانی ئازادی ئامەدەوە بڵاو بووەتەوەو کۆپییەکی دەست وارڤین کەوتووە، راگەیەندراوە جگە لەو کردەوەیە لەم ماوانەی دواییدا، دەستگیرکردنی نایاسایی و سیخوڕی و دەستدرێژی و توندوتیژی رەگەزی لەدژی ژنانی کورد لەلایەن بەرپرسانی پۆلیس و هێزەکانی دیکەی سەر بە دەوڵەتەوە رووی لە زیادبوون کردووە، بەپێی بەیاننامەکە:" لەماوەی مانگی رابردوودا لەرێگای ئیمەیڵەوە ئەندامەکانمان هەڕەشەیان لێکراوە و هەروەها زۆربەی ناونیشانەکانیان لەسەر ئەنتەرنێت هاك کراوە، ئەندامێکی ترمان بە تەلەفۆن لەلایەن پۆلیسەوە هەڕەشەی لێکراوە، هەروەها ٢ ئەندامی ترمان بەنایاسایی دەستگیرکراون و لەگرتووخانەدا هەڕەشەیان لێکراوە وداوای سیخوڕییان لەسەر ژنە چالاکە کوردەکان لێ کراوە".

## ژنانیDTP کێشەکە دەبەنە پەرلەمان

ئەندامی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیك فاتمە کورتولان، لەبارەی ئەو کێشەیەوە لە پەرلەمانی تورکیا رایگەیاند، ژنێکی ئەندام لە بزووتنەوەی ژنانی ئازادی ئامەد، کە ماوەیەکی زۆرە بۆ دەستەبەرکردنی مافی ژنان کار دەکات، لەلایەن پۆلیسەوە ڕووبەرووی توندوتیژی و دەستدرێژی بووەتەوە، بەو هۆیەش کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ- لقی ئامەدی بەسەر کردووەتەوە و لە وردەکاری دەستدرێژییەکە ئاگاداری کردوونەتەوە. کورتولان داوای لە وەزیری ناوخۆی تورکیا کرد کە لەوبارەیەوە روونکردنەوە بدات و داوایشی لەلایەنە بەرپرسیارەکان کرد کە لەو بابەتەدا رێوشوێنی یاسایی بگرنەبەر و پۆلیسەکان بە سزای خۆیان بگەیەنن. ئەو پەرلەمانتارەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیك رایگەیاندووە کە پێویستە چاو بەو یاسایانەی دەوڵەت دا بخشێندرێتەوە کە هانی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان دەدەن.

## رێکخستنی ژنان سەرکۆنەیان کرد

لەوبارەیەوە ئەندامی رێکخستنی ژنانی کورد لە ئەستەنبوڵ، پارێزەر ئەرەن کەسکین بە وارڤینی راگەیاند، دەوڵەتی تورکیا٤ ساڵ لەمەوپێش سزای

www.netewe.com

## ـــردنی جەستەی ژنی کورد دەدات



ناوەندی راگەیاندنی سەر بە بزووتنەوەی ژنانی ئازادی ئامە

کوشتن لەسەر شەرەفی کەم کردووەتەوە، کەسکین گوتی:" کوشتن لەسەر شەرەف لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگیری وەرگرتووەو ئێستاش، پۆلیس، سەرباز، هاوسەر، باوك یان پیاو بەو هەڵوێستەوە پشت ئەستوورن".

کەسکین لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی:" تەنیا پۆلیس و سەرباز لەو پرسەدا تاوانبار نین بەڵکو ئەوانەی زیاتر لە هەموو بەرپرسیار و تاوانبارن، دادگا و داگەرانن، لەبەر ئەوەی بەباشی لێپێچینەوە لە کەیسەکان ناکەن و خێرا بڕیاری ئازادکردنی تاوانباران دەردەکەن".

لەلایەکی دیکەوە ئەندامی کۆمەڵەی ژنانی کەسکوسوور، زەهرا ئیپەك دەستنیشانی کرد، کە ئەو هێرشەی لە ئامەد پێکهاتووە سیاسەتی دەوڵەتە لەدژی کورد، ئەو گوتی:" لەهەمبەر ئەو هێرشە پیسەدا بێدەنگ نابین و کاردانەوەی توند نیشاندەدەین. هێرشەکە ئەنجامی سیاسەتی دەوڵەتە بەرامبەر بەکورد، دەیانەوێت قۆناغی ئاشتی تێکبدەن، بۆیە دەبێت هەر ژنێکی کورد لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستەدا دەنگهەڵبڕێت".

### "دەوڵەت هەوڵی داگیرکردنی جەستەی ژنی کورد دەدات"

پەرلەمانتەری پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیك، ئایلا ئاکات لەلێدوانێکدا بە وارڤینی راگەیاند کە لەتورکیا دەیان ساڵە توندوتیژی رەگەزی لەدژی ژنان پەیڕەو دەکرێت، ئەکات گوتی:" ژنان زۆرترین قوربانییان بۆ ئەم شەڕە داوەو ئەو یاسایانەی کە بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی لەدژی ژنان دارێژراون، ناتوانن وڵامدەرەوە بن". ئەو هەروەها گوتی ئەو دەستدرێژییەی کە کراوەتە سەر ژنە کوردەکە لەلایەن پۆلیسەوە مافە ناوخۆییەکانی تورکیا پێشێل دەکات. ئەکات دەستیشانی کرد، توندوتیژی رەگەزی لەلایەن دەوڵەتەوە بەشێوەیەك لەشێوەکان پشتگیری لێ دەکرێت و هەروەها دادگاکانیش ناتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

بەقسەی ئاکات رووداوەکەی ئامەد بچووك نییە، بەڵکو خوێندنەوەی ئەو پەیامە گرنگە کە لە پشتی رووداوەکەوەیە، ئایلا وەها درێژەی بە لێدوانەکەی دا:" پەیامەکە بۆ ژنانی کورد و ئەکەسانەیە کە هەڵگری دروشمی (ئێمە نامووسی هیچ کەسێك نین). ئەوان دەیانەوێت ژنی کورد چاوترسێن بکەن، بەڵام ژنی کورد لەوە ناترسێت و بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی شەقامەکان گەرمتر دەکات".

ئەو پەرلەمانتارە دووپاتیکردەوە کە ژنانی کورد لەتورکیا پێشەنگایەتی بزووتنەوەیەکی گەورە دەکەن و دەوڵەتیش بۆ ئەوەی بزووتنەوەکە بێکاریگەر بکات، پەنا بۆ دەستگیرکردن و دادگاییکردن دەبات و ئەگەریش لەوانەدا سەرنەکەوێت هەوڵدەدات جەستەیان داگیر بکات.

بەپێی زانیارییەکان ئەو ژنەی کە پۆلیس دەستدرێژی کردووەتەوە سەریی، هاوکات لەگەڵ ئەوەیدا ئەندامی بزووتنەوەی ژنانی ئازادی دیاربەکرە، یەکێك لە ئەندامە چالاکەکانی هەڵمەتی (ئێمە نامووسی هیچ کەسێك نین) بووە. لەچوارچێوەی ئەو هەڵمەتەدا، هەوڵی ئاگادارکردنەوەی ژنان و پیاوانی کورد و تورك لەسەر پرسی نامووس دراوە، هەروەها هەوڵدراوە رای گشتی لەوە ئاگادار بکرێتەوە کە ژن نەکرێتە کەرەستە بەدەستی پیاوانەوە و بازرگانی پێنەکرێت. هەڵمەتی (ئێمە نامووسی هیچ کەسێك نین)، لە ئامەدەوە دەستی پێ کرد و لە ئەستەنبوڵ کۆتایی پێهات.

# خراپی ڕەوشی ئـابـووری شیـ



دیمەنێك لە بەردەم بینایی دادوەری لە قامیشلۆ

قامیشلۆ:

زیادبوونی ڕێژەی تەڵاقدان و تێکچوونی شیرازەی خێزان، یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی کە ئەمرۆ سەرانسەری کۆمەڵگەکانی جیهانی گرتۆتەوە و ئەو ڕێژەیەش بەپێی ئاستی ئابوری، کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە لە گۆراندایە.

ئەو شەپۆلە گۆڕانەی کە کۆمەڵگەی جیهانی گرتۆتەوە تاڕادەیەك کاریگەری لەسەر کوردەکانی رۆژئاوای کوردستانیش دروستکردوە. دیاردەی تەڵاقدان بە یەکێك لەو کێشە گرنگانە دادەنرێت کە ئەمرۆ بەگشتی کۆمەڵگەی سووریا بەرەوڕووی دەبێتەوە.

**ڕەوشی ئابووری فاکتەرێکی سەرەکی جیابوونەوە**

رۆژین تەمەن ٣٨ سالڵ، ماوەی ساڵێکە داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی دەکات، بەڵام وەك باسیدەکات مێردەکەی ئامادە نییە تەڵاقی بدات. ئەو خاوەنی سێ منداڵە کە بچوکەکەیان تەنیا تەمەنی چوار مانگ دەبێت. سەبارەت بەجۆری کێشەکەیان رۆژین بەم شێوەیە بۆ وارڤین دوا:" تەمەنم ١٦ ساڵان بوو کە خێزانەکەم بەمێردیان دام، من زۆر لەژیان تێنەدەگەیشتم، مێردەکەم خزمی دایکەمە ئەو هیچ کارناکات بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانم، بۆیە زۆر جار خەزوورم یارمەتی دەداین ".

رۆژین هۆکاری سەرەکی جیابونەوەی لەمێردەکەی گەڕاندەوە بۆ کەمدەرامەتی و نەبوونی داهاتێکی مانگانە بۆ خێزانەکەی، دواتر بەدەم قسەکانیەوە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو گووتی:" کاتێك خەزوورم مرد کەس نەبوو یارمەتیمان بدات، بۆیە مێردەکەم ویستی منداڵەکان لە قوتابخانە بهێنێتە دەرەوەو کاریان پێبکات، بەڵام من قبووڵم نەکردو داوای جیابوونەوەم لێ کرد، بۆیە تائێستایش هەر بەرێگەی دادگاوەین".

بەهۆی ئەو گرفت و ئاستەنگانەی کە رۆژنامەنووسان هەیانە، لە پێدانی زانیاری و هەماهەنگ نەبوونی حکوومەتی سوریا لەگەڵیاندا، تاکو ئێستا نەیانتوانیوە ئامارێکی

# رازەی خێزانی کورد تێک دەدات



ڕۆژین



سوعاد



پارێزەر شاناز عەباس

تەواویان سەبارەت بەو دیاردەیە دەست بکەوێت. بەپێی بەیاننامەی یەکێتی پارێزەرانی سوریا لەگەڵ ئەوەشدالەساڵی ٢٠٠٢ ڕێژەی جیابوونەوە گەیشتبووە ١٢٦٨٥ حاڵەت. هاوکات ئەو ژمارەیە بەردەوام لە هەڵکشاندایە.

## کۆمەڵگە وەک تاکێکی تاوانبار سەیریان دەکات

سوعادی تەمەن ٢٤ ساڵ، خاوەنی سێ منداڵەو ماوەی ٣ ساڵە لەمێردەکەی جیا بووەتەوەو ماڵی باوکی ژیان بەسەر دەبات. سوعاد سەبارەت بەهۆکاری جیابونەوەی لەگەڵ مێردەکەی دەڵێت:" من و مێردەکەم هەردووکمان تاوانبارین، ئێستا ئەو ژنێکی تری هێناوەو ژیانی خۆی درێژە پێدەدات، وەك خۆی دەڵێت سەربەرز دەژیت، بەڵام من وەك ژنێکی تەڵاقدراو ژیان بەرەو ئاسۆیەکی نادیارم دەبات، کۆمەڵگە وەك تاکێکی خراپ و گوناهبار سەیرمان دەکات، چوونە دەرەوە لەماڵ بۆمان قەدەغەیە".

سوعاد وەك باسیدەکات دوای جیابوونەوەی بەپێی بڕیاری دادگا سێ منداڵەکەی دراوەتەوە بە مێردەکەی و بەهۆی دابونەریتی کۆمەڵگەش زۆر بەزەحمەت دەتوانێت منداڵەکانی ببینێت .

سەبارەت بەو هەلومەرجانەی کە لە یاسای سوریادا بڕیاری جیابوونەوەی ژن و مێرد دەدات، پارێزەر و مامۆستای زانکۆ شەهناز عەباس بە وارڤینی ڕاگەیاند کە چەند هۆکارێك هەیە کە تێیدا دادوەر بڕیاری جیابوونەوەی ژن و مێرد دەدات، وەك مارەبڕینی ژن لەدەرەوەی دادگا، یان جێهێشتنی ماڵ لەلایەن پیاوەکەوە یان یەکێك لە ژن و مێردەکە بیسەلمێنێت کە لایەنێکیان توندوتیژی دژی ئەویتر بەکاردێنێت.

## ڕێژەی تەڵاق لەناو خوێندەواران و خۆدانکاراندا زیاد بووە

سەبارەت بەو پاڵنەرانەی کەوا لە ژنان دەکات داوای جیابوونەوە بکەن توێژەری کۆمەڵایەتی زەهرا عەلی، بە وارڤینی ڕاگەیاندو گوتی:" لە ڕاستیدا هۆکارە ئابوورییەکان پاڵنەری زۆر گرنگن بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر دادەنێن، لەبەر ئەوەی پیاو لە هەموو کاتێکدا ناتوانێت داواکارییەکانی خێزانەکەی جێبەجێ بکات، بۆ نموونە خانوویەکی جیاواز بکات یان داواکارییە بنەڕەتییەکان جێبەجێ بکات".

لێکۆڵینەوەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و پارێزەران دەریانخستووە، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ڕێژەی تەڵاق لەناو چینی خوێندکار و خاوەنکارانی کورد ڕووی لە زیادبوون کردووە.

لەو بارەیەوە شەهناز عەباس گووتی:" کاتێك ژن ڕۆشنبیر بێت یان خاوەنی پیشەیەك بێت کە ڕەوشی ئابووری سەربەخۆ بێت، ئەو شێوازەی ژیان قبووڵ ناکات و داوای جیابوونەوە دەکات".

بەپێی قسەکانی شەهناز، زۆربەی جار هۆکاری ئەو گوشارەی کە پیاو بۆ ژنەکەی دەیهێنێت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆی لەژێر گوشارێکی زیاتری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیدایەو ناچار دەبێت بۆ بەتاڵکردنەوەی، گوشار بۆ نزیکترین کەسی بێنێت، ئەو گوتی:" ئەگەر ژن بتوانێت لەگەڵ ئەو گوشارەدا ئیدارە بکات، دەتوانێت خێزانەکەی لەهەڵوەشاندنەوە بپارێزێت، هاوکات هەندێکجاریش ژن و پیاو دەگەنە ڕێگای داخراو و چارەیەکیان پێ نامێنێ جگە لە جیابوونەوە".

## گوشارە کۆمەڵایەتییەکان ڕێ لە جیابوونەوە دەگرن

بەپێی زانیارییەکان زۆرجار ترس لەگوشارە کۆمەڵایەتییەکانی پاش جیابوونەوە وادەکات، ژن بیر لەجیابوونەوە نەکاتەوە، زەهرا عەلی لەوبارەیەوە دەڵێ:" لەبەر ئەوەی ژن دەزانێت ئەگەر جیاببێتەوە کۆمەڵگە وەك مرۆڤێکی تاوانبار سەیری دەکات یان ترسی ئەوەی لادروست دەبێت منداڵەکانی بێ باوك بمێننەوە، بۆیە ناچار دەبێت هەموو جۆرە زوڵمێك قبووڵ بکات".

سەبارەت بەوەی کە ئایا حکوومەتی سوریا چ بەرنامەیەکی تایبەتی هەیە بۆ هاوکاریکردنی ئەو ئافرەتانەی کە لەمێردەکانیان جیادەبنەوە، پارێزەر شەهناز عەباس گوتی:" کاتێك ئافرەت جیادەبێتەوە لەباری دەروونیەوە تووشی شکست دەبێت بەتایبەت کاتێك بێکار بێت یان بنەماڵەکەی هەژاربن، بەداخەوە دەوڵەت هیچ یاسایەکی نییە تا هاریکاری ئەو ژنانە بکات".



ئیبراهیم خەلیل

www.melewe.com



Photo هێمن ڕانیەیی

## ئەفسەرێکی ژن بۆ وارڤین دەدوێت:

# ژنان وەک پیاوان بەرتیل وەرناگرن

**دهۆك:**

" کاتێك ئەم کارەم هەڵبژارد دەمزانی زۆر ئاسان نییە، بەڵام بڕوایەکی تەواوم بە کەسایەتی خۆم هەبوو کە دەتوانم وەك هاو ڕەگەزی خۆم کارەکانم راپەڕێنم و خزمەتی هاووڵاتیان و نیشتمانەکەم بکەم".

ئەوە قسەی هەدار عیسمەت جەمیل بوو کە ئەفسەری پۆلیسە و لەبەشی ژمێریاری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دهۆك کار دەکات.

هەدار سەبارەت بەروانگەی هاووڵاتیان لەدەستپێکی هەڵبژاردنی پیشەکەیدا گوتی:" لەدەستپێکدا خەڵکی بەچاوێکی نزمەوە سەیرییان دەکردین و بەتایبەتیش کاتێك بەجلوبەرگی پۆلیسییەوە دەیانبینین، لێمان وردەبوونەوە، بەڵام پاش بینینی کارو چالاکییەکانمان و ئەو رۆڵەی کە لەدەزگا پیاوانەکاندا گێڕامان هێدی هێدی روانگەیان گۆڕانی بەسەدا هات".

هەدار کە وەك کچێکی گەنج رووی لەپیشەیەکی پیاوانە کردووە ئاماژە بەوە دەکات کە بنەماڵەکەی یارمەتییەکی زۆریان داوەو هەروەها دەڵێت کە سەرەڕای حەزی خۆی، باوکیشی هاندەر بووە لەوەی کە پیشەیەك بەدڵی خۆی هەڵبژێرێت و هیچ ئاستەنگێکیشی بۆ دروست نەکردووە.

### راهێنانی مێ و نێر جیاوازی تێدا نەبوو

سەبارەت بە خولەکانی راهێنانی ئەفسەران لەکۆلێژی پەروەردەی پۆلیسی دهۆك، کە تێیدا هەردوو رەگەز بەشدارییان کردوە لەبارەی هەبوونی جیاوازی لە شێوازی راهێنانیان، هەدار دەڵێت :" لەکۆلیژ لەنێوان خوێندن و راهێنانی ئێمەو رەگەزی بەرانبەردا هیچ جیاوازییەك نەبووەو کێشەیەکی ئەوتۆشمان بۆ دروست نەبووە. ئاستی خوێندن و راهێنانیش زانستی و پێشکەوتوو بوو و لەبواری رۆشنبیری و یاساییەوە گەلەك شتی لێ فێر بووین، چونکە بەشێوەیەکی ئاکادیمیك هەڵسووکەوتمان لەگەڵ دەکرا".

ئەنجامی رێکوپێك راپەڕاندنی کارەکانی هەدار و هەڤاڵانی دەرگایەکی نوێی بەڕووی ژنی کورد کردەوە تا بتوانن لەدووی حەزەکانی خۆیان بگەڕێن و خۆیان لە گۆڕەپانێکی نوێدا تاقی بکەنەوە.

بەقسەی ئەو ئەفسەرە ژنە، ئێستا هاوڕەگەزەکانی بەچاوێکی پیرۆزەوە سەیری کارەکانیان دەکەن و بچنە هەر شوێنێکیش بەڕوویەکی کراوەو خۆشەوە پێشوازییان لێ دەکەن.

### روانگەی کۆمەڵگە دەگۆڕن

خاڵێکی هەرە گرنگ بەلای هەدارەوە ئەوەیە کە لەوەتەی رووی لەو کارە کردووە، هیچ جیاوازییەك لە نێوان خۆی و ئەفسەرانی کوڕدا بەدیناکات:" جیاوازییەك لەنێوان ئەفسەرانی کچ و کوڕ دا نابینم و لەگەڵ ئەوەیدا کە هەرکامیمان ئەرکی تایبەتی خۆی رادەپەڕێنێت، تەواوکەری یەکترین و ئەگەریش هەڵە یان کەموکورتییەك لەکارەکانماندا هەبێت بەڕێوەبەرایەتی پێدا دەچێتەوە".

لەگەڵ ئەوەیدا کە کچانی دهۆك لەدەستپێکدا بەڕێژەیەکی کەم روویان لەکاری ئەفسەری و سەربازی دەکرد، بەڵام ئێستا رێژەیەکی بەرچاویان لەوبوارەدا کار دەکەن و هێدی هێدی توانیویانە روانگەی کۆمەڵگەش بەرانبەر بەو کارانە بگۆڕن.

سەبارەت بەوەی کە بۆچی زۆربەی ئەفسەرانی ژن لە بواری کارگێڕیدا کار دەکەن، هەدار گوتی:" ئەوەی راستی بێت، زۆرجار ئەو گلەییمان بەگوێی بەڕێوەبەرایەتی گەیاندووە، بەڵام ئەوانیش دەیانگوت رێژەی ژنان کەمەو ناتوانین لەهەموو بنکە پۆلیسەکان دایانمەزرێنین".

### ژنان بەرتیل وەرناگرن

سەرەڕای ئەوەی ئێستا ژمارەیەکی ژن لەبنکەکانی پۆلیسدا کار دەکەن، بەڵام رێژەیەکی کەمیان روو لەکاری لێکۆڵینەوە دەکەن. هەدار لەوبارەیەوە دەڵێت:" راستە رێژەکە کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك کچمان هەیە لەو بەشەدا کار دەکەن، بۆ نموونە کەسمان هەیە لە بنکەی توندوتیژی کار دەکات و ئەوەش پێویستی بە شارەزایی هەیەو هەموو کەسێك ناتوانێت ئەوکارە بکات".

هەدار عیسمەت کە خۆی لەبەشی ژمێریاری کار دەکات و هاوکاتیش خەریکی خوێندنە، گوتی کە پاش تەواوکردنی کۆلیژ دەچێتە بەشی لێکۆڵینەوەو هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی هاوڕەگەزەکانی دەدات.

ئەو ئەفسەرە ژنە کە بڕوایەکی تەواوی بەتوانای ئەو ژنانە هەیە کە روو لەوکارە دەکەن دەڵێت:" ئەو ژنانەی کە دەبنە ئەفسەر زیاتر خەمخۆری کارەکانیانن و نهێنییە تایبەتییەکانی کارەکەیان دەپارێزن و وەك هەندێك لەپیاوان بەرتیل وەرناگرن".

### دەرفەت بە کچەکانتان بدەن

هەدار داوا لەو خێزانانە دەکات کە کچەکەیان حەزی لە کاری ئەفسەریی یان هەر پیشەیەکی دیکەیە، دەرفەتی پێ بدەن و لەبەردەم حەزەکانیاندا نەبنە رێگر، چونکە کار ئەرکێکی پیرۆزە و بۆ پاراستنی کۆمەڵگەی کوردستان زۆر پێویستە.




## پرۆفایل:

* هەدار عیسمەت جەمیل ١٩٨١، لەدەڤەری دهۆك لەدایکبووە.

*٢٠٠٣، بەشی ژمێریاری پەیمانگەی تەکنیکی دهۆکی تەواو کردووە.

* ٢٣/ ١١/ ٢٠٠٤ پەیوەندی بەکولیژی پولیسی هەولیرەوە کردووەو دەرچووی خولی چواری، پەیمانگەی پۆلیسی هەولێرە.

* ١٢/ ٨/ ٢٠٠٥، نیشانی ئەفسەری پلە دووی وەرگرتووەو ئێستا بەشی ژمێریاری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دهۆك کار دەکات.

* قوتابییە لەکولیژی ئێوارانی زانکۆی دهۆك لەبەشی یاسا.



هەڵز عەلی

# بازاڕێک بۆ هـ

هەولێر:

لەوەتەی بەبیرم دێت بە هەژاری ژیاوم، ئێستایش دوو کۆنە ماکسیم هەیە، یەکیان دەشۆم و ئەوی دیکەیان لەبەر دەکەم". ئەمە قسەی پورە رەبیعەی ٥٩ساڵ بوو کە لە بازاری پیرەژنانی تەیراوە چەندین ساڵە جلەکۆنە و قاپ و قاچاغ دەفرۆشێت. ئەو بازاڕە سەرچاوەی سەرەکی بژێوی چەندین کەسی دیکەی وەك رەبیعەیە. لەکاتێکدا زۆربەی دوکاندارەکانی ئەو بازاڕە پیاون، بەڵام سەرنجڕاکێش ئەوەیە بازاڕەکە بە "بازاڕی پیرەژنان" ناسراوە.

ئەگەر یەکێك بەو بازاڕەدا تێپەڕبێت و سەیری جەواهیری تەمەن ٧٥ ساڵان بکات کە یەکێك لە فرۆشیارانی خواردنی منداڵانە، لە کێشەی هەموو ئەو ژنە بەتەمەنانە دەگات کە لەو بازاڕەدا کاردەکەن.

جەواهیر، سەرتاپای جلەکانی رەش بوو، مێردەکەی پیر بووەو کەس نییە کاریان بۆ بکات، ئەو خەڵکی گوندی گەزنەیە و لە تەیراوە لە بازاڕی پیرێژنان لە بەردەم خۆر، بەدیار بسکیت و چپسەکانی دانیشتووە، مێردە بەتەمەنەکەیشی لەلایەتی و بژێوی ژیان ئەویشی ناچار کردووە کار بکات. جەواهیر بەو تەمەنەوە، بەردەوام لەبەردەم تیشکی بێبەزەیی هەتاودا خواردنی منداڵان دەفرۆشێت.

هەرچەندە ئافرەت لەساڵانی رابردوودا، بەهۆی کۆتوبەندی کۆمەڵایەتی و نەبوونی ئازادی لەلایەن بنەماڵەوە نەیتوانیوە لەپەیداکردنی بژێوی ژیان و کارکردن لەدەرەوەی ماڵدا بەشداربێت، بەڵام مێژووی کارکردنی ئافرەت لە بازاری پیرەژنانی شاری هەولێردا دیوێکیتری ئەم راستیە دەردەخات.

هەر لەو بارەیەوە نووسەری کتێبی "هەولێرم وادیوەو بیستوە"، سەید مەولود قادر بێخاڵی کە لەدایکبووی ساڵی١٩٣١، بە وارڤینی راگەیاند کە مێژووی ئەو بازارە دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی پێش سیەکان و لەو بارەیەوە گوتی "بەبیرم دێت پیرەژنەکان لەناو بازاری قەیسەری شتومەکەکانیان دەهێناو لەسەر پارچە قوماشێکیان ڕادەخست و کۆنەی ماڵانیان دەکڕی و دەیان فرۆشتەوە ".

دواتر سەید مەولود، ئاماژەی بەوەدا کە ئەو شوێنەی ئێستا بووەتە بازاڕی نیشتمان، لە حەفتاکانیشەوە هەبووە و دوای ساڵی نەوەتەکانیش لە تەیراوە جارێکی دیکە دروستکراوەتەوە، ئێستایش پیرەژنەکان جلی کۆن و شتومەکیان لەو بازارەدا دەفرۆشن.

غەریبە محەمەد تەمەن ٥٠ ساڵ، لەژێر کەپرێکی بەردەرگای ماڵەکەیان خەریکی کێشانی خواردن بوو بۆیەکێك لە موشتەریەکانی، غەریبە وەك باسیدەکات لەسەرەتای نەوەتەکانەوە یەکەم ژن بووە لە تەیراوە کە لەسەر دوکانی مێردەکەی کاریکردوە.

"جار جار کە مێردەکەم دەچوو بۆ نوێژ یان کارێکی دەکرد منی لە دوکان جێدەهێشت تا وورده وورده وای لێهات شتەکە ئاساییی بووەوە، دوایی ئەو ژنانەی لای قەبرستان هەمووی گواستیانەوە بۆ ئەو بەرەوە و ئیتر ئێرە بوو بە بازارێکی قەرەباڵغ، تەنانەت خەڵك لە سلێمانی و شارەکانیتر دەهاتن مامەڵەیان دەکرد".

غەریبە کە خاوەنی کەسایەتیەکی بەهێزبوو بەوپەڕی باوەربەخۆبوونەوە باسی لە مێژووی کارکردنی خۆی

www.netewe.com



# ـەموو وەرزەکان

دەکرد لەو ماوەیەدا کەچۆن شانبەشانی مێردەکەی کاریکردوەو بەشداربووە لەدابینکردنی بژێوی خێزانەکەی، ئەو ژنە کە کارکردنی ژنان لە دەرەوە بەکارێکی گرنگ دەزانێت دەڵێت:"من تازە فێری پارەی گیرفانی خۆم بووم ناتوانم ئیش نەکەم ئەگەر حکوومەت مووچەشم بداتێ وەرینا گرم چونکە ئەوەی من پەیدای دەکەم زۆر زیاترەو تەنانەت کارکردنەکە خۆشترە لەوەی کە دانیشم و پارەم بدەنێ".

بەڵام رەبیعە ئیسماعیل تەمەن ٥٩ ساڵ کە ماندوویەتی تەمەن بەسیمایەوە دیارە بەپێچەوانەی غەریبە بیردەکاتەوە و دەڵێت:" ئەگەر حکوومەت مووچەیەکم بۆ ببڕێتەوە چیتر ئەو کارە ناکەم چونکە بەشم ناکات".

ئەو کە لەبن دیواری ماڵێکدا دانیشتبوو خەریکی فرۆشتنی قاپ و قاچاغ بوو، وەك باسیدەکات لە ساڵی ١٩٨٥ەوە ئەو کارە دەکات، ئەو لەکاتێکدا کە لەگەڵم قسەی دەکرد هەندێکجار وەڵامی موشتەرییەکانی دەدایەوە و دەیگوت:" ٥٠٠ دیناری بۆ من تێدایە و کەمتر نابێت".

هەرچەندە مێژووی دروستبوونی ئەم بازارە دەگەرێتەوە بۆ زیاتر لە بیست ساڵ بەڵام تاکو ئێستا نەتوانراوە شوێنێکی تایبەت لەلایەن شارەوانیەوە بۆ ئەم ئافرەتانە دابین بکرێت، هەر لەو بارەیەوە ئەندازیار زیاد مستەفا لە بەرێوبەرایەتی شارەوانی (١)، بۆ وارڤین دواو گوتی:" دروستکردنی ئەو بازارە لەبەرنامەی حکوومەتدایە و هۆکاری دواکەوتنیشی بۆ نەگەیشتنی بودجە دەگەرێتەوە".

تاڤگە عەلی

www.netewe.com



### پسپۆڕێکی بواری نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵان:

# ئەو پیاوانەی گۆشت زۆر دەخۆن کچیان دەبێت

هەولێر

پسپۆڕێکی بواری نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵان، بە وارڤینی ڕاگەیاند کە نابێت لەکاتی سکپڕیدا بە هیچ شێوەیەك رەگەزی کۆرپە بۆ دایك دیاری بکرێت، چونکە لەباری دەروونییەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندی رۆحی نێوان دایك و کۆرپە دادەنێت.

نەزۆکی و کێشەی رەگەزی منداڵ، دیاردەیەکی رۆژانەیە کە کێشەی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە، زۆربەی پسپۆڕان فاکتەری ژینگە، شەڕ و باری دەرونی مرۆڤەکان بەهۆکار دەزانن، بەڵام لەو پرسەدا زۆرجار تێگەیشتنی باوی کۆمەڵگە، ژنان بەهۆکار دادەنێت. لەلایەکی دیکەوە پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵان و نەزۆکی د. کامیلیا بویا، جۆری خۆراك و کاتی جووتبوون بەگرنگ دەزانێت.

د. کامیلیا، پێیوایە جاران ئەوەندە رەگەزی منداڵ گرنگ نەبوو لەبەر ئەوەی خەڵك لە هەردوو رەگەزەکە منداڵیان هەبوو، بەپێچەوانەی ئێستاوە خێزان هەیە کە ٤ کچ یان٤ کوڕیان هەیە، ژینگەو بارودۆخ و رێکخستنی خۆراك و جۆری کار لەو پرسەدا کاریگەرییان هەیە.

## ئەگەر ژنان گۆشتی زۆر بخۆن کچیان دەبێت

د. کامیلیا گوتی:" ئەگەر ژن لە ژەمە خۆراکییەکانیدا گۆشت بخوات کچی دەبێت، بەڵام وەك دەزانن رێکخستنی خۆراك تەنیا بۆ ژن نییەو پیاویش دەگرێتەوە. پێویستە ژن و پیاو هەردووکیان گرنگی بەخواردنە رووەکییەکان بدەن و دووربن لە زۆر خواردن وخواردنەوە گازی و کحولیەکان، تا توانای ئەوەیان هەبێت کە لە هەردوو رەگەز منداڵ دروست بکەن".

د. کامیلیا باس لەوە دەکات کە ژن وپیاوێك هاتوونەتە لای کە قەبارەی تۆی پیاوەکە ٥٪ بووە لەحاڵێکدا کە دەبێت ئەو قەبارەیە ٨٠٪ بێت، بەڵام پاش ئەوەی لەژێر چاودێریدا سیستەمی خۆراکی گۆڕیوەو خواردنەوە گازییەکانی کەمکردووەتەوە، لەیەکەم تاقیکردنەوەدا قەبارەکەی بۆ ٧٥٪ بەرز بووەتەوە.

## پێڕەوکردنی خشتە لەگەڵ ویستی خێزانەکان یەکناگرێتەوە

لەبارەی کاتی جووتبوون و پێڕەوکردنی خشتە بۆ دروستبوونی رەگەزی منداڵ بەویستی خێزانەکان، د. کامیلیا ئاماژەی بەخاوێنڕاگرتنی دەم وددان و بایەخدان بە بۆنخۆشی و خۆشۆرینی پێش جووتبوون کرد و هەروەها روونیکردەوە کە مەرج نییە پێڕەوکردنی خشتەکە لەگەڵ ویستی خێزانەکان بێت و٨٠٪یش ئەگەری دەرنەچوونی هەیە.

بەقسەی ئەو ژنە پزیشکە کاتێکی دیاریکراو بۆ جووتبوون نییە، بۆ نموونە بڵێی ئەم کاتژمێرە باشە:" بەڵام بە هێلکەدانی قەبارەی هێلکۆکە دەزانرێت کە کاتی تەقین (پیتێن) نزیکە یان نا، ئەوکات لەگەڵ ئەوەدا هەندێك رێنمایی دیکە دەدرێتە نەخۆش و مەرجیش نییە لەیەکەم تاقیکردنەوەدا منداڵ دروست بێت".

ئەو وەها درێژەی بە رێنماییەکانیدا:" لەکاتی پێگەیشتنی هێلکەدا ئەگەری دروستبوونی منداڵ زیاترەو ئەو ماوەیە، بۆ ئەوانەی بێنوێژیان رێکەو ٢٨ رۆژ جارێ بێنوێژ دەبن، پێگەیشتنەکە ماوەی ١٠تا١٨ رۆژ دەخایەنێت، بە سۆنەریش چاودێری دەکەم تا قەبارەی هێلکۆکە بزانم. بۆ دروستبوونی منداڵ قەبارەی٢٠ تا ٢٥ ملیم گونجاوە".

## "رەگەزی کۆرپە بۆ دایک ئاشکرا مەکەن"


د. کامیلیا سەبارەت بە پاراستنی باری دەروونی ژنە سکپڕەکان کە بۆ زانینی رەگەزی منداڵ سەردانی نۆڕینگەکان دەکەن، بە پێویستی دەزانێت کە نابێ رەگەزی منداڵ بۆ دایك ئاشکرا بکرێت چونکە کاریگەری نەرێنی لەسەر باری دەروونی دایك دادەنێت و ئەوەش راستەوخۆ کاریگەری لەسەر کۆرپەلە دەبێت.

لەکۆتاییدا د. کامیلیا گوتی:" لەبەر ئەوەی دایك و کۆرپەلە پەیوەندی رۆحیان پێکەوە هەیە، بۆیە کۆرپەلە نائارام دەبێت و وا هەستدەکات دایك ئەوی ناوێت، بۆیە بۆ شوێنێکی ئارامتر دەگەڕێت، پێویستە پزیشك ئەم نهێنیە بپارێزێت و دووپاتیدەکەمەوە کە نابێت رەگەزی کۆرپە بە دایك بگوترێت".



د. کامیلیا بویا

**پێویستە ژن و پیاو هەردووکیان گرنگی بەخواردنە رووەکییەکان بدەن و دووربن لە زۆر خواردن وخواردنەوە گازی و کحولیەکان، تا توانای ئەوەیان هەبێت کە لە هەردوو رەگەز منداڵ دروست بکەن**



شیلان یاسین



www.netewe.com

# دایکایەتی تەن

دایکایەتی تەندروست (ئاسوودە)، وەك دەستەواژەیەك بۆ ئاماژە بە" ئامادەبوونی ژن بۆ بەڕێکردنی خولێکی سەرکەوتووی سکپڕی و منداڵبوون". بەکار دەهێنرێت.
دەستپێشخەری دایکایەتی تەندروست لە ساڵی ١٩٨٧، لەلایەن هاوبەندییەك لە رێکخراوە نێونەتەوەیی و ناحکومییەکان، بۆ باشترکردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ ژنان لەماوەی سکپڕی و منداڵبوون، ئامادەکردن و دارشتنی خشتەی نموونە و سەرمەشق، هەروەها ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەبارەی رێوشوێن گەلێك، بۆ چاکترکردنی چاودێریکردنی ماوەی سکپڕی، دامەزراوە.
بەپێی زانیارییەکان ئەو هۆکارانەی کە لەسکپڕی و منداڵبوونەوە سەرچاوە دەگرن، ساڵانە دەبنە هۆی مردنی ٥٠٠٠٠٠ دایك، ئەم بابەتەیش خۆی کاریگەریی لەسەر مردنی لانیکەم یەك ملیۆن و نیو ساوا، لە هەفتەی یەکەمی ژیاندا و هەروەها بەمردوویی لەدایکبوونی ١/٤ ملیۆنی ساوا، کاریگەری داناوە. ئەو تێچووە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییانەی کە ئەم جۆرە مردن و کەمئەندامییە، دروستی دەکەن کاریگەرییەکی قورس لەسەر خێزان، کۆمەڵگە و وڵاتان دادەنێن. ئامانجی پرۆگرامی چاودێریکردنی دایکان لەوڵاتە جۆربەجۆرەکاندا، بە سەلامەت تێپەڕاندنی خولێکی سکپڕی و باشترکردنی رەوشی تەندروستی دایك و کۆرپەیە.

## راوێژکاری بەر لە سکپڕی

بەر لە سکپڕی دایك و باوك دەبێ وەك پێویست، ئامادەیی و زانیاریی لەوبارەیەوە بەدەست بێنن، بە راوێژکاری بەر لە سکپڕی دەتوانرێت بوونی نەخۆشی یان هۆکاری ناتەندروست بۆ سەلامەتی کۆرپە لێکبدرێتەوە و ئەگەری لەدایکبوونی ساوای کەمئەندام و نەخۆش بە دایك و باوك بگوترێت، لە هەندێ حاڵەتدا بە بەکارهێنانی مێتۆدی دەرمانی دەتوانرێت هەبوونی هەندێك نارێکوپێکی زکماکی لە کۆرپەدا بگەیەنرێتە کەمترین ئاست، بۆ نموونە پێشگرتن لە نیشانەکانی سورێژە لە کۆرپەلەدا بە بەکارهێنانی دەرزی سوریژە بەر لە سکپڕی، هەروەها بە کەڵك وەرگرتن لە ئەسیدی فۆلیك لەلایەن دایکەوە بەر لە سکپڕی یان لەدەستپێکیدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کێشەکانی سیستەمی عەسەبی کۆرپە. لە ئەنجامی ئەو راوێژکارییەدا نارێکوپێکی سیستەمی جەستەیی دایك دەستنیشان دەکرێت و کێشە ویراسییەکان کۆنترۆڵ دەکرێن.

## تەمەنی گونجاو بۆ سکپڕی

سکپڕی ژن لە تەمەنی خوارتر لە١٨ ساڵ و بەرزتر لە٣٥ ساڵ گونجاو نییە، ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەو بوارانەدا ئەنجامدراون ئەوەیان دەرخستووە کە لەوانەیە سکپڕییەکانی ژێر ١٨ ساڵ و دوای ٣٥ ساڵ گرفتی جدی و مەترسیدار بۆ کۆرپە و دایك دروست بکات، باشترە مەودای ٢ سکپڕی لە٣ ساڵ کەمتر نەبێت.

تەندروستی و چاودێرییەکانی ماوەی سکپڕی

دەستنیشانکردنی سکپڕی

دەتوانرێت نیشانەکانی سکپڕی بکرێت بە سێ بەشەوە:

١. گریمانەیی: تێکهەڵاتنی دڵ لەگەڵ رشانەوە یان بێ رشانەوە، ماندوویەتی، هەستکردن بە جووڵانەوەی کورپە، نارێکوپێکی لە میز، نەبوونی سوری مانگانە، گۆڕانی مەمکەکان، پێست، دەرکەوتنی هێڵ لە زکدا.

٢. ئەگەری نیشانەکان: گەورەبوونی سك، گۆڕان لە ئەندازە، فۆرم و بەهێزی رەحم، گۆڕان لە لێواری رەحم، بچووکبوونەوەکانی رەحم، حاڵەتی تێکەڵبوونی کۆرپە لە ئاوی ئامینیۆتیك، لەمسی کۆرپە لەناو سك، تاقیکردنەوەی هۆرمۆنی سکپڕی.

٣. ئاماژە ئەرێنییەکان: دیاریکردنی چالاکی دڵی کۆرپە، هەستکردن بە جووڵانەوەی کۆرپە، دەستنیشانکردنی کۆرپە لەرێگای سنۆگرافی، دەستنیشانکردنی کۆرپە لەرێگای رادیۆگرافییەوە.

## پشکنینی سکپڕی

وەك شتێکی نائاسایی ژنان دەبێت پاش بڕان یان درەنگ کەوتن لەسووڕی مانگانەدا، سەردانی بنکە تەندروستییەکان بکەن، ئەو کەسانەی کە بەر لە سکپڕی لە ژێر چاودێریدا بوونە، باشترین کاتی گونجاو بۆ یەکەمین سەردان هەفتەی٦ تا٨ی سکپڕ بوونە، کاتی سەردانەکانی دیکە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

تا هەفتەی ٢٨(مانگی حەوتەم)ی سکپڕی هەر مانگێك جارێك.

هەفتەی٢٨-٣٦ (مانگی هەشتەم)ی سکپڕی ٢ هەفتە جارێك.

هەفتەی ٣٦تا٤٠(مانگی نۆهەم) سکپڕی هەفتەیەك جارێك.

## گۆڕانی ماوەی سکپڕی

لەنێوان کێشی بەر لەسکپڕی و زیادبوونی سکپڕی، لەگەڵ کێشی کاتی لەدایکبوونی کۆرپەدا پەیوەندیی هەیە.

بڕی سروشتی زیادبوونی کێش لە کۆی ماوەی سکپڕی لە ژناندا، مامناوەند ١١ تا١٢ کیلۆگرامە، ژنێکی سکپڕ رۆژانە نزیکەی ٣٠٠ کالۆری وزەی پێویستە، پزیشکان دەڵێن دەبێ ژنان لەسەرجەم گرووپە خواردەمەنییەکانی وەك شیر، ماست، هێلکە، نان و گەنم و میوە و سەوزەی تازە، لە پرۆگرامی خواردەمەنییەکانیاندا دابنێن، ژنی سکپڕ دەبێت لە سێ مانگی دووەمی سکپڕییەوە ئەو خواردنانە بخوات، کە بڕی ئاسنی جەستەی ژن دەبەنە سەرەوە، چاودێریکردنی کێش لە ماوەی سکپڕی دا گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

## خەو و حەسانەوە

ژنێکی سکپڕ لانیکەم پێویستی بە٨ کاتژمێر خەوی شەوانەو، ١تا٣ کاتژمێر خەوی رۆژانە هەیە و باشتر وایە کە لە رۆژدا چەندین جار ئیسراحەت بکات.

## کار و چالاکی

لەکاتی سکپڕیدا پێویست ناکات دایك چالاکییەکانی خۆی کەم بکاتەوە، بەڵام دەبێ کارەکانی بە رادەیەك بێت کە نەبێتە هۆی ماندووبوونی و، زیان بە خۆی و بە کۆرپەکەی نەگەیەنێت.

## سەفەر

سەفەر هیچ زیانێکی بۆ ژنانی تەندروستی سکپڕ نییە، باشتر وایە ئەو کەسانەی کە پێشینەی لەبارچوون یان منداڵبوونی ناوادەیان هەیە، لە سێ مانگەی یەکەمی سکپڕی و لە سێ مانگی کۆتاییشدا، سەفەری درێژ نەکەن، پزیشکان دەڵێن لە ناو رێگادا ژنانی سکپڕ، لانیکەم دەبێت هەر دوو کاتژمێر جارێك ئیسراحەت بکەن و کەمێکیە پێ برۆن.


## حەمام

چوونە حەمام لەماوەی سکپڕیدا، لەگەڵ کاتەکانی دیکە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، باشتر وایە ئاوی شلەتین بۆحەمام بەکار بهێنرێت و ماوەکەیشی کورت بێت، دەبێ ژنی سکپڕ لە سێ مانگەی کۆتایی سکپڕیدا، لەکاتی چوونە حەمام ئاگای لەخۆی بێت، چونکە کێشی بەرز بووەتەوە، بەکارهێنانی زۆری ساونا و حەمامی هەڵم بەتایبەت لە مانگە کۆتاییەکانی سکپڕیدا باش نییە.

## جلوبەرگ و پێڵاو

ئەو جلانەی کە لەماوەی سکپڕیدا لەبەر دەکرێن پێویستە

www.newewe.com



# ...دروست چییه؟



تەسك نەبن، نابێت کەمەرە و گۆرەوی لەبەر بکرێت، لەبەرئەوەی ئەگەری ئەوەی هەیە، ببێتە رێگر لەبەردەم هاتووچۆی ئاسایی خوێن و ئەوەش ئاوسانی پێ و واریسی لێ دەکەوێتەوە. بەکارهێنانی مەمەکبەند لەمانگە کۆتاییەکاندا زۆر باشە، چوونکە قورسی مەمکەکان دەبێتە کێشە، باشتر وایە لە کاتی سکپڕیدا پێڵاوی پاژنەبەرز بەکارنەهێنرێت، تا هاوسەنگی جەستە تێکنەچێت و ژن تووشی ئێشی کەمەر و پێی نەبێت.

## کەڵک وەرگرتن لە هەوای ئازاد

ژنی سکپڕ دەبێ رۆژانە بە لانیکەمەوە، یەك تا دوو کاتژمێر لە هەوای ئازاد دا پیاسە بکات، لەبەر ئەوەی یەکێك لە رێگاکانی بەدەستهێنانی ڤیتامین "د." کە بۆ کۆرپە پێویستە، تیشکی خۆرەتاوە، زۆر مانەوەی بەر هەتاو بۆ ئەو کەسانەی کە پێستێکی تایبەتیان هەیە باش نییە.

## وەرزش

سنووردارکردنی وەزرش لەکاتی سکپڕیدا پێویست نییە، بەمەرجێك کە نەبێتە هۆی ماندوویەتی ژن یان زیان بەکۆرپە بگەیەنێت، وەرزش دەبێتە هۆی هاوئاهەنگی زیاتری ماسوولکەکان و جمووجووڵی خوێن لە دەست و پێدا زیاتر دەکات، جەستە بۆ حاڵەتی یەکەمی بەر لە منداڵبوون دەگەڕێنێتەوە. هەستکردن بەماندوویەتی نیشانەیەکی مەترسیداری ماوەی سکپڕییە، ئەگەر ژنێك هەستی بە ماندوو بوون کرد لە کاتی وەرزشکردندا، دەبێت بە زووترین کات وازی لێ بێنێت و ئیسراحەت بکات، ئەگەر خوێنیشی لەبەر رۆیشت دەبێ سەردانی پزیشك بکات.

## دەم و ددان

پشکنینی دەم و ددان دەبێت، بەشێك لە پشکنینی گشتی چاودێری سکپڕی بێت، پێویستە لەکاتی سکپڕیدا لەگەڵ بەکارهێنانی بەرنامەی خواردنی گونجاو، دەم و ددان لەپێشتر خاوێنتر رابگیرێت.

## دەرمان

بەکارهێنانی دەرمان لەکاتی سکپڕی لە سێ مانگی یەکەمدا، بەبێ راوێژی پزیشك قەدەغەیە.

## جگەرە

باشتر وایە لەکاتی سکپڕیدا هیچ جۆرە جگەرەیەك بەکار نەیەت، ئەگەر نەتوانرێت چاوپۆشی لێ بکرێت، دەبێ کەم بکرێتەوە، کێشی ئەو ساوایانە کە دایکیان جگەرەی کێشاوە لە کێشی ئەوانەی کە دایکیان جگەرەی نەکێشاوە کەمترە.
هەروەها پێویستە ژنی سکپڕ شلەمەنی و خواردنەوە، سەوزە، بەکاربێنێت و بەپێی پێویستیش وەرزش بکات.

## دەرزی

لەکاتی سکپڕیدا لێدانی دەرزی ڤایرۆسی زیندوو(سورێژە، ئۆریۆن) قەدەغەیە.

## سێکس

سێکس بەشێوەیەکی ئاسایی لە هەلومەرجی سروشتیدا هیچ گرفتێك دروست ناکات، بەڵام وا باشترە لە مانگی کۆتاییدا ئەنجامنەدرێت، لەکاتی سێکسدا نابێت هیچ گوشارێك بۆ سکی ژن بهێنرێت.

# پەیوەندی سێکسی ڕۆژانە، کاریگەری باش لەسەر سپێرم دادەنێت



دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە ئەو پیاوانەی کە سپێرمیان تووشی کێشە بووە، و بە شێوەیەکی ئاسایی منداڵ دروست ناکات، ئەگەر بە ماوەی یەك هەفتە هەموو ڕۆژێك پەیوەندی سیکسی سەرکەوتوویان هەبێت، سپێرمەکەیان بەرەو باشی دەڕوات.

مەبەست لە چاکبوونەوەی سپێرم لەم لیکۆڵینەوەیەدا کەمبوونەوەی ئەو حاڵەتانەیە کە دەڵێن (ویراسییە).

لێکۆڵەرێکی ئۆسترالیایی دەڵێت، هەرچەند پێشتر دەگوترا باشترە ژن و پیاو دوو سێ ڕۆژ جارێك پێکەوە پەیوەندی سێکسیان هەبێت، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئەو دەریخستووە کە پەیوەندی ڕۆژانە یارمەتیدەرێکە بۆ باشبوونی سپێرمی پیاو.

دکتۆر دیڤید گرینینگ لە کونفرانسێکدا گوتی، بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە لەسەر ١١٨ پیاو ئەنجامدراوە، دەریخستووە کە دەرئەنجامی کارەکەی باش بووە.

دکتۆر دیڤید دەڵێت٨٠٪ی ئەو پیاوانەی کە سپێرمی نەخۆشیان هەبووە، پاش ئەم تاقیکردنەوە باش بوونەتەوە.

ئەو پزیشکە پێیوایە، پەیوەندی سێکسی ڕۆژانە، کاریگەری باش لەسەر سپێرم دادەنێت.

بەڵام پزیشکەکانیتر هەرچەند تاقیکردنەوەکەی دکتۆر دیڤیدیان پێ باشە، بەڵام دەڵێن لەوانەیە ئەم ڕێگایە نەتوانێت بۆ هەموو پیاوەکان باش بێت.

دوکتور ئالێن پیسی کە مامۆستای زانکۆی شیفیلّدی بەریتانیایە، لەو بارەیەوە دەڵێت کە سێکسی ڕۆژانە مەترسی دروستنەبوونی منداڵ لەسەر ئەو کەسانە دادەنێت کە سپێرمی لاوازیان هەیە.

سەرچاوە: BBC



# SEX AND THE CITY

## سێکس و شار

چوار ساڵ لە بەرهەمهێنانی فیلمی سێکسء شار تێپەڕیوە، سێکس و شار لە دەرهێنانی "مایکڵ پاتریك کینگ" دەرهێنەری ئەمریکییە کە توانی بە بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە ناوبانگ دەربکات، فیلمی "سێکس و شار" کە زەنجیرەیەکی تەلەڤیزیۆنی بوو توانی سەرکەوتنێکی باش بەدەست بهێنێت، هاوکات دەنگۆیەکی زۆری لە سەرانسەری جیهان نایەوە.
سێکس و شار لە ساڵانی ١٩٩٨ تاکوو ساڵی ٢٠٠٤ لە تەلەڤیزیۆنی ناوخۆیی وڵاتی ئەمەریکا بڵاو کرایەوە، ئەم فیلمە کە تیشکی خستۆتە سەر ژیانی تاکەکەسی چوار ژنی نیۆیۆرکی، توانی زۆربەی هێڵە سوورەکان لە ژیانی تاکەکەسی هەر تاکێکی کۆمەڵگە ببەزێنێت، کەریی، سمەنتا، میراندا شارلێت، چوار کەسایەتی سەرەکی ئەم درامایەن کە رۆڵیان لەم فیلمەدا بینیوە. بەو پەیوەندییە سادەیەی کە پێکەوە هەیانە کێشە کۆمەڵایەتیەکان، بە تایبەتی کێشەی سێکس، نەخۆشیە سێکسیەکان، چەند هاوسەری... دەخەنە بەرباس، وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەش کە لە دراماکەدا دێنە ئاراوە، دەمێنێتەوە بۆ بینەر. پاش تەواو بوونی هەر زەنجیرەیەك وا لە بینەر دەکات بە روانگەیەکی نوێوە بڕوانێتە ئەو پەیوەندیە کێشانەی کە رۆژانە بەرەورووی دەبێتەوە. یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی ئەم فیلمە، نەبوونی هەندێ سنوورە کە لە زۆربەی کۆمەڵگەکا داخراوەکاندا دەبێتە گرفت و کێشەیەکی کەلتووری. لێرەدا بینەر هەست بەوە دەکات کە پێویستی بە شاردنەوەی هەموو رووداو و حەزی بیرۆکەکانی ژیانی نییە، هەر کەسێك بۆ ئەوەی بتوانێت بەبێ ئەوەی لەوە بترسێت کە کەسانی دەوروبەری بە شتە تاکەکەسیەکانی بزانن، بەو شێوەیە بژی کە ئارەزوویەتی.




www.netewe.com



Photo AP

www.netewe.com




# باری ئافرەتان لە نێو دەقەکانی یاسای سزادانی عێراقیدا

یاسای سزاکانی عێراق کە بە یاسای ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ ناسراوە لە راستیدا بە یاسایەکی دواکەوتوو لەسەردەم ناسراوە لە رووی گەلێك لە برگە و ماددەکانییەوە لەگەڵ گۆرانکاری هەمەلایەنەی کۆمەڵگە و پێشکەوتنەکانی سەردەمدا نایەتەوە، بەتایبەت لە بواری سزادانی تاوانەکانی دژبە ئافرەتان کە لە زۆر مادە و حوکمیدا ئەکەوێتە خانەی نا هاوسەنگی لە هەمان کاتیشدا دژ یان جیاواز دەوەستێتەوە بەرامبەر جارنامەی مافی مرۆڤ و رێکەوتنە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە دژایەتی کردنی جیاوازی کردن و توندوتیژی ئەنجامدان بەرامبەر ئافرەتان. لە جیهاندا، کە حکوومەتی عێراق ئەو رێکەوتننامانەی مۆرکردووە و پەیرەو کرد، جێبەجێ کردنیان لەسەری بوتە بریار و دەبوایە هەر لەسەرەتاوە بەندە ناکۆکەکانی یاسای سزاکانی راستەوخۆ بیگۆرییبایە بە بەندی یاسایی گونجاو لەگەڵ ناوەرۆکی ئەو رێکەوتننامە نێو دەوڵەتیانەدا ؟

لە نمونەی زیندوی ئەو دواکەووتووی و ناتەواویانەی لەیاسای سزاکانی عێراقدا بەدی دەکرێن کە لەگەڵ ماف و یەکسانی ئافرەتاندا نایەتەوە و زۆر دەقی یاسایی هەن کە بە ئاشکرا بەکارهێنانی توند و تیژی بەرامبەر ئافرەتان حەلاڵ دەکەن و تاوانباریش لە سزادان قوتار دەکەن وەك :

-مادەی ٤١ی یاساکە دەڵێت( لاجریمه اذا وقع الفعل استعمالا لحق مقرر بمقتچی القانون و یعتبر استعمالا للحق :

١) تأدیب الزوج لزوجته و تأدیب الاباء و المعلمین و من فی حکمهم الاولاد القصر فی حدود ما هو مقرر شرعا او قانون او عرفا).

ماددەی یاسایی سەرەوە کە بە ئاشکرا مافی تەمێ کردنی ژنی داوەتە دەست پیاو لەسەر ئاسەوارەکانی ئەو تەمێ کردنە هیچ بەرپرسیارێتییەکی یاسایی لەسەر پیاو دروست ناکات، کە ئەوەش بە تەواوەتی ناکۆکە لەگەڵ مادەی ٢٩/٤ی دەستوری عێراق کە هەموو جۆرە توندوتیژی یەکی لە خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگەدا قەدەغە کردووە، هەروەها ناکۆکە لەگەڵ جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و هەروەها دژە بە ماددەی ٧ی بەڵێنی نێودەوڵەتی تایبەتی مافە شارستانی و سیاسییەکان کە لە ساڵی ١٩٦٦ مۆرکراوە هەموو جۆرە توندو تیژییەکی بە تاوان ناساندووە و هەروەها بەپێی مادەی دوو خاڵەکانی (و، ز) لە رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاوازییەکی دژ بە ئافرەتان کە عێراق لایەنێکی ئەو رێکەوتننامەیە ئەبێ راستەوخۆ ئەو بەندە یاساییە ناوخۆیانە لادات کەلەگەڵ ئەو یاسایە دا ناکۆکن و بیانگۆرێت بە مادەی یاسایی گونجاو، بەڵام لایەنی یاسادانان لە عێر اق ئەو لایەنەی رێکەوتننامەکەیان پشت گوێ خستووە و بەو خەمساردی و بێ هەڵوێستییەش ئەوە دەچەسپێت کە عێراق تەنها بۆ سپی کردنەوەی دیوی دەرەوە و نێودەوڵەتی پایە و کەسێتی ئەم وولاتە ئەو رێکەوتننامانەی پەسەند کردووە بەبێ ئەوەی لە دیوی ناوەوەی وولاتدا هەڵمەتی جێ بەجێ کردنیانی بەرپاکردبێت.

هەروەها لە مادەکانی ٣٧٧ و ٣٨٠ ی هەمان یاسای سزاکانی عێراقدا هاتووە کە ئەو پیاوەی ژنەکەی هان بدات بۆ زیناکردن و ئەویش کردی ئەوا پیاوەکە سزا دەدرێت، بەڵام ئەگەر ژنەکە دواتر بچێت شکات بکات ئەوا گوێی لێ ناگیرێت بە بیانووی ئەوەی زینای کردووە و شکاتییش دەکات، کە لەم بارەدا بەجۆرێك لە جۆرەکان مافی ئەو ژنە پێشێل دەکرێت کە پیاوەکەی بەهاندان و ناچارکردن فێرە زینای کردووە بە بێ رەزامەندی خۆی و دادگاش گوێ لە داواکەی ناگرن.

هەروەها لە مادەی ٤٠٩ دا سزای سەر تاوانباری ژن کوژ سووك دەکات بەناوی شەرەف پارێزییەوە، بەڵام تاوانباری ژن هەمان مافی نییە و لەکاتی ئەنجامدانی تاوانی لەو جۆرەدا سزاکەی سووك ناکرێت و وەك بکوژی دەست ئەنقەست دادگایی دەکرێت.

ئەو مادانەو چەندین تێبینی تری لەو بارەیەوە تێکەڵ بە دەقە یاساییەکانی یاسای ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ بووە و ئەو یاسایە پێویستی بە سەرلەنوێ دارێژانەوە و گونجاندن هەیە و پێویستە بگۆردرێت بە یاسایەکی سەردەمیانەی گونجاو لەگەڵ یاسا و رێکەوتننامە و پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکاندا و ئەرکی راستەوخۆی وەزارەتی مافی مرۆڤ و وەزارەتی کاروباری ئافرەتانە لە عێراق کە ئەو هەڵە و کەم و کوری و جیاوازیانە دەست نیشان بکەن و جەخت لە حکوومەت و پەرلەمانی عێراق بکەنەوە بەرەو چارەسەر کردنیان و هەردەم چاودێری بەتواناش بن بەسەر چۆنیەتی ئەو پەیماننامە و رێکەوتننامانەی عێراق پەسەندی کردون، رۆڵی گرنگی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش لەو بوارەدا پێویستە ئەکتیڤ بکرێت و هەردەم وەك هێزی فشار لێ نەگەرێن چیتر مافە یاساییە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانی ئافرەتانی عێراق پشت گوێ بخرێن و بە خەمساردی یەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

**ئا: هاورێ نەجمەددین**



www.netewe.com

# ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی (سیداو)




ڕێکەوتننامەی سیداو بریتیە لەو ڕێکەوتنانامەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتی دەکات بەمەبەستی زاڵ بوون بەسەر هەموو جۆرەکانی جیاوازی کردن دژی ئافرەتان و بەو هۆیەشەوە ڕێکەوتننامەکە ناونراوە( زاڵبوون بەسەر هەموو جۆرەکانی جیاوازی دژی ئافرەتان) ڕێکەوتننامەکە سەرەتا لەلایەن کۆمسیۆنی ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە داڕێژرا، کە بیرۆکەکەی لە پەیماننامەیەکی پێشترەوە وەرگیرابوو کە ئەو کۆمسیۆنە ئامادەی کردبوو بەناوی (پەیماننامەی مافە سیاسییەکانی ئافرەتەوە) کە دواتر کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان وەری گرتو پەسەندی کرد لەساڵی ١٩٦٧دا، پاشان هەمان کۆمسیۆن دەستی کرد بە ئامادە کردنی پەیماننامەی زاڵبوون بەسەر هەموو جۆرەکانی جیاوازی کردنی دژی ئافرەتان لەساڵی ١٩٧٣ داو لەساڵی ١٩٧٩ دا تەواوی کرد، وە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٨ کانونی یەکەمی ١٩٧٩ بە بڕیاری ١٨٠/٣٤ پشتی پێ بەست و خستییە بەردەم نوێنەری وڵاتانی دونیا بۆ واژۆکردن و پشت ڕاست کردنەوە و هاوبەشی کردن لە جێبەجێ کردنیدا واتە دانپیانان و مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەك یاسای ناوخۆیی ئەو وڵاتانە، ڕێکەوتننامەکە لە ڕۆژی ٣ ئەیلولی ١٩٨١ دا چووە بواری جێبەجێ کردنەوە دوای ئەوەی ٥١ پەنجاو یەك وڵات پەسەندیان کرد و لەو کاتە بەدواوە وڵاتانی دیکەی دونیاش یەك لەدوای یەك ڕێکەوتننامەکە پەسەند دەکەن و هەوڵی پەیڕەوکردنی بەندەکانی دەدەن لەناوخۆی وڵاتەکانیاندا.

شایەنی باسە ڕێکەوتننامەی سیداو لە (٣٠) مادەی یاسایی پێکهاتوە کە بە تێکڕا دژ دەوەستنەوە بەرامبەر هەر جیاکارییەك لەنێوان ژن و پیاودا ئەنجام بدرێت لە ماف و ئیمتیازاتدا و ئەو وڵاتانەی ڕێکەوتن نامەکەیان پەسەند کردووە پێویستە ئەو بەندە یاساییانە وەك یاسای ناوخۆی وڵاتەکەیان پەیڕەو بکەن و گۆڕانکاری بکەن لە هەر بەندە یاسایەکی ناوخۆیی کە ناکۆکە لەگەڵ ئەو ڕێکەوتننامەدا، هەروەها بەردەوام ئەو وڵاتانە یان ڕەوشی مێینە لەو وڵاتانە دەکەوێتە ژێر چاودێری لیژنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئۆرگان و تیمە تایبەتمەندەکانییەوە بە چاودێری کردنی ئەو ڕێکەوتن نامەیە جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە نوێنەری عێراق لەساڵی ١٩٨٢ دا ڕێکەوتن نامەکەی پەسەند کردووە هەرچەندە لەسەرەتاوە تێبینی یان لەسەر دوو لقی مادەی دووی ڕێکەوتن نامەکە هەبووە کە تایبەتن بە گۆڕینی یاسا نەگونجا و دژەکانی ناوخۆ بەمەبەستی گونجاندنیان لەگەڵ بەندەکانی ڕێکەوتننامە نوێ یەکەدا.

# ٦٨٪ی فەرمانبەرانی ئافرەت
# لە قاهیرە ڕووبەڕووی هەوڵی وروژاندنی سێکسی دەبنەوە

ئەلعربیەنێت: بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە لە ماڵپەڕی ئەلعەرەبیەنێت بڵاوکراوەتەوە ٦٨٪ی ئەو ئافرەتانەی لە دامودەزگاکانی حکومەتدا لە قاهیرەی پایتەختی میسر کاردەکەن بەجۆرێك لە جۆرەکان لەلایەن بەرپرس و هاوڕێ فەرمانبەرەکانیانەوە رووبەڕووی هەوڵی وروژاندنی سێکسی دەبنەوە. لێکۆڵینەوەکە لەسەر١٠٠ فەرمانبەری ئافرەتی دانیشتووی قاهیرە ئەنجامدراوە کە ٨٧٪ موسوڵمان و ١٠٪ مەسیحی و ٣٪ یان ئاینی خۆیان ئاشکرا نەکردووە. هەروەها ڕێژەی ٦٤٪ خێزاندارن و ماوەی راژەی فەرمانبەریان لەنێوان ٧،٩ -١،١٠ ساڵدایە. ٦٧٪ی بەرپرسی راستەوخۆیان لەناو فەرمانگەکانیاندا پیاون و ٣٣٪ یان ئافرەتن. ٢٧٪.ی ئەو ئافرەتانە پلەی بەرزی فەرمانبەریان هەیە. هەروەها ٤١٪ ئاستی خوێندەواریان مامناوەندییە و ٤٧٪ یان دەرچووی زانکۆن و ١٠٪ یان بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایان هەیە.

ئەو هەڵسوکەوتانەی کە بە تێکرا ئافرەتەکان بە هەوڵی وررووژاندنیان لەقەڵەم داوەو ڕووبەڕوویان بووەتەوە، بریتی بوون لە: دەست گرتن ٧٨٪، دەست بردن بۆ لەشیان ٧٦٪،چاو بڕینە شوێنی هەستیاریان ٧٦٪، هەوڵی ماچ کردنیان ٧٣٪، پیاهەڵدان و هاندان ٧٢٪، هەڕەشە یان هەوڵی لەخشتە بردن بۆ پەیوەندی سێکسی ٧٢٪. لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە کە ئەوانەی هەوڵی وروژاندنی ئەو ئافرەتە فەرمانبەرانەیان داوە تەمەنیان لەنێوان ٢٩-٥٩ ساڵدایە و ٥٠٪ خوێندنی بەرزیان تەواو کردووە و ٦٣،٣٪ خێزاندارن و ڕێژەی ٦١،٩٪ هەوڵی وورروژاندنی زۆر لە ئافرەتانیان داوە.

---

# بەریتانیا بۆ ڕێگەگرتن
# لە هاوسەرگیریی زۆرەملێ ڕێوشوێنی نوێ دەگرێتەبەر

لەندەن- BBC

حکوومەتی بەریتانیا بۆ ڕێگرتن لە دیاردەی هاوسەرگیریی زۆرەملێ، خەریکی بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی نوێیە، کە تێیدا قوتابخانەکان ئاگادار دەکاتەوە بۆ ئەوەی لەکاتی پشووی هاوینەدا زیاتر ئاگایان لەقوتابییەکانیان بێت و لەئەگەری ڕوودانی وەها حاڵەتێکدا حکوومەت ئاگاداربکەنەوە. ئەم هەنگاوە لەکاتێکدایە کە بەپێی راپۆرتێکی فەرمی، دیاردەکە لەتەشەنەکردندایە، کەچی نە قوتابخانەکان و نە ئەنجوومەنە لۆکاڵەکان نەیانتوانیوە لەکاتی ئەنجامدانی ئەو پێشێلکارییانەدا هەنگاوی پێویست بۆ ڕێگەلێگرتنی بگرنەبەر.

یەکەی (هاوسەرگیریی زۆرەملێ) کە یەکەیەکی فەرمیی سەر بەحکوومەتی بەریتانیایە، دەڵێت تەنیا لەم ساڵدا ٧٧٠ پەیوەندی تەلەفۆنییان لەلایەن کەسانێکەوە پێگەیشتووە کە بەرەوڕووی بەشوودانی زۆرەملێ بوونەتەوە و داوای یارمەتییان کردووە. بەمشێوەیەش وەك ئەو یەکەیە دەڵێت، ڕێژەی سکاڵاکان لەچاو ساڵی رابردوو ١٦٪ زیادی کردووە.

ئەو یەکەیە کە بەهاوبەشی لەنێوان هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و دەرەوەدا بەڕێوە دەبرێ، دەڵێت تەنیا لەساڵی رابردوودا ١٦٠٠ راپۆرتی لەبارەی حاڵەتی بەشوودانی زۆرەملێوە پێگەیشتووەو توانیویانە ڕێگە لە ٤٢٠ هاوسەرگیریی لەوشێوەیە بگرن. دادگاکانی بەریتانیا ٣٦ فەرمانی دادوەرییان لەوبارەوە دەرکردووە و دەسەڵاتیشیان داوەتە لایەنە پەیوەندارەکان کە ڕێگە لەهەر سەفەرێکی دەرەوەی وڵات بگرن ئەگەر زانییان ئەو کەسە بەبێ ویستی خۆی بەمەبەستی شووکردن یان ژنهێنان دەبرێتە دەرەوەی وڵات.



لە ئەرشیڤی دەوڵەتی بەریتانیاه

**ئاگاداری**

خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەین کە دۆسیەی یاسایی بەردەوام لە هەوڵداندایە بەرەو بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری یاسایی، ناساندنی یاسا و پەیماننامە و ڕێکەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانی پەیوەندی دار بە رەوشی مێینەوە،هەروەها راپۆرت و هەواڵ و بابەتە یاسایی یەکان لەخۆ دەگرێت و وەڵامی پرسیار و کێشە تایبەتەکانی ئافرەت و خێزان و منداڵان بەپێی یاسا دەداتەوە کە لەلایەنی بەرێزتانەوە پێمان دەگات بەم ناونیشانانەی لای خوارەوە :

Yasa_file@yahoo.com



### بەشداریی پاڵەوانیەتیی وڵاتانی عەرەبی دەکەن...

# لە پایسکلسواریدا..کچانی کوردستان هەڵبژاردەی عێراق پێک دێنن



هەڵبژاردەی کچانی پایسکلسواریی عێراق کە کچانی کوردستان پێکی دێنن

هەولێر

هەڵبژاردەی کچانی پایسکلسواریی عێراق، کە هەموویان کچە کوردن، خۆیان بۆ پاڵەوانیەتیی وڵاتانی عەرەبی ئامادە دەکەن، کە بڕیارە کۆتایی ئەم مانگە لە وڵاتی سووریا بەڕێوەبچێت.

هەڵبژاردەی کچانی عێڕاق، کە لە ٧ یاریزان پێکهاتووە، هەموویان کچە کوردی شارەکانی کوردستانن و باشترین کچە یاریزانەکانی پایسکلسوارین لە کوردستان و عێراقدا، ئەوانیش هەریەکە لە (داستان کەمال، ڕۆژین عەبدولموحسین، نیان یاسین، دەشنێ فاتح، دالیا ئەتێلا، دەوەن حوسێن و چاوان جەزا)ن. ئەوەی بە دەستکەوتی زیاتریش دەژمێردرێت، ڕاهێنەرەکەشیان هەر کوردە، کە (سەمیر سدیق)ە.

پاڵەوانیەتیی حەوتەمی وڵاتانی عەرەبی لە یاریی پایسکلسواری، لە ڕۆژانی ٢٩-٧ تا ٥-٨-٢٠٠٩ لە وڵاتی سووریا بەڕێوە دەچێت، کە ژمارەیەك هەڵبژاردەی عەرەبی بەشداری تێدا دەکەن.

لە بارەی ئامادەکاری کچە وەرزشوانەکانی هەڵبژاردەی پایسکلسواری عێراق، کچە یاریزان (ڕۆژین عەبدولموحسین) کە یەکێکە لە دیارترین یاریزانەکان، بە گۆڤاری وارڤینی ڕاگەیاند کە ماوەیەکی زۆر لە شاری سلێمانی – ڕێگەی دوکان مەشق و ئامادەکارییان کردووە و بە شێوەیەکی چڕ و پڕ خۆیان ئامادە کردووە، گوتیشی: "لە شاری هەولێریش بەشی دووەمی ئامادەکارییەکانمان ئەنجام دەدەین و تا چەند ڕۆژێك پێش دەستپێکردنی پاڵەوانیەتییەکە لە مەشقدا دەبین و دواتر سەفەر دەکەین".

کچە یاریزانەکانی هەڵبژاردەی عێراق لە یانەکانی کوردستانەوە بانگهێشتکراون، (ڕۆژین عەبدولموحسین دەوەن حوسێن و داستان کەمال) یاریزانی یانەی برایەتیی شاری هەولێرن، (نیان یاسین، دەشنێ فاتح و چاوان جەزا) یاریزانی یانەی نەورۆزی شاری سلێمانین، کچە یاریزان (دالیا ئەتێلا)یش لە یانەی فەتاتی کەرکوکدا یاری دەکات.

دەوەن لەگەڵ ڕۆژین و نیان، لە مێژە لە هەڵبژاردەی عێراقن، ئەوانی دیکەی بەم دواییە بانگهێشت کراون، دەوەن حوسێن لە بارەی ئامادەکارییەکانیان و هیواکانیان دەڵێت: " ئامادەکاریی ئەو جارەمان بە جۆرێکە، کە بە دڵنیاییەوە ئەنجامێکی زۆر باش بەدەست دەهێنین و پلەیەکی بەرز دەستەبەر دەکەین".

دەوەن باسی ئەوەش دەکات کە ئەوان وەکو کچە یاریزانەکان زۆر ئاسوودەن لەگەڵ ڕاهێنەرەکەیان "بە هۆی ئەوەی ڕاهێنەرەکەمان کوردە، زۆر ئاسودەین و زیاتر سوود لە مەشقەکان وەردەگرین، بەڵام پێشتر لە هەڵبژاردەی عێراق ڕاهێنەرەکەمان عەرەب بوو، لەگەڵیدا زۆر ئاسوودە نەبووین".

کچانی کوردستان لە هەڵبژاردەی پایسکلسواری عێراق، بە هۆی ئازایەتیی و توانای خۆیانەوە، تەڵبەندی دابونەریتە کۆنەکانیان شکاندووە و ئێستا جێگەی سەرنجی هەموو وەرزشوان و میدیاکانن، بەشێك لەوانەش پێشتر لە پاڵەوانیەتییە عەرەبییەکان بەشدارییان کردووە و ئەزموونیان پەیدا کردووە، پێشبینیش دەکرێت لە پاڵەوانیەتییی ئەمجارەی وڵاتانی عەرەبییەوە، ئەنجامی باش بەدەست بهێنن و لە ڕێگەی هەڵبژاردەی عێراقەوە، ئاستی ڕاستەقینەی وەرزشی ئافرەتانی کوردستان، بە وڵاتانی عەرەبی بناسێنن.

گلێە






# بەبێ ئافرەت نابێت

ئەرسەلان عەبدوڵڵا
salankurdi@yahoo.com

دوای نزیکەی ٦ ساڵ لە ئەنجام نەدانی، ماوەی نزیکەی مانگێکە وەزارەتی وەرزش و لاوانی کوردستان، لە ڕێگەی دانانی لیژنەیەك بە ناوی (لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی یانەکانی کوردستان)، پرۆسەی هەڵبژاردنی بۆ سەرۆك و دەستەی کارگێڕیی یانە وەرزشییەکانی کوردستان دەستپێکردووە و قۆناغ بە قۆناغ لە شارەکانی کوردستان پرۆسەکە بەردەوامە.

ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە، یەکێك لە ڕێنماییەکانی هەڵبژاردنەکە، کە وەزارەتی وەرزش و لاوان دایڕشتووە، ئەوەیە کە "دەبێت لە دەستەی کارگێڕیی هەر یانەیەکی وەرزشیدا، ئافرەتێك هەبێت، ئەگەر یانەکەش ئافرەتێك نەهێننە پێشەوە بۆ خۆ کاندیدکردن بۆ بوونە ئەندام لە ئیدارەی یانەکەدا، ئەوا شوێنی (ئافرەتەکە) لە دەستەی کارگێڕیی یانەکە بە بەتاڵی دەمێنێتەوە". ئەمەش یانەکە ناچار دەکات ئافرەتێك بۆ بوونە ئەندامی دەستەی کارگێڕیی بهێنێتە پێشەوە و بواری بۆ بڕەخسێنێت.

ئیدارەی هەر یانەیەکی وەرزشی لە کوردستان، بە پێی ڕێنمایی تازە، لە ٩ ئەندام، لەگەڵ ٢ ئەندامی یەدەگ پێك دێت، لێرەشدا جارێکی دیکە جێگەی خۆشحاڵییە، کە ئەو ئافرەتەی دەبێتە ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەکە، لە ئەندامە سەرەکییەکان دەبێت، واتا نابێت بکرێتە ئەندامی یەدەگ.

لەگەڵ ئەوەی هیوای ئەوەمان هەیە کە زیاتر لە یەك ئافرەت لە هەر یانەیەکی وەرزشییدا ئەندامی دەستەی کارگێڕی بێت، بەڵام لەو قۆناغەی ئێستادا، بوونی یەك ئافرەتیش گونجاوە. لە ڕاستیشدا پێویستە یانەکان خۆیان هەوڵ بدەن کادیری وەرزشیی ئافرەت بهێننە ئیدارەکانیان، چونکە زۆربەی یانەکان تیپی وەرزشیی ئافرەتانیان هەیە و بەشداری خول و پاڵەوانیەتییەکان دەکەن، جا پێویستە ئەو تیپانەی هەر یانەکانیش، بەلای کەمەوە ئافرەتێك سەرپەرشتییان بکات، چونکە کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر پێشکەوتنی تیپەکان و بەدەستهێنانی ئەنجامی باش هەیە و وا دەکات کچانی وەرزشوان زیاتر بێنە ریزی یانەکان و تا ڕادەیەکیش لە ڕووی دەروونییەوە ئاسودە و دڵنیا دەبن.

بوار ڕەخساندن بۆ ئافرەتانی وەرزشوانان، بۆ کارکردن لە ئیدارەی یانەکاندا، یارمەتی پێشکەوتنی زیاتری وەرزشی ئافرەتان لە کوردستاندا دەدات، بە دیوێکی دیکەیش یارمەتی یانەکان دەدات لە ڕووی داراییەوە، چونکە وەزارەتی وەرزش و لاوان، کە مینحەی مانگانەی یانەکان دابین دەکات، بۆ هەر یانەیەك کە تیپی ئافرەتانی هەبێت، مینحەکەی زیاتر دەکات.

جارێکی دیکە هەنگاوەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە گرنگیدان بە وەرزشی ئافرەتان و ڕەخساندنی بوار بۆ کارکردنیان لە نێوەندی وەرزشیدا، بەرز دەنرخێنین و چاوەڕوانی ڕێنمایی و هەنگاوی تازە و باشترین.

# دینارا سافینا لە پێشەوەی هەموانە


AP

کچە یاریزانی رووسی دینارا سافینا

کچە یاریزانی ڕووسی دینارا سافینا بۆ جارێکی دیکەش لە پلەی یەکەمی ڕیزبەندیی باشترین کچە یاریزانەکانی یاریی تێنس مایەوە، ئەمەش بە پێی دواپۆلینی یاریزانانی تێنس، کە ناوەڕاستی هەفتەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە.

دینارا سافینا توانی بە کۆکردنەوەی ١٠٥٢١ خاڵ پلەی یەکەم بپارێزێت، هەرچەندە لە دواپاڵەوانیەتیی گراند سلام، کە پاڵەوانیەتیی وێمبڵدۆن بوو، نەیتوانی نازناوەکە بباتەوە.

لە پلەی دووەمی ڕیزبەندییەکەش، کە بە شێوەیەکی هەفتانە لەلایەن یەکێتی تێنسی جیهانییەوە بڵاودەکرێتەوە، کچە یاریزانی ئەمەریکی سیرینا ولیامز بە پلەی دووەم هات بە ٨٧٥٨ خاڵ، لە پلەی سێیەمیش خوشکەکەی سیرینا، ڤینۆس ولیامز هات، کە ٦٦١٧ خاڵی بەدەستهێنابوو. لە پلەی چوارەمدا کچە یاریزانی ڕووسی ئیلینا دیمنتییڤا هات بە ٦٥٩١ خاڵ، هەروەها سڤتلانا کۆزینتزۆڤا، کە ئەویش رووسییە، بە پلەی پێنجەم هات بە ٦٠٧١ خاڵ، پلەکانی دیکەش بەم شێوەیە بوو:

٦ – یلینا یانکۆڤیچی سڕبی ٥٩٨٠ خاڵ، ٧- فێرا زڤۆناریڤای ڕووسی ٥٤٠٠ خاڵ، ٨- فیکتۆریا ئازارینکا ٥٠٦٦، ٩- کاڕۆلینا فۆزنیاکیی دانیمارکی ٤٨٤٠، ١٠- نادیا پیترۆڤای ڕووسی ٣٣٠٠ خاڵ.

# ...ی یانەکانی کوردستان
# ...جام دەدرێت

هەولێر

یەکێتیی ناوەندیی باسکەی کوردستان پاڵەوانیەتیی یاریی باسکە بۆ تیپی کچانی یانەکانی کوردستان لە شاری هەولێر ساز دەکات.

لەمبارەیەوە بەرپرسی پێشبڕکێیەکان لە یەکێتیی ناوەندیی باسکەی کوردستان عەبدولعەزیز جەوهەر گوتی: "ڕۆژی ٢٠ی ئەم مانگە پاڵەوانیەتیی باسکەی یانەکانی کوردستان لە ئاستی کچاندا لە شاری هەولێر لە هۆڵی یانەی ئەکاد دەستپێدەکات، کە بە دوو گردبوونەوە (تەجەمموع) بەڕێوە دەبردرێت".

گوتیشی:" پاڵەوانیەتییەکە بە بەشداریی ٨ یانە دەستپێدەکات و لە گردبوونەوەی یەکەمدا دوای ململانێی ٨ یانەکە، ٤ یانەی خاوەن پلەکانی یەکەم تا چوارەم، بۆ گردبوونەوەی دووەم سەردەکەون، پاشتریش ئەو ٤ یانەیە رکابەریی بۆ بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانیەتییەکە دەکەن، کە پێشبینی دەکرێت رکابەرییەکی بەهێز لە نێوان یانە بەشداربووەکاندا هەبێت".


photo



www.netewe.com

# پەنجا هۆکار بۆ ئەوەی ژنت خۆش بوێت

**لە ئەڵمانییەوە**

١. لەبەر ئەوەی ژنان گوێگرێکی باشن.
٢. بەخێرایی بڕیار نادەن.
٣. بایەخ بە جەستەی خۆیان دەدەن.
٤. بۆنی قژیان خۆشە.
٥. ژنان بە خۆشحاڵیەوە ماڵەکانیان پاك رادەگرن.
٦. سنگیان جوانە.
٧. دەست ناوەشێنن.
٨. حەز بەژیانێکی ڕۆمانتیك دەکەن.
٩. ناچار نابن شتی ناخۆش بە بیرخۆیان بیننەوەو کاری ناخۆش ئەنجام بدەن.
١٠. ژیان دروست دەکەن.
١١. بەخۆشەویستیەوە منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن.
١٢. زۆر ناسك و نەرم و نیانن.
١٣. زۆرتر دەبەخشن لەوەی وەری دەگرن .
١٤. تا سەر ئێسقان لەگەڵ خۆیان راستگۆن.
١٥. بایەخ بەدیکۆری ماڵەوە دەدەن.
١٦. لەکاتی ڕۆیشتنا زۆر بەجوانی جووڵە دەکەن.
١٧. دەتوانن بەپیاوان بڵێن بەرەوکوێ.
١٨. ئەگەر بیانەوێ دەتوانن لەدڵەوە پێ بکەنن.
١٩. دەستێکی باڵایان هەیە لەرازاندنەوە و نەخش و نیگار.
٢٠. دەتوانن زوو مێشکی بەرامبەرەکەیان بخوێننەوە .
٢١. دەتوانن زوو بگرین.
٢٢. حەز بەفیلمی ئاکشن ناکەن.
٢٣. لەبۆنەکاندا رێکخەرێکی باشن.
٢٤. زۆر بەباشی ئاگایان لەکاتەکانی خۆیان هەیە.
٢٥. شتێکیان بوێت راشکاوانە داوای دەکەن.
٢٦. لێبووردەن.
٢٧. بەحەزەوە کارەکانیان ئەنجام دەدەن.
٢٨. هەمیشە هەوڵی بەدیهێنانی خەونەکانیان دەدەن.
٢٩. بەدیارییەکی بچوکیش خۆشحاڵ دەبن.
٣٠. لەپێش تیشکی ڕۆژدا زۆر سەرنجڕاکێش دەردەکەون.
٣١. بەیەك سەیر کردن لەمەبەستی پیاو دەگەن.
٣٢. هەمیشە جلی ژێرەوەیان جوانە.
٣٣. بایەخ بەلایەنی رۆحی دەدەن.
٣٤. دەتوانن کاریگەری زۆریان بەسەر کەسانی دەوروبەریاندا هەبێت.
٣٥. دەتوانن باش ماچ بکەن.
٣٦. پێستیان نەرموونیانە.
٣٧. هەندێك جار تێروانینێکی منداڵانە و شیرینیان هەیە.
٣٨. لە لای ژنان هیوا زۆر بە زەحمەت دەمرێت.
٣٩. زۆر بەبایەخەوە گرنگی بەپێست و قژیان دەدەن.
٤٠. دەتوانن زەردەخەنەیان زۆر جوان بێت.
٤١. نایانەوێ هەموو دونیا داگیر بکەن، ماڵەکەیان جیهانیانە.
٤٢. پشت و ناوەراستی هێڵەکان دەخوێننەوە.
٤٣. دەتوانن بیرۆ بۆچونەکانیان بەشێوازێك دەرببڕن، کەس بریندار نەکات.
٤٤. لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی باش درۆ دەکەن، واتە لێزانن.
٤٥. هەوڵدەدەن لەجیهانی پیاو تێبگەن.
٤٦. دەتوانن نهێنییەکانی خۆیان بۆ کەسە نزیکەکانیان بدرکێنن.
٤٧. هەمیشە پیاوان لەهەڵەو شەرمەزاریەکانیان ئاگادار دەکەنەوە.
٤٨. لە یەککاتدا دەتوانن چەند کارێك بکەن.
٤٩. دەتوانن لە چاوانیانەوە هەموو شتێك ئاشکرا بکەن.
٥٠. بەخۆشیەوە کاری سەیر و سەمەرە ئەنجام دەدەن.

## کاور
٣/٢١_٣/٣٠

ئازایەتی و بوێری تایبەتمەندی تۆیە، بۆیە خەڵکانێکی زۆر خۆشیان دەوێیت وابەستەن پێتەوە، بە ئاسودەیی لەگەڵتادەژین چونکە تۆ بیر لە داهاتوو دەکەیتەوە.

## دوانە
٥/٢١___٦/٢١

کەسە نزیکەکانت دوای زیاترت لێدەکەن،کارکردنت بە شێوەیەکی لاوەکی دەوروبەرت تووڕە دەکات و تووشی دڵە راوکێیان دەکات، چونکە بروات پێناکەن و دەزانن وازیان لێدێنیت.

## شێر
٧/٢٣_____٨/٢٢

زۆر بروات بە خۆت هەیەو دەزانی چۆن داوای مافەکانت دەکەیت، هانی خەڵکی تریش دەدەی بۆ بەدیهێنانی خەونەکانیان تۆ کەسێکی باش و بە وەفایت یادگارە شیرینەکانت لە بیر مەکە.

## گا
_٤/٢١

سەرکەوتنت لەوەدایە کە دەسبەرداری خەونەکانت نابیت و لە نیوەی ڕێگادا پەشیمان نابیتەوە هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆر دەدەیت بەڵام دەزانی کەی دەحەسێیتەوە.

## قرژاڵ
٦/٢٢___٧/٢٢

دڵگران دەبی لە هەڵس و کەوتی نابەجێی هاورێکانت، لەشتی بچوك کێشەی گەورە دروست دەکەیت بیرکردنەوەشت دورن لە راستی.

## گوڵەگەنم
٨/٢٣____٩/٢٢

زیاد لە پێویست بیردەکەیتەوە کێشەکانت زیاتر لە بیرتدا دەژین نەك لەسەر ئەرزی واقیع، خەڵکت لە دڵەوە خۆش دەوێت.

# له زاخۆ هەشتاساڵەكان وەرزش دەكەن

زاخۆ

دەغیلا ساڵح ئەحمەد تەمەن٨١، ساڵان هەفتانە زیاتر لە٣ جار ٤٠ خۆلەك لەگەڵ هاوسەرە ٨٦ساڵانەكەی د. ئیبراهیم رەمەزان زاخۆیی وەرزش دەكات. ئەوان پێیانوایە كە لە جیهاندا كەم كەس هەیە لە تەمەنی ئەواندا وەرزش بكات، بۆیە كارەكەیان تایبەتە و دەشیانەوێت ناویان بكەوێتە پەرتووكی گێنس.

دەغیلا ساڵح كە ماوەی١٥ ساڵ لەسوید ژیاوە دەڵێت سەرەڕای ئەوەی كە هەندێك نەخۆشە، بەڵام وەرزشكردن تا ئێستا لەگەلەك نەخۆشی پاراستوویەتی.

ئەو هەروەها گوتی كە خۆی و هاوسەرەكەی ژیانێكی خۆشیان لەگەڵ یەكتردا بەسەر بردووە، بۆیە هەركەسێك وەك ئەوان بێت ژیانی خۆش دەبێت.

دەغیلا سوپاسی هاوسەرەكەی دەكات لەبەر ئەوەی هاندەری سەرەكی ئەو بووە بۆ ئەوەی روو لە وەرزش بكات. ئەو ژنە كوردە دڵی بەوە خۆشە كە دەتوانێت تەواوی كارەكانی ناوماڵ بكات، ئەو دەڵێ:" ئەو پیرەژنانەی كە لەتەمەنی مندان ناتوانن لە شوێنی خۆیان هەڵسنەوە".

سەبارەت بەو جووڵانەوە وەرزشیەش كە دەیكات، دەغیلا دەڵێ:" بیست خولەك وەرزشی جووڵانەوەی لەش دەكەم و ٢٠ خولەكیش غار دەدەم". د. ئیبراهیم زاخویی كە رۆژانە ٤٠ خولەك وەرزش دەكات دەستنیشانی كرد كە ڕەوشی تەندروستی زۆر باشەو تا بتوانێت درێژە بە وەرزش دەدات.

هەروەها ناوبراو مزگێنی دەداتە پیرانی كوردستان كە لەم نزیكانەدا كتێبێكی بچووكی گیرفانی بەناوی" چۆن پیری دوابخەین" بە زمانی كوردی چاپ دەكات.

## دەیانەوێت ناویان لە گێنس تۆمار بكرێت

ئیبراهیم و دەغیلا دەیانەوێت كە ناویان لە كتێبی گێنس دا تۆمار بكرێت، لەبەر ئەوەی ئەوان شانازی بەخۆیانەوە دەكەن كە لەو تەمەندا توانیویانە درێژە بە وەرزش بدەن و هەروەها منداڵەكانیشیان بگەیەننە پەلەی بەرزی خوێندن.

ئەو دوو هاوسەرە بەختەوەرە هەروەها ٥ كوڕ و چوار كچیان هەیەو گەلەك شانازییان پێوە دەكەن، چونكە هەموو منداڵەكانیان توانیویانە لە زانكۆكانی ئەورووپادا و لەبوارە جۆراوجۆرەكانی وەك پزیشكی و...بڕوانامەی پرۆفیسۆر و دكتۆرا و ماستەر بەدەست بێنن.

دەغیلا تەنیا تا پێنجی سەرەتایی خوێندوە و وەك خۆی باسیدەكات بەهۆی خراپی رەوشی ئابوری و دەربەدەری نەیتوانیوە خوێندنەكەی درێژە پێبدات.

ئیبراهیم زاخۆیی لەساڵی ١٩٧٦ كۆلیژی یاسای لە زانكۆی (موستەنسریە)ی بەغدا تەواو كردووە. ٨ كتێبی لەسەر رێزمانی كوردی لەچاپ داوە و لەم چەندرۆژەی رابردووشدا سێ كتێبی دیكەی بەچاپ گەیاندووە. لەساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی دكتورای لە زانكۆی نێودەوڵەتی رووسیا لەسەر رێزمانی كوردی بەدەستهێناوە. پاشان لە ٢٠٠٥دا لەهەمان زانكۆی رووسی بووەتە ئەندام لیژنەی هەڵسەنگاندنی نامەی دكتورا لەبواری زمان و ئەدەبی كوردیدا. مامۆستا ئیبراهیم جگە لەزمانی دایك، زمانی ئینگلیزی، سویدی و عەرەبی دەزانێت.




دەغیلا ساڵح ئەحمەد — د. ئیبراهیم رەمەزان زاخۆیی



بەرەڤان ئەحمەد

### تەرازوو
٩/٢٣____١٠/٢٢

داوای زۆرت لە خەڵك هەیە هەڵس و كەوتت راستەقینە نییە بەڵام دەزانی چۆن پێشوازی لە میوان دەكەیت و چۆن هەستێكی خۆشیان پێدەدەیت.

### كەوان
١١/٢٢__١٢/٢١

تۆ كەسێكی گۆشەگیریت و ئەوەش هاوسەرەكەت بێزار دەكات، هەستەكانی خۆت دەشاریتەوە هەوڵی چارەسەری كێشەكات نادەیت، كە ماندوو دەبی بریاری راكردن دەدەیت و جیادەبیتەوە.

### گۆزە
١/٢٠____٢/١٨

بەرگەی كەسێك ناگری ئەگەر ژیانت لەگەڵیدا پێشنەكەوێت، تۆ خەون بەشتی گەورەوە دەبینی حەز بە گاڵتەو رابواردن دەكەیت، گەر ئاسوودە نەبیت هەموو شتێك بێبایەخ دەبینی.

### دوپشك
١٠/٢٣__١١/٢١

هەست و ورژانەكانی تۆ وا لەخەڵك دەگەیەنێ كە خۆشەویستیت دوایی نایە ئەگەر خیانەت لە هاوسەرەكەشت بكەیت خۆشەویستیت بۆی كەم نابێتەوە.

### گیسك
١٢/٢٢____١/١٩

تۆ كەسێكی هەست بە بەرپرسیارەتی دەكەیت، دەتوانێ بروات پێبكرێت كەسێكی لەسەر خۆیت و دەگەیت بە ئامانجەكانت، بە گومانی بەرامبەر بە هاورێكانت بەردەوام چاودێریان دەكەیت.

### نەهەنگ
٢/١٩__٣/٢٠

زۆربەی كاتەكانت بە تەمبەڵی دەبەیتە سەر، هەمیشە بە زەییت بە خۆتدا دێتەوە هەوڵی چارەسەری كێشەكانت نادەیت، پێت وایە چارەسەركردنیان كارێكی ئەستەمە.



www.netewe.com



www.netewe.com

## کچە هونەرمەند پۆشیا:

# دەبێ هونەرمەندی کورد بەڕووی جیهاندا بکرێتەوە

هەولێر:

بە پێچەوانەی ئەو کچانەی لە بوارەکەیدا کاردەکەن، فڵچەی ڕەنگێك یان تۆنێکی مۆسیقا نەیتوانیوە رۆحی تینووی ئەم کیژۆڵەیە تێر بکات بۆیە بریاریدا لە چوارچێوەی تابلۆکانی بێتە دەرەوەو لە ڕێگای نمایشە جەستەییەکانی پەیامە هونەرییەکەی بگەیەنێت .

پۆشیا کاکل تەمەن ٢٢ ساڵ، لەدایك بووی شاری سلێمانیەو لەگەڵ بنەماڵەکەیدا ماوەی چەند ساڵێکە لە شاری هەولێر ژیان بەسەر دەبات، وەك خۆی باسیدەکات ماوەی (١١) ساڵە دەستی بەکاری هونەری کردوەو ئێستا قوتابییە لە کۆلیژی هونەرەجوانەکان، لەبەشی دیزایین دەخوێنێت.

پۆشیا وەك کچێکی ڕەچەشکێن توانیویەتی لەڕێگای توانا هونەرییەکەیەوە بێتە ناو خەڵك و نەترسانە لەرێی بەرهەمەکانیەوە گوزارشت لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان بکات، سەبارەت بەو شێوازە جیاوازەی کە ئەو نمایشی پێدەکات پۆشیا گوتی:" پۆست مۆدێڕن کار دەکەم. دەتوانم بڵێم کارەکانم لەچوارچێوەی هونەری" پێرفۆرمانس ئارت"- دایە، کە هونەرێکی ئەوروپییەو بواری کارکردن تێیدا زۆر فراوانە".

مێژووی هونەری پێرفۆرمانس دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٠ کە یەکەمجار لەلایەن ژاپۆنیەکانەوە سەریهەڵدا، دواتر لە ساڵی ١٩٦٠ لەلایەن چەند هونەرمەندێکی ئەورووپی وەك ئییۆ کلاین، هێرمان، کریس بار، ئۆنۆ، جۆزێف، ڤۆستێڵ ئالێن درێژەی پێدرا.

پۆشیا کە تاکە هونەرمەندێکی ئافرەتە لە کوردستان کە لەو بوارەدا کاردەکات، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بوارەی گەڕاندەوە بۆ فراوانی ئەو شێوازانەی کە هونەرمەند تێیاندا دەتوانێت گوزارشت لە دەربرینەکانی دەروونیی بکات، لەو بارەیەوە پۆشیا دەڵێت "جیاوازی ئەو هونەرە لەوەدایە کە هونەرمەند نابەستێتەوە بە یەك چوارچێوەوە؛ بۆنموونە بەوەی کە تۆ تەنیا شێوەکاری یا مۆسیقاژەنی. هونەرمەند دەتوانی کەڵك لە هەموو سەرچاوەکانی هونەر وەربگرێت. دەتوانی سەما، مۆسیقا، رەنگ، تێکستە هەروەها ئەداوجووڵەی خۆت بەکار بێنیت".


پۆشیا لەماوەی کارکردنیدا توانیویەتی چەند نمایشێکی جیاواز ئەنجامبدات وەك نمایشی "مزگەوت و هارمۆنیکا" کەلەبەردەم یەکێك لە مزگەوتەکانی شاری هەولێر ئەنجامیداوە، "تراژیدیای سێو" کە ئەویش یەکێك بوو لەو کارانەی کەلەکۆلیژی ئاداب نمایشی کردوە.

لەگەڵ ئەوەیدا کە کێشەی خۆسووتاندنی ژنان بە یەکێك لەکێشە گرنگ و پڕباسەکانی میدیا و رێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنرێت و تا ئێستا بە تەواوی هۆکارو ئاکامەکانی ئەم دیاردەیە لەکۆمەڵگەی کوردستاندا دەستنیشان نەکراوە، لەچەند بوارێکی جیاوازی هونەریدا کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە کراوە.

پرسی کوشتن و خۆسووتاندنی ژنان کاریگەری لەسەر دەروونی پۆشیا کردووە و ئەوەش هانیداوە کە هونەرەکەی بخاتە خزمەت چارەسەرکردنی کێشەی ژنانەوە. بۆیە (٤-٤-٢٠٠٩) لە بەردەم دەرگای نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی هەولێر و بەئامادەبوونی کەسوکاری ئەو کەسانەی کە سووتابوون نمایشێکی هونەری ئەنجامدا. لەو نمایشەدا پۆشیا بۆ ئەوەی گوزارشت لە ئافرەتێکی سووتاو بکات، وەك حاڵەتێکی سووتاو سەرتاپای جەستەی بەلەفافی سپی ئاڵاندبوو. ئەو هونەرمەندە، لەو بارەیەوە دەڵێت:" کە هاتمە ناو خەڵکەکە کاغەزێکی سپی و ماژیکێکم بەدەستەوەبوو، دەستم کرد بە نوسینەوەی ئامارەکانی سووتانی ژنان هەر لە ساڵی ١٩٩٩- ٢٠٠٨ کە زیاتر لە ١٢ هەزار ژن، سووتابوون ".

پۆشیا جیاوازبوونی ئەم کارە لەوەدا دەبینێت کە بۆ خەڵکانێکی ڕۆشنبیر ئەنجامنەدراوە بەڵکو ئەم کارە بۆ ئەو کەسانە ئەنجامدراوە کە ڕاستەوخۆ رووبەرووی ئەو حاڵەتانە بوونەتەوە. بەقسەی پۆشیا:" بەم شێوەیە پەیامەکە زووتر دەگات تا ئەوەی کە تەنیا بێین لە ڕاگەیاندنەکان باسی بکەین. هونەری پێرفۆرمانس ئەو ئازادییە دەدات کە کارەکەت لەسەر چییە تۆیش ڕاستەوخۆ برۆیتە ناو حاڵەتەکان و خەڵکەوە بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبێت."

کارکردنی هونەرمەند لەچوارچێوەیەکی داخراودا و بەستنەوەی بەفۆرمێکی ئایینی یان نەتەوەییەوە هەندێکجار وادەکات کە کارەکانی تەنیا لە بازنەی هەرێمێکی دیاریکراودا نمایشی پێبکرێت. پۆشیا لەوبارەیەوە گوتی:" هونەر خۆی نابەستێتەوە بە ئایین و نەتەوەیەکی تایبەتەوە و بچووك نابێتەوە، یان بڵێم خۆی سنووردار ناکات. من حەز دەکەم بە شێوازێك کار بکەم کە کارەکەم نە تەنیا لە هەولێر کاریگەری و بینەری هەبێت، بەڵکو لەئاستی جیهانیشدا کاریگەرییەکی خۆی هەبێت. ئێمە تا چەندە بازنەی خۆمان بۆ بەجێهێشتنی کاریگەری، گەورە بکەینەوە، ئەوکاتیش ئاستی کارەکەمان بەرزتر دەبێتەوە".



نارین محەمەدی

www.netewe.com




**ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە بونەتە مایەی ئاشکراکردنی ئەو تاوانانەی دژی ژنان و ئافرەتان ئەنجام دەدرێن، جاران ئەم تاوانانە باس نەدەکران و دەشاردرانەوە**

## بانگەوازێک
## لە (بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچونی توندوتیژی دژبەئافرەتان)ەوە :

**بەمەبەستی کەمکردنەوەی توندوتیژی و بەهاناچوونی ئەو ئافرەتانەی کە ڕووبەڕووی هەرجۆرە توندوتیژی و فشارێکی دەروونی و جەستەیی دەبنەوە لەلایەن هەر کەسێک و لە هەر ناوچەیەکی کوردستان و بەهەر بیانویەکەوە بێ، داوادەکەین لەڕێگەی پەیوەندی کردن بەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە ئاگادارمان بکەنەوە، تاکو لەڕێگەی هێزەکانی پۆلیسی فریاکەوتن و(بەڕێوەبەرایەتی و نوسینگەکانی بەدواداچونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان) ەوە بەپێ یاسا مامەڵە لەگەڵ ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکاندا بکەین.**

**ژمارەی تەلەفۆنەکانی بەڕێوەبەرایەتی ونوسینگەکانمان لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان**

**پارێزگای هەولێر**
٠٦٦٢٥٦٧٢٧٢-٠٧٥٠٧٥٩٨١٧٢

**پارێزگای دهۆک**
٠٧٥٠٧٨٥١٨٨١-٠٦٢٧٢٢٩١٨١-٠٦٢٧٦١٤٥٤٤-٠٧٦٠٥٠٩٩١٨١

**پارێزگای سلێمانی**
٠٧٤٨٠١١٣٦٣٤-٠٥٣٣٢٩٢٩٠٣-٠٥٣٣٢٩٢٩٠٤

**دەڤەری گەرمیان**
٠٧٤٨٠٢٧٥٠٨١-٠٧٤٨٠٢٧٥٠٨٢

**قەزای سۆران**
٠٧٥٠٧٠٧٧٨٣٣-٠٧٥٠٧٣٣٠١٠٤-٣٢٢١٠١٠

**قەزای ئاکرێ**
٠٧٥٠٧٨٠١٩٧٧-٦٢٢٠٩٧٤

**پۆلیسی فریاکەوتن لەپارێزگای هەولێر**
١٠٤-١٤٤-١٢٤
(ئەم سێ ژمارەیە بەخۆڕاییە)

**پۆلیسی فریاکەوتن لەپارێزگای دهۆک**
١٠٤
(ئەم ژمارەیە بەخۆڕاییە)

www.netewe.com

# بووکی کارێز

به درێژایی مێژوو کێشەی ئاو وشکەساڵی، یەکێك بووە لە کێشە هەرە گەورەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بۆ نموونە لە سەر بەردەنووسی داریووشی یەکەم نووسراوە، ئاهورامەزدا، دەیەوێت ئێران لە وشکەساڵی رزگار بکات، یان لە مێژووی "سەعالبی"دا دەخوێنینەوە کە لە سەردەمی ئەردەشێری بابەکاندا، ئاسمان بەخیلی بە زەوی بردووە، بۆیە باران نەباریووە.

بە پێی ئەم لێکدانەوەیە، داانیشتوانی ئێرانی کۆن، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون، لە رێگە جیاوازەکانەوە کەڵك لە سەرچاوە ئاوییەکان وەربگرن، کە گرنگترین و پربایەخترین کار بۆ پاراستنی "ئاو" شێوازی دروستکردنی کارێز بووە،

بە هۆی ئەوەی کە هەڵکەندنی زەوی بۆ دۆزینەوەی ئاو زۆر سەخت بووە، خەڵکی ئەو سەردەمەش بۆ پاراستنی کارێزەکان، تەواوی هەوڵیان خستووەتە گەڕ. هەرکاتێکیش کە ئاوی کارێزەکان بەرە و کەمبوون یان وشکبوون رۆشتبێت، بەبڕوای خۆیان هەندێ رێورەسمیان بەڕێوە بردووە، کە یەکێك لەوانە دابینکردنی هاوسەربووە بۆ کارێزەکان، بە پێی بەڵگەنامە مێژووییەکان لە پەرستگای خواوەندەکانی ئاو، "ئێزەدخاتوون"و فریشتە پاسەوانەکانی ئاو و فریشتەکانی باران خاوەنی پەرستگە بوون کە دوو فریشتەی ئاو لە ئاینی مەزدیسنا، بە ناوەکانی ئاناهیتا(مێ) و تیشتەر(نێر) بوونیان هەبووە، ئەمە زۆرتر لە هەموو شتێك کاریگەری لەسەر بڕوای خەڵکی ئەو سەردەمە داناوە، کە رێورەسمی تایبەتیشیان بۆیان گێڕاوە، کە هەندێکیان تا رۆژگاری ئەمرۆ ماو نەتەوە.

## نێر و مێ بوونی ئاو

١-لە هەندێ شوێنی ئێراندا ئاوی بەخوور بە ئاوی نێر ناسراوە ء ئاوی مەنگ بە ئاوی مێ ناسراوە، بۆ نموونە لە گوندی "کەمەرە"ی شاری خومەین، یان لە گوندی "میمە نەزیری زیاد ئاباد" لە شاری ئەسفەهان.

٢-لە هەندێ شوێنی ئێراندا پێیانوایە ئەگەر ئاو بوو بە هۆی ئەوەی پێستی دەست زبر بێت و بقڵەشێت، ئەوە ئاوەکە نێرە ء ئەگەریش بە پێچەوانەوە پێستی دەست نەرم بکات، بە ئاوی مێی دەزانن، نموونەی ئەم جۆرە ئاوە لە گوندەکانی شاری ئەراك هەیە.

٣-لە هەندێ شوێنی ئێراندا، ئاوێك بە نێر دەزانن، کە کەم ء زیاد بکات، دەبێت ژن بۆ ئەم جۆرە ئاوە بێنن، ئەگینا ئەتۆرێت ء بە دوای مێینەی خۆیدا دەڕوات ء وشك دەبێت، نموونەی ئەم ئاوە لە گوندی "گەرماب" لە نێوان شارەکانی مەلایر ء ئەراکدا هەیە.

٤- لە هەندێ شوێن ئەگەر ئاوێك بۆ خواردنەوە قورس بێت، بە نێر ء ئاوی سووك ء شیرین بە مێی دەزانن، ئەم جۆرە ئاوەش لە ئەراك هەیە.

## بووکی کارێز

تەوەری نێر و مێ و بوونی ئاوی کارێزەکان، کە لە سەردەمی ئاناهیتا ء تیشتەرەوە ماوەتەوە، دەمانگەیەنێتە زەماوەندی کارێزەکان کە لە زۆربەی شوێنەکانی ئێران وەك (ئەراك، تەفرێش، مەلایەر، تویسرکان، مەحەلات، خومەین، گوڵپایگان، دلیجان، چوارمەهال، ئەسفەهان، دامغان، شاهروود ء یەزد) بەردەوامەء جێگای گومان نییە کە لە رابردوودا ئەم نەریتە لە تەواوی ئێراندا بەربڵاو بووە.

زەماوەندی کارێزەکان بەم شێوە بووە، کە لە کاتێکدا هەستیان بەوە کردووە، ئاوی کارێزێك خەریکە بەرە و کەمبوون دەڕوات، ئەگەر کارێزەکە نێر بووبێت، ئەوا کچێك یان بێوەژنێکیان لە کارێزەکە مارە کردووە، خەڵکی گوندەکە لەگەڵ مەلا بە دەوری کارێزەکە کۆ دەبوونەوە، یان گۆزەیەك لە ئاوی کارێزەکەیان دەبردە ئەو شوێنەی کە بڕیارە زەماوەندەکەی تێدا بکرێت، بووك پاش مارەکردنی ئیتر بۆی نەبوو لەگەڵ هیچ پیاوێکیتر بێت. چونکە ئەو دەبووە ژنی کارێزەکە ء دەبوایە بەپێی ئەو کاتەی دیاریان دەکرد، بە رووتی لە ئاوی کارێزەکە مەلەی بکردایە، بەپێی کات شوێن، مەلەکردنی ژنی کارێزەکە دیاری دەکرا، بۆ نموونە لە هەندێ شوێن ساڵی دووجاریان دیاری دەکرد ء هەندێکیشیان هەموو هەفتەیەك، خەڵکی گوندیش هەموو پێداویستیە مادییەکانی بووکەکەیان دابین دەکرد، بەڵام ئەگەر ئاوەکە زیادی نەکردایە ء بەرە و کەمبوون برۆشتایە، خەڵکی گوند هیچیان نەدەدایە بووکەکە .

بە پێچەوانەشەوە ئەگەر کارێزێکی مێ تووشی حاڵەتێکی وا ببوایە، ئەوا پیاوێکیان لێ مارەدەکرد، ئەویش دەبوایە هەمان رێو رەسمی ژنی کارێز ئەنجام بدات .

پێویستە ئاماژە بەوەیش بکرێت، لە زۆربەی شوێنەکانی ئێراندا، کاتێك کە کارێزێکیان دەبینیەوە، بزن یان گایەکیان بۆ دەکردە قوربانی، هەروەها لە حەفتەمین رۆژی نەورۆز و لە رۆژی هەینیدا، هەموو خەڵك لە سەیرانگەکان کۆ دەبوونەوە ء سەمایان دەکرد، ئەمڕۆش خەڵکی شوێنە جیاجیاکان، کاتێك کە بەهار دێت ء بەفر دەتوێتەوە، بەرە و دەشت ء سەیران دەڕۆن ء لە دەوری یەکدا کۆدەبنەوە و بیرەوەرییەکیانیان نوێ دەکەنەوە.



ئەو ژنەی مێردی بە کارێز کرد

www.netewe.com



# کۆمەڵگە داخراوەکان دەبنە قوربانی ڕۆشنبیرییەکی نەخۆش

تامان شاکر

کۆمەڵگە داخراوەکان هەمیشە سستن لە کاردانەوەیان لەگەڵ شارستانیەتی نوێ بە واتایەکی تر حەز بە گۆرانکاری ناکەن و دەقیان بەو سیستەمەوە گرتووە، ئەگەرچی ئەم سیستەمە بووەتە هۆکاری خەمۆکی و نامۆبوونی مرۆڤەکان لە واری خۆیاندا.

میدیای کوردیش لەبەرئەوەی میدیایەکی بێ پرسیارە و زیاتر کاری ورووژاندن و خستنە رووی کێشەکانە بەبێ بە دواداچوون و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە کەڵەکەبووەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری، هەربۆیەشە نەیتوانیووە متمانەی خوێنەر بە دەست بهێنیت.

بەبێ بوونی سەرچاوەیەکی باوەرپێکراو کاردەکات، هەر بۆیە ناتوانرێ وەك میدیا چاوی لێبکرێت، زۆر جار دەستە وەستان دەمێنێتەوە. ناتوانێ زانیاری پێویست بگەیەنی، بۆیەش کۆمەڵگەی کوردی وەك پێویست کرانەوە بەخۆیەوە نابینێت.

دابونەریت و دەسەڵاتی سیاسیش ناڕاستەوخۆ بەردەوامی بەو سیستەمە داخراوە دەدەن و پشتگیری لێدەکەن.


لە تەواوی دونیادا خەڵکان داوای ماف و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکەن میدیایش پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ ئەو داواکاریانە، ئەو داواکاریانەش لەگەڵ سیستەمی حوکمرانی رۆژهەڵاتی ناوەراست یەکناگرێتەوە، لە ئەنجامی پەیڕەو کردنی ئەم سیستەمە گەورەترین کێشەکانی مرۆڤ لەم وڵاتانە زۆر بە زەقی دیتە بەرچاو و ژنان و منداڵانیش پشکی شێریان بەردەکەوێت.

لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا مرۆڤ گەورەترین سەرمایەیە و بە پلەی یەکەم دێت و دەسەڵاتیش کار دەکات بۆ دابینکردنی ماف و ئازادی و دابینکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی بێکاری. چونکە دەسەڵات خوازیاری میدیایەکی تەندروستە، بۆیە دەتوانین بە کۆمەڵگەی تەندروست و زیندو ناوی بەرین، بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا مرۆڤ کەمترین مافی هەیە و زۆرجار لە پێناو بەدەستهێنانی بژێوی ژیاندا کەرامەتی خۆی لەدەست دەدات و نامۆبوون یان گۆشەگیری دەبێتە چارەنووسی کەسەکان . بۆیەش لەم نێو ئەم کۆمەڵگە داخراوانەدا ململانێی نەوەکان دەست پێدەکات.

نەوەیەك سوورە لە سەرمانەوەی دابونەریتە کۆنەکان زۆرجاریش بە ناوی ئایینەوە پێداگیری دەکات و هەوڵیش دەدات لەرێگای گوتاری خۆیەوە دونیای شارستانی ناشیرین و قێزەوەن بکات.

لایەنێکی تریش کە خۆی بە عەلمانی و لیبرال و نوێخواز دەزانێت، بۆ گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، داوای ماف و ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکات، دەتوانێ بە پاڵپشتی میدیایەکی ئازاد و بێلایەن ئەم ئامانجە بێنێتە دی.

کۆمەڵگە داخراوەکان ناشیرنییەکانی خۆیان نابینن و رەخنە لەخۆیان ناگرن و رەخنەش لەکەس قبوڵ ناکەن، بۆیە دەبێ میدیا ببێتە ئاوێنەی ئەو ژیانەی ئەوان و بە ماف و ئەرکەکانی خۆیان ئاشنایان بکات. وارڤین دەیەوێ ئەم پرسە گرنگانە بورژێنی، لە خاڵی سفرەوە دەست پێبکات و وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بداتەوە کە پابەندە بە تاکەکانی نێو کۆمەڵگەوە. چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان بخاتە روو و لایەنە پەیوەندیدارەکان ناچار بکات بەدەنگ کێشەکانەوە بچن.

# هاوڵاتی دەنگدان


## پاشکۆیەکی تایبەت بە هەڵبژاردنەکانی کوردستانە

# هاوڵاتی

**تایبەت بە هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەریدەکات**



www.netewe.com


GSM MOBILE SYSTEM
TELECOM
KOREK
WE MINIMIZE THE WORLD
www.korektel.com